# خۆشەویستی لە سەردەمی نەوتدا

د. نوال السعداوی

و: جیڤارا کمال



# خۆشەویستی لەسەردەمی نەوتدا

د. نوال السعداوی

جیڤارا کمال

ناوی کتێب: خۆشەویستی لە سەردەمی نەوتدا

ناوی نووسەر: د. نوال السعداوی

وەرگێڕانی: جیڤارا کەمال

دیزاین: ئومێد محەمەد

تیراژ: ٧٥٠

چاپخانە: تەوار

چاپی یەکەم ٢٠١١

سەرچاوەکەی بەعەرەبی:

الحب في زمن النفط

نوال سعداوی

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان

ژمارەی (١٣٥٣)ی ساڵی (٢٠١١)ی پێدراوە

لەبڵاوکراوەکانی یەکێتی ژنانی کوردستان

زنجیرە-٥٤-

هەواڵەکە ڕۆژێکی مانگی سێپتامبەر لە ڕۆژنامەکاندا بلاوبۆوە .

نیوە دێڕێك چاپخانەکان بە کەلوکۆمی دەریانکردبوو :

- ئافرەتێك بۆ پشوو چووە دەرەوەو نەگەڕایەوە.

ونبوونی خەڵکی شتێکی سروشتی بوو . هەموو ڕۆژێك وەك چۆن خۆر هەڵدێت ئاواش ڕۆژنامەکان دەردەچوون ، سوچێکی لاپەڕەیەکی ناوەوەی تەرخانکرابوو بۆ هەواڵە ناوخۆییەکانی تایبەت بە خەڵکی . دەتوانرێت ووشەی ( خەڵك ) بسڕدرێتەوە یا بگۆڕدرێت بۆ ووشەیەکی دیکە ، بێئەوەی هیچ گۆڕانکارییەك لە کەوندا ڕووبدات ، خەڵك ، میللەت ، گەل ، جەماوەر ، ئەمانە چەند ووشەیەکن گوزارشت لە هەمووان دەکەن و هاوکات هیچ شتێکیش نین .

لە لاپەڕەی یەکەمدا و بە قەبارەیەکی ئاسایی وێنەیەکی ڕەنگا و ڕەنگی خاوەن شکۆ و ناونیشانێکی گەورە هەبوو :

- ئاهەنگ گێڕان بە یادی لەدایکبوونی شاهانەی پادشایەتی .

خەڵکی چاوەکانیان هەڵگلۆڤی و هێندیان باوێشك دایەوە تا تەقە تەق کەوتە شەویلگەکانیان ، پاشان هەواڵەکە لە لاپەڕەیەکی ناوەوە بینرا کە هێند بچووك بوو خەریك دەبوو بە چاوی ئاسایی نەدەخوێنرایەوە .

- ئافرەتێك بۆ پشوو چۆتە دەرەوە و نەگەڕایەوە .

ئافرەتان بۆ پشوو نەدەچوونە دەرەوە ، گەر بچنە دەریشەوە ئەوا بۆ تەوالێت یان شتێکی پێویستی لەوجۆرە دەچوونە دەرەوە . پێش چوونە دەرەوەکەش پێویست بوو نوسراوێکی فەرمی مێردەکەیی پێبوایە ، یان بە مۆرکراوی لەلایەن بەرپرسی کارەکەی.

ڕووینەداوە ئافرەتێك چوبێتە دەرەوە و نەگەڕابێتەوە ، پیاو دەیتوانی بچێتە دەرەوە و ماوەی حەوت ساڵ نەگەڕێتەوە ، دوای ئەو ماوەیە ئافرەتی هاوسەری مافی ئەوەی هەبوو داوای جیابونەوە بکات .

پیاوانی پۆلیس هەوڵی خۆیاندا بە مەبەستی گەڕان بەدوایدا ، چەندین نووسین لە ڕۆژنامەکاندا بلاْوکرایەوە داوای دۆزینەوەی دەکرا بە زیندویی یا مردوویی ، هەروەها پاداشتێکی بە نرخیش لەلایەن خاوەن شکۆ پادشاوە .

خاوەن شکۆ چ پەیوەندییەکی هەیە بە ونبوونی ئافرەتێك لە خەڵکی ئاسایی ؟

ئەوە زانرابوو کە هیچ شتێك لە جیهاندا ڕوونادات بێ فرمانی خاوەن شکۆ نوسراو بێت، یان زارەکی . خاوەن شکۆ نەیدەزانی بنوسێت و بخوێنێتەوە ، ئەوەش جۆرێك بوو لە هەیبەت ئیدی نووسین و خوێندنەوە چ سودێکی هەیە ؟ پێغەمبەران نووسین و خوێندەوارییان نەبووە ، ئایا دەکرێت پادشا لەوان باشتربێت ؟

ئەوکات ئامێری چاپکردن هەبوو بە کارەبا کاری دەکرد ، ئامێرێکی دیکەی نوێش هەبوو بە نەوت کاری دەکرد و بە هەموو زمانەکان دەینووسی ، لەودیوی ئامێری چاپەکەوە کورسیەکی چەرم هەبوو دەخولایەوە ، نوێنەری پۆلیسی لەسەر دادەنیشت ، لە سەر سەریەوە و بە دیوارەکەوە وێنەیەکی گەورەی خاوەن شکۆ لە چوارچێوەیەکی ئاڵتونیدا هەڵواسرابوو کە چوارچێوەکە بە چەندین ووشەی پیرۆز نەخشێنرابوون .

- ئایا ڕوویداوە هاوسەرەکەت بۆ پشوو چوبێتە دەرەوە و نەگەڕابێتەوە ؟

مێردەکەی بەبێدەنگی لێوەکانی جووتکرد . لە ناکاو و وەك لەخەو هەستابێت چاوەکانی گەشانەوە ، جلی ماڵەوەی لەبەردابوو و ماسولکەکانی ڕووخساری شل و شۆڕ ، بە سەری پەنجەکانی چاوەکانی هەڵگلۆفت و باوێشکێکیدا . ئەو لەسەر کورسیەکی تەختەی جێگیر لەسەر زەویەکە دانیشتبوو .

- نەخێر .
- ئایا شەڕتان بووە ؟
- نەخێر .
- ئایا ڕۆژێك لە ڕۆژان بێ گوێیی کردویت ؟
- نەخێر .

لێکۆڵینەوەکە لە ژوورێکی داخراودا ئەنجامدەدرا ، گڵۆپێکی سوور بەسەر دەرگاکەوە هەڵواسرابوو ، هیچ شتێك نە دەدرا بە ڕۆژنامەکان ، ڕاپۆرتەکان لە فایلێکی نهێنیدا و لە بەرگێکی ڕەشدا دەپارێزران . لەسەری نوسرابوو

( ئافرەتێك بۆ پشوو دەچێتە دەرەوە ) .

نوێنەرەکەی پۆلیس لەسەر کورسیە جوڵاوەکە دادەنیشت دەسوڕاو پشتی دەکردە دیوارەکە و وێنەکەی خاوەن شکۆ ، کورسیەکەی بەرامبەری لەزەویەکە جێگیرکرابوو ، پیاوێکی تری لەسەر دانیشتبوو ، مێردەکەی نەبوو ، بەڵکو بەرپرسی کارەکەی بوو .

- ئایا یەکێك نەبووە لە ئافرەتە سەربەگۆبەند و یاخیەکانی دژی سیستم ؟

بەرپرسی کارەکەی قاچی خستبووە سەر قاچ ، پایپێکی ڕەشی لاخواری وەك شاخی مانگای بە لێوەوە بوو ، چاوەکانی بۆ بەرزی هەڵبڕیبوو .

- نەخێر . ئەو ئافرەتێکی زۆر گوێ ڕایەڵ بوو .

دەبێت فڕێندرابێت یا دەستدرێژی کرابێتە سەری ؟

نەخێر . ئەو ئافرەتێکی ئاسایی بوو حەزی پیاوانی بۆ ئەوکارە ڕانەدەکێشا .

ئەمە مانای چیە ؟

مەبەستم ئەوەیە کە ئافرەتێکی ملکەچ بوو کەس حەزی بەوجۆرەی بۆ نەبوو .

نوێنەرەکەی پۆلیس سەرێکی بادا وەك ئاماژەیەك بۆ تێگەیشتن ، بە کورسیەکەوە سوڕایەوە ڕوویکردە سەرۆکەکەی . بە پەنجەکانی کێشای بە ئامێری چاپەکەدا . بۆنێکی سەیر بڵاوبۆوە وەك گازی سوتاو وابوو ، دەستی درێژکردوو پانکەکەی هەڵکرد ، پاشان بە کورسیەکەوە سوڕایەوە .

تۆ دەڵێی هەڵاتووە ؟

بۆچی هەڵدێت ؟

کەس نەیدەزانی بۆچی دەبێت ئافرەتێك هەڵبێت ؟ گەر هەڵاتیش بۆ کوێ دەچێت ؟ ئایا دەکرێت بە تەنیا هەڵاتبێت ؟

تۆ دەڵێیت لەگەڵ پیاوێکی تردا هەڵاتووە ؟

- پیاوێکی دیکە ؟!
- بەڵێ ؟
- نەخێر نابێت ، ئەو ئافرەتێکی بەڕەوشت بوو ، جگە لە کار و گەڕان هیچ شتێك سەرقاڵی نەدەکرد .
- گەڕان ؟

- ئەو کاری لێکۆڵینەوە و گەڕانی دەکرد لە بەڕێوەبەرایەتی هەڵکەندراوەکان.
- هەڵکەندراوەکان . مەبەستت چیە ؟
- هەڵکەندراوەکان بریتیە لەو شوێنەوارانەی لە ناخی زەویدا دەدۆزرێنەوە .
- وەك چی ؟
- پەیکەرە کۆنەکانی خواوەندە کۆنەکان نمونەی ئامون و ئەخناتون و خواوەندە مێینەکانی دیکەش نمونەی نفرتیتی و سوخمت .
- سوخمت ؟ ئەمە چیە ..؟
- خواوەندی مردنی کۆن .
- ئەعوز و بیلا !

پاشان لەلایەن یەکێك لە بەڕێوەبەرانی یەکێك لە وێستگە دوورە دەستەکانەوە هەواڵی ئەوە هات کە بینراوە ئافرەتێك دابەزیوەتە ناو یەکێك لە کەشتیەکانەوە . جانتایەکی چەرمی درێژی بە شانەوە بووە لە قوتابیانی زانکۆ یان لێکۆڵەرانی زانکۆیی کردووە ، ئافرەتێکی تەنیای بێ پیاو بوو ، شتێك وەك تەشوێ کە سەرێکی تیژی پێوەبوو لە جانتاکەیەوە دەرچوبوو .

نوێنەرەکەی پۆلیس شڵەژا ، دڵۆپە عەرەقەکان بەنێو چاوانیەوە بینران ، پەنجەی بە دوگمەیەکی ڕەشدا نا خێرایی پانکەکە زیادی کرد ، ملێکی هەبوو بەدەوری خۆیدا دەسوڕا ، هەوای ناو ژوورەکەش شێوە خنکاوێك بوو .

- ئایا ئافرەتێکی ئاسایی بووە ؟!

لەسەر کورسیەکی تەختەی جێگیر یەکێك لە پیاوانی زانایانی دەرونزانی دانیشت ، بەلای چەپدا دەمی کەمێك خوارببوو ، پاپیە مل خوارەکەش بەلایەکی لێویەوە بەلای ڕاستدا ، کەمێك چاوەکانی بڕیبووە ئاسمان بۆ سەروو دیوارەکە ، وێنەکە لەناو چوارچێوە ئالتونینەکەدا بوو ، دوکەڵێکی زۆری کرد بە ڕووخساری خاوەن شکۆدا ، پاشان بەئاگا هاتەوە و سەری سوڕاند بەلای پانکەکەدا و پێڵوەکانی لێکنا .

- پێم وانیە ئافرەتێکی ئاسایی بوبێت .
- مەبەستت سەرقاڵی بوونی بەو لێکۆڵینانەوە ؟
- بەڵێ ، زۆرجار سەرقاڵ بوونی ئافرەت بە کارێك لە دەرەوەیماڵەکەی ئاماژەیە بۆ نەخۆشی دەروونی .
- مەبەستت چیە ؟
- ئافرەتێکی لاو لە کارێکی چڕدا دەکەوێتە کۆکردنەوەی پەیکەری کۆن ؟! ئایا ئەمە بەلگەیەك نیە بۆ نەخۆشی یان لانی کەم بۆ لادان ؟
- لادان ؟
- ئەم تەشوێیەی ناو جانتاکەی هەموو شتێك ئاشکرا دەکات .
- چۆن ؟
- ئەو ئافرەتەی بیەوێت قەرەبووی حەزەکانی بکات کە تێرنەکراوە حەزی بە چەقاندنی ئەو تەشوێیە بەتاڵ دەکاتەوە لە زەویدا وەك ئەوەی کۆئەندامی نێرینە بێت .

نوێنەرەکەی پۆلیس لەسەر کورسیەکەی ڕاپەڕی ، چەند جارێك بەدەوری خۆیدا سوڕایەوە وەك پانکە خولایەوە ، پەنجەکانی بە ئامێری چاپەکەوە ڕەق بوون

کاتێك ووشەی ( کۆئەندامی پیاو ) ی داگرت ، لە نووسین وەستاو بە جوڵەیەکی خێرا سوڕایەوە .

- گرفتەکە ترسناکە .

- بێگومان ، چەندین کتێبیشم هەیە سەبارەت بەم نەخۆشیە . چونکە ئافرەت هەر لە منداڵیەوە بەشوێن ئەو ( کۆئەندام ) ەدا دەگەڕێت بەلاَم بێ هودە ، لەگەڵ بێ هیوابیشدا ئەو حەزە دەگۆڕێت بۆ حەزێکی دیکە .

- حەزێکی دیکە ؟ وەك چی ؟

- وەك لەخۆ ڕوانین لە ئاوێنەدا ، وەك جۆرێك لە خۆشەویستی چێژ و ئارەزوو .

- ئەعوز و بیلا .

- ئافرەت پەنا دەباتە بەر بێدەنگی و دابڕان و هەندێك جاریش دزی کردن .

- دزیکردن ؟

- دزینی شمەکە ئەنتیکەکەکان و پەیکەرە کۆنەکان ، بەتایبەتیش پەیکەری خواوەندە مێینەکان ، لەبەرئەوەی بەلای مێینەکانی هاوڕەگەزی خۆیدا دەکشێت دوور لە ڕەگەزی پێچەوانە ..

- ئەعوز و بیلا !

- هەندێکجاریش بیرۆکە و حەزی خۆ شاردنەوەی دێت بە خەیاڵدا .

- خۆ شاردنەوە ؟!

- بە واتایەکی دیکە حەزێکی زۆر بۆ خۆ کوشتن و مردن .

- خوا پەنامان بدات !

- ڕاستیەکەی ئەوەیە ئەو ئافرەتانەی زەوی هەڵدەکۆڵن بەشوێن شمەکە شاراوەکاندا دەگەڕێن هەست بە چێژێکی زۆر دەکەن کاتێك زەوی هەڵدەکەنن ، زیاتریش سەری تەشوێکە ڕایاندەکێشێت تا سەری نفرتیتی ، هەرچەندێکیش هەوڵەکانیان چڕ بکەنەوە ئەوا ناتوانن چاو لەسەر سەری تەشوێکە هەلگرن وەك ئەوەی کۆئەندامی خوازراو بێت ..
- بەسە ! بەس !

نوێنەرەکەی پۆلیس زۆر پەشۆکا .. بە تەواوی لە هەناسەدان وەستا ، دواتر هەناسە بڕکێی پێ کەوت ، کورسیەکەش بێ وەستان دەسوڕێتەوە ، کورسیەکەی جێگیرکرد ، شووشە ( کوریکتەرە ) کەی گرت بە دەستەوە و دەستیکرد بە سڕینەوەی ووشەی ( کۆئەندام ) لە هەموو لاپەڕەکاندا ، بەڵام سەرباری گلۆپە سوورەکەش هەواڵەکە گەیشتە ڕۆژنامەکان ، ڕۆژنامەکان بێ شەرم لەسەر باسەکەیان نووسی ، وایلێهات خەریکبوو هەواڵی ئافرەتە نادیارەکە باڵی دەکێشا بەسەر مەراسیمی ئامادەکاری جەژنی خاوەن شکۆ .

ڕۆژی دواتر فرمانی شاهانە دەرچوو : حەرامکردنی پشووەکان لە ئافرەتان ، هەرکاتێکیش ئافرەت بۆ پشوو چووە دەرەوە ئەوا داڵدەدانی و شاردنەوەی قەدەغەیە .

ئەو بەیانیەی مانگی سێپتامبەر ئافرەتێك لە بەهاری تەمەنیدا چۆتە کەشتیەکەوە، قژە چڕە ڕەشەکەی بە دوو تەوقەی درێژ بەستبوو ، سێ خولی پێ دەدا و لەپێشی نێوچاوانیدا بە تۆپەڵێکی گەورە دەیبەست ، جەستەیەکی باریکی هەبوو لەنێو جلێکی گەورەی تا خوار ئەژنۆکانی ، لە ژێریشەوە

پانتۆڵێکی گەورەی لەبەردابوو کۆتاییەکەی بە دوو قەیتان لەسەروو قاچەکانی پێچابوو ، لەسەر شانیەوە جانتایەك بە قایشێکی چەرم شۆڕببۆوە ، دەستی گرتبوو بە قایشەکەوە ، بە هەنگاوی خێرا دەڕۆیشت ، چاوەکانی بۆ ئاسۆ ، وەك موشەکێکی ئاراستەکراو بەرەو خۆر ، بەڕێوەبەری وێستگەکە بینی ، بینی لە نزیك دەرگاکە دەستی درێژ دەکات تا بلیتی گەشتەکەی بداتە پاسەوانەکە ، چەند ساتێك لێی وورد بۆوە ، پاشان تێی پەڕاند ، جوڵەی هیچ گومانێکی تێدا نەبوو تەنها ئەو نەشازییەی نەبێت کە لەنێو ئافرەتاندا نەبوو ، ئەویش بەرەو خۆر هەنگاو دەنێت بە دوو چاوی بێ پەردەوە و شتێکی وەك سەری تەشوێ لە جانتاکەیەوە سەری دەرکردووە .

لەبەردەم وێستگەکەدا کەشتیەکان وەك هەمیشە لە چاوەڕوانی گەشتیاراندا وەستابوون ، ئافرەتەکە بەرەو یەکێکیان هەنگاوی نا ، بە هەنگاوێکی بێ گومان و پڕ متمانەوە سوار بوو و چووە کورسیەکی پشتەوە .

ئافرەتەکە تا کۆتایی لە کەشتیەکەدا مایەوە ، کاتێك هەموو گەشتیارەکان هاتنە خوارەوە ئەویش لەگەڵ ئەوان دابەزی ، بەپێ کەوتە ڕۆیشتن و دیمەنی سروشت تێکەڵەیەکی سەیری ڕەنگەکان بوو ، پرژاو و تێکەڵاو ، سەوزی گیا ، زەردی بیابان ، سوورایی بەردەکان ، شینایی ئاسمان و سپێتی هەورەکان .

بە هەنگاوە فراوانەکانی بەردەوام بوو لە ڕۆشیتن ، دەستێکی توند گرتووە بە قایشی جانتاکەی شانی ، وەك ئەوەی بە وویستی خۆی یان بە پێچەوانەوە بەرە و ئامانجێکی دیاریکراو بڕوات .

چیتر هیچ پانتاییەك لە زەوی و زارە کێڵراوەکان نەمابۆوە . چەندین کێڵگەی بەڕەڵا و درەختی دڕکاوی ، دواتر خاکەکەی گۆڕانی بەسەرداهات و بووە شێوە

بیابانێك خۆڵەكەی ڕەنگێكی ڕەشی نەرم و سوراییەكی تاریكی پێوە دیاربوو ، وەك ئەوەی نوقمی خوێن بوبێت ولەبەر تیشكی خۆردا ووشك بوبێتەوە .

كاتێك دەڕۆیشت بە قاچەكانیەوە دەنووسا ، ناو بەناو تۆپەڵی درەختەكانی دارخورما یان خورما سێبەری دەخستە سەرزەوی ، بە ڕێكەوت وەك پەڵەیەكی ڕەش لە ناوەڕاستی بیاباندا دەركەوت .

لەژێر سێبەری دیوارێكدا ئافرەتەكە وەستا لەوانەیە لەوەتەی لە كەشتیەكە دابەزیوە یەكەمینجاری بێت بوەستێت ، بە چمكێكی كراسەكەی عەرەقەكەی سڕی ، سەرنجی دەور و بەری خۆیی دەدا ، قایشە چەرمەكەی لە شانی كردەوە و جانتاكەی كردەوە ، تەشوێكە بە دەستی چەپیەوە و جانتاكەش بە دەستەكەی تری دەستی بە ڕۆیشتن كردەوە ، چەند جارێك پێی بە زەویدا نا تا خۆڵەكە بتەكێنێك ، پاشان لە دوورەوە پانتاییەكی گەورەی ئاوی ڕەشی بەدیكرد وەك دەریاچەیەكی نوستوو ڕاكشاوە .

پاشان ئاسۆ لەودیوی چیا نزمەكەوە فراوان بوو ، لە ژێریشیدا گوندەكە درێژ بۆتەوە و چەندین جۆگەلەی زێرابی گەورە وەك بۆری ئاو بڕیوێتی ، تیایدا نوقم بووە وەك ئاوێكی ڕەش ، هەروەها چەند بیرێك دەمی گەورە گەورەیان هەیە و شلەیەكی وەك جیووە فڕێدەدا بۆنی گازی لێدێت ، بۆنی مرۆڤیشی تێكەڵ بووە ، هەروەها جۆرێكی وەك ماسی سەردینی سوێركراو یان بۆگەن ، چەندین سەگی تۆپیویش لە ڕێگە كە شەوانە ئوتومبێلە خێراكان لێیان دابوون .

ڕێگەكە بە ئافرەتەكەوە لێژ بۆوە ، بە هەنگاوە خێراكانی بەرەو ئامانجەكەی دەڕۆیشت ، جانتاكەی بە قایشێكەوە بە شانیدا هەڵواسرابوو ، مندالانی

گوندەکە لەبەردەم مزگەوتەکەدا لە گۆماوێکدا یارییان دەکرد ، پیاوانی بەساڵاچوو چوارمشقی لەسەر زەویە ڕووتەکە دانیشتبوون ، سەرنجی پەنجەکانی قاچەکانیان دەدا ، ناوبەناویش سەرنجی ئاسمان دەدەن و لە هیچ وورد دەبنەوە ، ئاپۆڕایەك لە ئافرەتانی شاراوە لەژێر عەبا ڕەشەکاندا بە هەنگاوی هێواشەوە بەرمیلیان سەر سەریان ناوە و ڕێ دەکەن .

ئافرەتەکان لە جووڵە وەستان و سەرنجی ئافرەتەکەیان دەدا ، لە کونە بچوکەکانەوە چاوەکانیان بریسکەی دەدا ، بەڵام ئافرەتەکە بە ڕێگەی خۆیدا دەڕۆیشت و تەشوێکەی بەدەستیەوە بوو جگە لە گەڕان هیچ شتێکی تری بەلاوە گرنگ نیە ، کەمێك وەستا و بە چمکی کراسەکەی عەرەقەکەی سڕی و سەرنجی دەور و بەری خۆیی دەدا ، بۆریەکان بۆ بێ کۆتایی دەنوشتانەوە ، ڕێگەکەش بەرەو گۆماوەکە شۆڕ دەبێتەوە ، نەخشەیەکی بچووکی لە جانتکەی دەرکردوو ماوەیەك لێی وورد بۆوە و پاشان سەری هەڵبڕی بۆ ئاسمان ، دوو چاوی نیمچە تەماوی ، لەو کاتەدا منداڵێکی گوندەکە بەلایدا تێدەپەڕێت ، عەبایەکی ڕەشی پۆشیوە و تەنها چاوە تەماویەکانی لێوە دیارن ، سەبارەت بە ڕێگا پرسیاری لێکرد بەڵام منداڵەکە ڕاپەڕی و هەڵهات و دوورکەوتەوە .

سەریسوڕما ، کەمێکیش پەشۆکا ، ئاسۆ فراوان دەبوو و هەندێك مەلیش بە ئاسمانەوەن ، جووڵەی باڵەکانیان و لەدوایانەوە شینایی ئاسمان کەمێك متمانەیی بۆ گێڕایەوە ، لەوە دەچێت ڕێگەکەی بەردەمی بێ گرفت بێت ، بەڵام زەوی لەژێر پێکانیدا تەڕایی تێ دێت و نەرم دەبێت ، گوندەکەش وەك ئەوا وابوو ڕۆبچێتە گۆماوەکەوە .

لەو شوێنەی لێی وەستابوو بەدەوری خۆیدا ڕوانی ، ئەمە چ گوندێکە ؟ پێکانی جوولاند تا لە ڕۆیشتن بەردەوام بێت ، بەڵام لەناکاو کەردەلولێك هەڵیکرد خەریکبوو لە زەوی هەڵیدەگرت گەر پێکانی جێگیر نەکردایەو دەستی نەگرتایە بەو دیوارەوەی لەژێر کێشی جەستەیدا دەلەریەوە .

لە دەنگە دەنگێك بەئاگا هاتەوە . بینی منداڵەکە لە دوورەوە وەستاوە و لەگەڵ منداڵێکی دیکەدا قسە دەکات ، سەریان لەیەکتر نزیك کردەوە و بە جووتە لێی وورد دەبونەوە ، ویستی بانگیان بکات و ناوی گوندەکەیان لێ بپرسێت ، بە هەموو توانای هاواریکرد ، بینی پشتیان تێکردوو بە چەمانەوەی پشتیاندا زانی کە دوو ئافرەتی بەساڵاچوون .

سەرنجی کاتژمێرەکەی دەستیدا . حەوت و دە خولەك بوو ، بە تەشوێکە لە زەویدا، پرسیارێك هات بە مێشکیدا ، ئایا دەکرێت خواوەندەکان لەژێر زەویدا بژین ؟ ئایا ئەوە تەنها فێڵێك نیە تا بهێنرێتە ئەم شوێنە ؟

وەك چۆن دەنوێت چاوەکانی لێکنا ، ژوورە چوارگۆشە بەتاڵەکەی لە مۆبێلە بینی ، جێگەیەکیش بۆ دوو کەس سەرچەفێکی زەردی تاریکی لەسەرە ، پەڵە خوێنێکی کۆنی پێوەیە ، چەند کتێبێکی سەبارەت بە هەڵکەندراوەکان لەسەر کەڵەکە کراوە ، هەروەها پەیکەرێکی بچکۆلانەی خواوەندێك بە مەمکێکەوە ، وێنەیەکی خواوەند ئەخناتون بە دوو مەمکی بەرزەوە .

لەودیوی دوکەڵی پایپەکەیەوە سەرۆکی کارەکەی لێی وورد دەبێتەوە ، بڕوای ئەوە هەبوو کە دەکرێت خواوەندی نێرینە مەمکێك یان دووانی هەبێت ، بڕوای بە بوونی خواوەندەکان نەبوو ، گەر یەکێکیشی بدۆزییایەتەوە ئەوا هاوسەری یەکێك لە خواوەندەکانە و خواوەندێکی ڕاستەقینە نیە .

هاورێ کور و کچەکانی لە بەشەکەی بڕوایان بە هەر شتێك بوو کە سەرۆکی کارەکەیان بڕوای پێی بوایە ، بەهۆی بێزارییەوە هاتونەتە بەشی هەڵکۆڵراوەکان کاتێك ووشەکەیان دەدرکاند لێویان دەکرۆشت ( هەڵکۆڵراوەکان ) ، مۆمیاکان زیاتر سەرنجی ڕادەکێشان تا زیندووەکان ، چاوەکانیان دەچووە خوارەوە وەك ئەوەی بچێتە ناخی زەویەوە ، خەریکە ڕێ ڕۆیشتنەکانیشیان وەك یەکی لێ دێت ، گەردنیان چەماوە و پێڵوی چاوەکانیان داخراو ، ئێسکی لووت چەماوە و کەللەکان ئەستوور لە ئەنجامی زۆر دانیشتن لەسەر کورسی و مێز .

سەری بەزکردەوە بۆ ئاسمان ئەستێرەکانی بینی لەشوێنە کۆنەکانی خۆیان جێگیرن وەك لە منداڵیەوە دەیانبینێت ، پوری ئاماژەی بۆ ئەستێرەیەکی زۆر دوور دەکرد بە ئاستەم دەیبینی . ئەوە مەریخە ، ئەوەش عەتاردە ، موشتەری ، زوحەل ، بەڵام ئەمە خاتوونی هەمووانە زوهرە .

چاوەکانی بەو ئەستێرەیەوە گیرسا ، لەناکاو دەستی بە جووڵە کرد ، زوهرە لەشوێنی خۆی دەرچوو و لە ئاسمان پەڕیەوە ، لە دوایەوە کلکێکی بەرزی درێژ ، پاشان ئەستێرەکان لە یەکتر دوور کەوتنەوە ، لێرەو لەوێ ڕاکە ڕاکیانە و شێوەی ئاژەڵیان هەیە ، ئەستێرەیەك هەبوو لە گا دەچوو ، یەکێکی تر شێوەی شێری هەبوو ، نەهەنگ و دووپشك ..

زەویش لەژێر پێیدا دەستی بە جووڵە کرد ، بەملاولای خۆیدا ڕوانی ، لە دوورەوە پیاوێکی پشت چەماوە دەرکەوت دەڕۆیشت و سەری بە شتێکی سپی پێچرابوو .

- مامە ئەوە زەمین لەرزەیە ؟

- نەخێر ، ئەوە گایە شاخەکانی دەجولێنێت ، زەویش لە شاخێکیەوە بۆ ئەویتر دەگوێزرێتەوە .

دەنگی پیاوەکە هێند ڕوون بوو وەك ئەوەی ڕاستەوخۆ بە گوێیدا بچرپێنێت ، لەگەڵ ئەوەشدا وەك ئەوە وابوو کە لە ناخی بیرێکەوە بێتە دەرەوە ، بە جووڵەیەکی ڕۆیشتنی هێواش دوور دەکەوتەوە ، تەنها پشتە چەماوەکەی دەبینی ، هێدی هێدی لەنێو تەمێکدا وون دەبێت .

بە هەموو توانای هاواریکرد و بانگی کرد ، بەڵام هاوارەکەی بڵاو دەبۆوە ، پاشان پێکەنینێکی خەفەکراو دەنگی دایەوە ، منداڵە بەساڵاچووەکەیە لەنێو عەباکەیدا وەستاوە ، چاوە بچکۆلانەکانی لە کونی عەباکەوە بریسکەیان دێت .

- خوشکەکەم گاکە نیە .

- ئەی چیە ؟

منداڵەکە لایکردەوە و لەنێو هەورێك لە دوکەڵدا وون بوو ، لە شوێنی خۆیدا قاچەکانی جێگیرکردوو توند قایشی جانتاکەی گرت ، تەنها خۆڕاگری بۆ ماوەتەوە سەبارەت بەم جووڵە شێتانەیە .

چاوەکانی بۆ ئاسۆ هەڵبڕی ، پانتاییە ڕەشەکان وەك بیابانە بێ کۆتاییەکان فراوان دەبوون لە بەردەمیدا ، خۆڵەکەی جوڵاوە و ڕەنگی ڕەشە و هەواش ووشکە . زمانی قڵیشاوە و چاوەکانی لە تاریکیدا بەشوێن دڵۆپێك ئاودا وێڵە ، بینی شتێك دەجولێتەوە، تووڵە مارێك لە حەربای دەکرد ، چاوەکانی بریسکەیان دێت ، پێستێکی ڕەشی هەیە و سنگە خشێیەتی ، جووڵەیەکی چالاکانەی هەیە ، بازەکانی سوکەڵە و خێران ، وەك ئەوەی دڵخۆش بێت بە گۆڕینی ڕەنگەکەی .

دەستی لە قایشی جانتاکە شل کردەوە ، لەوانەیە پێویست بەو توندو تۆڵی جێگیریە نەکات ، خۆی بۆ هەواکە شل کرد ، جوڵەیەك بوو پێشتر جەستەی هەستی پێ نەکردبوو قورس بوو ، پاشان کەمێك سووکتر بوو ، چاوەکانی لێکنا وەك خۆ بەدەستەوە دانێك ، بەشەرمێکەوە ئەم هەستە نوێیەی بۆ هاتووە ، گەش گەرم بوو ، لەگەڵ هەر هەنگاوێکدا تەپوتۆز بە پێڵاوەکانیەوە دەنووسا ، کەمێك دەوەستا ، پاژنەیەکی پێڵاوەکەی دەدا بەویتردا ، گیرەکانی قژی دەکردەوە بە یەکیدا دەکێشا تەپوتۆز لەملاوی لای بەرز دەبۆوە و بە نێو چاوان و لووتیەوە دەلکا وەك ئەوەی بۆنی عەرەق ڕایانکێشێت .

چوارمشقی دانیشت بێئەوەی بەر زەوی بکەوێت ، نەیویست جلەکانی پیس بێت ، جانتاکەی کردەوە و تەشوێکەی دەرهێنا ، چەند جارێك لە زەویدا ، بەلام بۆنەکە خۆی بۆ ڕانەدەگیرا ، دەستەسرەکەی خستەسەر لووتی ، گەردنی بۆ خوارەوە شۆڕ بۆتەوە . لە قولاییدا زەویەکە فراوان دەبوو ، تاریکاییش چڕ تر دەبوو ، ئەویش بەرەو قولایی دەچێت ، ئەوەی بیبینێت واهەست دەکات نەڕۆیشتووە ، دەستی بەر دیوارێکی لە قوڕ دروستکراو کەوت ، لە دیواری خانوەکانی گوندەکەی دەکرد . گوێی لە چەند دەنگێك بوو لەناوەوە دەهات ، وەستابوو و دەستی بە دیوارەکەوە گرتبوو ، دەستەکەی تری تەشوێکەی پێبوو ، هەناسەکانیشی پچڕپچڕە .

دەرگایەك لە دیوارەکەدا کرایەوە ، دەنگێکی وەك زڕەی جامی لێوەهات ، نێرومێ ( ئەنجامە ) ی ژەنگاوی یان تەقە تەقی تەختەیەکی کۆن ، ئافرەتێکی لاو بە عەبایەکی ڕەشەوە دەرکەوت بەرمیلێکی گەورەی لەسەر سەر نابوو ، سکی پڕ بوو دەستەکانی قلێشاو ، قاچەکانی گەورە لەنێو شتێکی چەرمیدا ، پاژنەکانی دیاربوو ڕەنگیان ڕەش بوو ، سەری بە دەستەسرێکی ڕەش پێچابوو و لەسەر نێوچاوانی

گرێی دابوو ، بەرمیلەکەی بەشێوەیەکی لاخوار سەر سەری نابوو ، تا لێوارەکەی پڕ کرابوو خەریکە دەکەوێت ، بەڵام بێئەوەی بکەوێت ، سەری دەجولێت و یاری دەکات بێئەوەی تەنها دڵۆپێکی لێ بکەوێتە خوارەوە .

ئافرەتەکە سەرنجی تەشوێکەی دەستی دەدا . هەرگیز نەیبینیبوو ئافرەتێك ئامێرێکی تیژی پێ بێت ، هەنگاوێك گەڕایە دواوە .

- ئەوە تەشوێیە .
- چی خوشکەکەم ؟
- زەوی پێ هەڵدەکۆڵم و بەشوێن خواوەندەکاندا دەگەڕێم .
- چی ؟
- بۆ نمونە خواوەند سوخمت .
- سوخمات ؟!

ئافرەتەکە پەشۆکا ، جەستەی کەوتە جووڵە ، بەڵام بەرمیلەکە لەشوێنی خۆی جێگیر بوو لەسەر سەری .

- تکایە کەمێك ئاو .
- چی ؟
- ئاو . . . ئاو . . .

هاواریکرد و دەیوتەوە : ئاو . . . ئاو . . . ئافرەتەکەش وەستاوە و لە کونەکانەوە سەرنجی دەدات ، وەك ئەوەی ڕانە مەڕێك ببینێت باعە باعیانە ، لەوساتەدا گەردەلولێکی دیکە خەریکبوو لە زەوی هەڵیدەگرت ، ئافرەتەکەش وەستاوە سەری بادەدا و بەرمیلەکەش بە جێگیری لەسەر سەرێتی .

- تۆ کێی ؟

گومانی لە چاوەکانی ئافرەتەکەدا بینی ، پێناسی باری کەسێتیەکەی لە جانتاکەی دەرهێنا ، ناوەکەی ، ڕەگەز ، ڕەنگی چاوەکان ، پیشە ، لێکۆڵەر لە بەشی هەڵکەندن ، ناو ناوبانگی باشە ، شویکردووە ، منداڵی نیە ، ڕاپۆرتە نهێنیەکانی گرفتی نیە ، قیستەکانی باج و دەرامەتی داوەتەوە ، قەرزی لەسەر نیە ، پێشینەی نیە ، تا ئێستا هیچ حوکمێکی لەدژ نەدراوە .

ئافرەتەکە لە پێناسەکە وورد بۆوە وەك ئەوەی خوێندەواری نەبێت ، لە وێنەکەی وورد بۆوە کە بە دەرزی لکێنرابوو .

بۆچی ڕووخسارت داناپۆشیت تۆ حەیات نیە ؟

پێناسەکەی بۆ گێڕایەوە و پشتی تێ کرد ، بە چەند هەنگاوێکی هێواش لێی دوورکەوتەوە و ڕۆیشت ، لێوەکانی دەکرۆشت و بە نەعلە چەرمەکەی تەقە تەقی دەکرد، پاژنەکانی ڕەش و تەپوتۆزی دەکرد ، بەسەر پشتیەوە بەرزاییەکی وەك ووشتر هەیە ، ئافرەتانی بەرمیل بەسەر لە دەوری کۆبونەوە ، هەریەکەیان سەری لەویتر نزیك دەکردەوە . چپەچپ دەستی پێ دەکرد ، یەکێکیان هەستا ، لە دوورەوە لە منداڵی دەکرد. پاش کەمێك گەڕایەوە و چەند پیاوێکی بەدەورەوە بوو ، دشداشەی فراوانیان لەبەردابوو و قوماشی سپیان لەسەر سەریان پێچابۆوە .

دەنگی ئافرەتەکان بە خەفەکراوی مایەوە وەك چپە ، دەنگی پیاوەکان بەرزبۆوە ، هەموو بەیەکەوە قسەیان دەکرد ، هەریەکەشیان بەجیا دەستی ڕادەوەشاند ، بەپێی لە زەوی دەدا ، تۆزێکی زۆر هەڵدەسا ، لەناکاو هەموو دەنگەکان وەستان ، بێدەنگی باڵی کێشا ، تەنها وەڕینی سەگێك دەبیسترا لە دوورەوە ، لایکردەوە تا بەڕێگەی خۆیدا بڕوات، هەنگاوەکانی خێرا کرد و دەستی لە قایشی جانتاکەی

توندکرد ، بەڵام دەنگەکە بەدوایەوە بوو ، پیاوێك کە ملپێچێکی ڕەشی لە ملدا بوو ڕایگرت ، چەندین خاڵی ڕەش بە ڕوخساریەوە بوو .

- تۆ ئافرەت !

وەك تیغێکی شوشەیی ووشەی ( ئافرەت ) گوێکانی بڕی ، ماسولکەکانی دەموچاوی ڕەق بوو ، چۆن پیاوێك دەتوانێت ڕایگرێت و قسەی پێ بڵێت ، پشتی تێ کردوو بەڕێگەی خۆیدا ڕۆیشت ، پێی بە زەویدا دەداو دوایکەوت ، دەنگی بەردەوام بوو لە دووبارە کردنەوەی ئەو ووشە ناشرینە .

قۆڵی کە لە گۆچانێکی تەختەی دەکرد درێژی کردوو قۆڵی گرت . دەمی لە گوێی نزیك کردەوە و هاواری دەکرد : ئەی ئافرەت ! بۆنێکی ناخۆش لە دەمی هاتە دەرەوە ، تێکەڵەیەك لە تفی ڕەش لەملاولای لێوەکانیەوە دەچۆڕا .

- تۆ کێی ؟

- من لێکۆڵەرێکی بەڕێزم و . . . . .

لەکوێوە هاتویت ؟!

لایکردەوە و بە سەری ئاماژەی بۆ ئەو ڕێگەیە کرد لێوەی هاتبوو ، وەك ژێر زەمینێکی درێژی تاریك وابوو ، ئاوی ڕەش وەك تۆفان پیسی کردبوو ، چاوەکانی لێکنا و پاشان کردیەوە .

- بۆ پشوو هاتومەتە دەرەوە و . . .

- پێشتر ئەمەمان گوێ لێ نەبووە .

- دەتوانم بگەڕێمەوە .

- لەم کاتەدا ڕێگە نیە .

- دەتوانم ژوورێك بەکرێ بگرم تا بەیانی ؟

- تۆ تەنیایت ؟

پیاوەکە چەند جارێك سەری بادا : نابێت ، لێی دوورکەوتەوە و هەر بە زەویدا دەدا . جانتاکەی کردەوە و نەخشەکەی دەرکرد . دەبێت هەڵەی کردبێت لە دیاریکردنی شوێنەکەدا ؟جەستەی لەسەر زەویەکە چەمایەوە ، هەرکەس لە دوورەوە بیبینیایە وایدەزانی خەریکە دەنوێت ، بەڵام ماوەیەکی زۆری پێچوو لە دەستنیشانکردنی شوێنەکەدا ، خاڵێکی دۆزیەوە بە قەڵەم نیشانەی کرد ، تەشوێکەی گرت بە دەستیەوە و دەستی بە هەڵکەندن کرد .

سەری شۆڕکردەوە لەکاتی هەڵکەندندا وەك ئەوەی نەخۆش بێت ، لەوانەیە ئەم شوێنە ڕاست بێت و یەکێك لە خواوەندەکان شاردرابێتەوە ، بەڵام تاریکایی چڕە و گەردیلەکان لەپێش چاوی سەما دەکەن ، قوڕەکەی لادا و شتێکی بینی لە شاخی مانگای دەکر ، پێش ئەوەی دەستی درێژ بکات بۆی گوێی لە دەنگەکان بوو لەپشتیەوە ، ئاپۆڕایەك لە پیاوان لە پشتیەوە بە دشداشەکانیانەوە ، سەریان بە قوماشێکی سپی پێچاوە ، لەپشتیانەوە ڕیزبەندییەك لە ئافرەتان بە عەبا ڕەشەکانیانەوە وەستاون ، یەکێکیان لەژێر عەباکەیەوە مەمکێکی ڕووتی دەرهێنا ، دەستیکرد بە ڕاکێشانی گۆیەکەی تا لەنێوانی پەنجەکانیەوە و لە کونێکەوە گۆیەکی بەرزی ڕەش هاتەدەر ، پاشان لەژێر عەباکەوە منداڵێکی بچکۆلانەی دەرهێنا ، بە لەپی دەستە بچکۆلانەکانی گۆیەکەی گرت و بە دەنگێکی بیستراو دەستی کرد بە شیر پێدانی .

دەنگی پیاوەکانیش وەك دەنگی ئافرەتەکان هێور بۆوە ، چوار مشقی و بە بازنەیی دانیشتن ، لە ناوەڕاستدا سەرۆکەکەیان لەسەر بەردێکی گەورە دانیشت ، پەنجە

توتەی مستیلەیەکی بریسکەداری تێدا بوو لەسەروشیەوە وێنەیەکی خاوەن شکۆ بە گلۆپی ڕەنگا و ڕەنگ و موکەبەرەیەك ڕازابۆوە .

- بەبۆنەی جەژنی خاوەن شکۆوە بڕیارماندا بە . .

دەنگەکە دەنگی خاوەن شکۆیە ، لە وێنەکەدا لێوەکانی دەجولێت ، بە دەستیان چاوەکانیان هەلگلۆفی ، قلێنچکەی چاوەکانیان سوور هەلگەڕابوو ، سەرنجی یەکتریان دەدا، هەموو بە یەك دەنگ دەیانوتەوە ( توانای هەموو شتێکی هەیە ) ، پاشان بێدەنگی باڵی دەکێشایەوە ، هەریەکەیان پەنجەی دەبات بۆ قلێنچکەی چاوی ، لەو گەردیلە ڕەشانە وورد دەبێتەوە کە سەر چاوی کەوتوون و بە چمکێکی دشداشەکەی دەیسڕێت و دووبارە چاوەکانی هەڵدەگلۆفێتەوە .

دەنگی خاوەن شکۆ لە موکەبەرەکەوە دەبیسترا ، پیتی ووشەکانی پچڕپچڕ بوون ، زمانی ناتەواو بوو ، کەس تێ نەدەگەیشت دەڵێت چی ، سەرۆکەکەیان سەرێکی بادا وەك ئاماژەیەك بۆ ڕەزامەندی ، هەموو سەریان بادا ، سەری لە جووڵە وەستا ، سەری ئەوانیش وەستا ، لەسەر بەردەکە هەستا و لە تاریکایی شەودا وون بوو و ئەوانیش بەدوایدا وون بوون ، لە دواشیانەوە ئافرەتەکان .

تەنها وێنەکەی خاوەن شکۆ مایەوە ، بەبێ ڕاگر بە ئاسماندا هەڵواسرابوو و بوقێکی بەسەرەوە بوو ، پیاوێکیش گەسکی دەدا ، بە چەند هەنگاوێکی هێمنانە لێی نزیك بۆوە، هەمان ئەو پیاوە ڕووخسار خالاویە عەمامە ڕەشەکە بوو ، بە دەنگێکی بەرز ووتی :

- پێویستە ئەم شوێنە چۆڵ بکرێت .
- ئەی لەکوێ بمێنمەوە ؟
- لەگەڵ من وەرە .

بەرەو ڕێگەیەکی لێژگانیدا بردی . هەنگاوێك یان دووان لە پێشیەوەیەتی ، هەرکاتێك ویستبێتی بچێتە تەنیشتی بە لاچاوێك سەرنجی دەدا و هێواش دەبۆوە تا بکەوێتەوە دواوە ، دەڕۆیشت و نیوەی جەستەی بۆ پێشەوە بوو بە دەستێکی پشتی دەخوراند .

بە دوایەوە بوو و قایشی جانتاکەی بە شانەوە بوو ، بە پەنجەکانی گرتبووی وەك ئەوەی لە کەوتنە خوارەوە بیپارێزێت ، دەستەکەی تریشی تەشوێکەی پێ بوو ، جەستەی لە تاریکاییەکەدا تەوژمی دەدا وەك ئەوە وابوو لە خودی خۆیەوە تەوژم بدات.

ڕێگەکە لێژ بۆوە و زەویەکە زیاتر شێدار بوو ، بۆنە تیژەکە زیادی دەکرد ، قاچەکانی تا ئەژنۆی ڕۆچوو . پیاوەکە دشداشەکەی هەلکردوو لە ناوقەدیدا بەستی ، دواتر بازیدایە ناو کەشتیەکەوە ، بە دوایدا ئەویش بازیداو کەشتیەکە لەریەوە خەریك بوو بکەوێت گەر بە جوولەیەکی دەستەکەی تری خۆی هاوسەنگ نەکردایەتەوە .

دیمەنەکەی بەلاوە ئاسایی بوو ، گەر ئەو بۆنە تیژە نەبوایە ، هەروەها گەردیلە ڕەشەکان لە هەوادا کە دەچوونە لووت و گوێچکەکانی و بە قلێچکەی چاوەکانیشیەوە دەلکا ، تاریکایی لەپێش چاویدا وەك چیا کەڵەکە بوبوو ، بێدەنگیش ، تەنها دەنگی سەوڵەکە دەهات کە لە دەریایەکی ڕەشی بێ کۆتایی لێ دەدرا .

پیاوەکە چاوەکانی هەڵدەگلۆفی و گۆرانی دەووت .

- ئەی بەخشەری ژیان .
- ئەی وەرگرەوەی ڕووح .

- لە تۆفان بمانپارێزە .
- ئەی هێورکەرەوەی نەهامەتیەکان .

کاتێك گۆرانی دەوت چاوەکانی بڕیبووە ئاسۆ ، قلێنچکەی چاوی دەخوراند و پاشان پەنجەی لە چاوی نزیك دەکردەوە ، لێی وورد دەبۆوە پێش ئەوەی بە چمکێکی دشداشەکەی بیسرێت ، دواتر دەستی دەکرد بە خوراندنی پشتی و ورگی و ئەوەی نێوانی ڕانەکانی ، لەو شەوەدا دەنگی گۆرانیەکەی خەمناك دەهاتە گوێ ، تاو نا تاوێك نەبێت کاتێك ڕادەپەڕی وەك ئەوەی هەست بە چێژێکی کتوپڕ بکات .

لە نزیکی تۆپەڵە تاریکیەك کەشتیەکەی ڕاگرت لە دیواری دەکرد ، بە ڕووی تاریکیەکەدا چەمایەوە . گرمە گرمێکی لەبەر خۆیەوە کرد وەك ئاماژەیەك بۆ گەیشتنی. تەنها دەنگی وەڕینی سەگێك دەهات . لە دەرگای داو هاواریکرد :

- بیکەرەوە براکەم .

لەو دیوی دەرگاکەوە گرمە گرمی پیاوێکی تر هات ، لە قوڵایی تاریکیەکەوە دەرگاکە کرایەوە . بۆنەکە هێند تیژ بوو پەردەی لووتی ئازار دەدا ، فتیلەیەکی بچووك دەرکەوت بە دەستێکی گەورەی مواویەوە بوو لەگەڵ دەنگێکی ناشازی زبر لە گەرووەوە دەهاتەدەر .

- وەرە ژوورەوە ئافرەت .

چیتر ووشەکە ئازاری نەدەدا ، ئازارێکی زیاتر لە گوێچکەکانیدا بوو ، لەهەر گوێچکەیەکیدا گەردیلە ووردەکان کەڵەکە ببوون . وەك زیخێك ڕەق دەبێت و بەر دیواری ناوەوە یا هەستەوەرکان دەکەوێت .

کەمێك دەنگی بەرز بۆوە .

- وەرە ژوورەوە ئافرەت .

لەشوێنی خۆیدا وەستابوو تەنها گەردنی دەجوولا ، بۆ سەرەوە بەرەو ئاسمان دەسورا ، بەشوێن هەوادا دەگەڕا ، قایشەکە بە شانیەوە بوو دەستی لێ توند کردبوو وەك ئەوەی بیرەوەری لە تاریکیەوە ڕاکێشێتەوە ، چۆن هاتووە بۆ ئێرە ؟ دەنگی زیاتر بەرز بۆوە .

گوێت لێ نیە ؟

قاچەکانی جوولاند و چووە ژوورەوە ، دەروازەیەکی نزمی شێوە بینراوی تێپەڕاند ، بەلام خانووەکە لەژێر پێیدا دەلەریەوە وەك ئەوەی کەشتی بێت ، دەرگاکە لە پشتیەوە داخرایەوە و لایکردەوە ، پیاوە ڕووخسار خالاویەکە لەوێ نەبوو ، گوێی لە دەنگی سەوڵەکە بوو بۆ دوور دەڕۆیشت ، پیاوەکە بە دەنگێکی بەرز کەوتە کۆکینێکی پچڕپچڕ هەنگاوێك چووە دواوە ، ترسەکەی وەك ترسی منداڵی وابوو ، لە دەمیەوە هاوارێك بەرز بۆوە ، ڕووناکیەکەش لێڵە خەریکە هیچ نابینێت ، بە سەری پەنجەی چاوەکانی هەلگلۆفی ، ژوورەکە هیچ مۆبێلەیەکی تێدا نیە و تەنها کورسیەك لە زەویەکەدا جێگیرە، گومانی پەیدا کرد ، ئایا لە جێگەی خۆی ناجولێت ؟

- جلەکانت دانێ .

چیتر دەنگەکەی نامۆ نەبوو بە گوێچکەکانی ، دەنگی بایە دەدات بە پەنجەرەکەدا ، هێڵی دەزوولەیی ڕەش لەژێر دەرگاکەوە دێتە ژوورەوە ، دڵۆپی ڕەشی وەك باران لە سەقفەکەوە دێتە خوارەوە .

لە ڕاستیدا پەنجەرە نەبوو ، بەڵکو بریتی بوو لە تەنها چەند پارچە تەختەیەك ، زەویەکەش زەوی نەبوو ، بەڵکو بریتی بوو لە چەند پارچە پلێتێك لەژێر پێیدا

جیڕە جیڕیان دەهات جۆرە شێیەکی پێوەیە بە بنی پێڵاوەکەیەوە دەلکێت ، یان گەر پێڵاوەکانی دانێت بە بنی پێیدا دەنوسێت .

- بۆنەکە خۆی بۆ ڕاناگیرێت ؟

دەستەسڕەکەی خستە سەر لووتی و چاوەکانی لێکنا ، دەنگی زبر و وەك ئەوەی لە جیهانێکی ترەوە بێت ، لەسەر کورسیە تەختەکەی دانیشتووە ، لە جلی خەوەکەدا تەنها ئەژنۆکانی و قاچەکانی دەبینرێت ، بەشی سەرەوەی لەودیوی ڕۆژنامەکەوە شاردراوەتەوە ، چەندین پیتی ڕەشی لە ڕەساس ، دێڕ بە دوای دێڕدایە ، لەسەر هێڵی ئاسۆیی وورد ڕیز کراون .

- پێویستمان بە لێکۆڵەری بەشی هەڵکۆڵین هەیە .

داواکاریەکەی لەسەر ئامێری چاپەکە نووسی ، خانەی ناو و تەمەن و ئایینی پڕکردەوە ، لە خانەی ڕەگەزیشدا چوار پیتی داگرت ( مێینە ) ، سەرۆك بەشەکە سەرنجی دەدا .

- ئەم بەشە تەنها نێرینە وەردەگرێت ، چونکە کارەکە نەگونجاوە .. مەبەستم زەوی هەڵکۆڵینە ..

- پورم زەوی هەڵدەکۆڵی ، دایکیشم بە هەمان شێوە ، زەوی دەکێڵاو ...

- هەڵکۆڵین شتێکی ترە ، مەبەستم گەڕان بەدوای خواوەندەکان لە ناخی زەویدا.

- خواوەند لە ئاسمانە وایە ؟

- بەڵام خواوەندی دیکە هەیە ، ئایا هیچت سەبارەت بە هەڵکۆڵینەکان نەخوێندۆتەوە ؟!

هەستی بە شتێك كرد بەرەو قاچەكانی دەكشێت . پەنجەیەكی نەرمی درێژ لە كلكی ماری دەكرد ، دەنوشتێتەوە و هەڵدەكشێ و لە سەقفەكەوە ڕێگەیەكی بۆ دابەزینی دۆزیوەتەوە ڕێچكەیەك لە شلەیەكی ڕەش دروست بوو . سوپایەكی لە مێرووله و سیسرك و مارمێلكە مێرووی دیكەی باڵدار لێی كۆبوونەوە .

لەودیوی ڕۆژنامەكەوە گوێی لە دەنگی بوو ، لەگەڵ خۆی قسەی دەكرد ، یان یەكێك لە مانشێتەكانی بە دەنگی بەرز دەخوێندەوە ، كەمێك جووڵە كەوتە ژووره نوقم بوەكە لە تاریكیدا ، ئەو باڵدارە وردیلانە كەمێك خۆشییان دروستكرد ، لە نزیك تورسكاییەك ڕووناكیەوە باڵە فڕەیانە ، قاچەكانی درێژكرد بۆسەر تەپڵەكێكی نزم ، قاچەكانی لە ئەنجامی زۆر ڕۆیشتن بەپێ هەویان كردبوو ، جانتاكەی بە شانیەوە ، تەشوێكەش لە جانتاكەدایە ، چاوەكانی دەگێڕێت و لە شوێنەكە وورد دەبێتەوە ، جارێكی دیكە لەسەر دیوارە ڕەشەكە مارمێلكە یان شەوگەردە ڕەشەكەی بینیەوە ، بە دوو چاوی بچوكەوە سەرنجی دەدا . هاوسۆزییەك لەنێوانیاندا پەیدابووە .

پیاوەكە بە دەنگێكی بیستراو گرمە گرمێكی كرد ، مارمێلكەكە خۆی لە قلیشێكی دیوارەكەدا شاردەوە ، نەیزانی چۆن لەودیوی ڕۆژنامەكەوە بینی ، نیوەی سەرەوەی بە تەواوی شارابۆوە ، تەنها قاچەكانی و ئەژنۆكانی دەبینران لە جلی خەوەكەدا ، لەوانەیە هەستەكانی یەكتر ناسین بێت كە لە دروستبوونی هەر هاوڕێیەتیەكدا دێتە پێش لە نێوان دوو بونەوەردا .

- خواردن ئامادە بكە .

بە دەنگێکی وا پێی ووت وەك ئەوەی ئافرەتێك بەکرێ گیرابێت بۆ خواردن دروستکردن، لە داواکارییەکەدا خانەی لەوشێوەیەی تێدا نەبوو کە لەسەر ئامێری چاپەکە نووسی ، لە خانەی جۆری پیشە نووسی لێکۆڵەر بەشوێن خواوەندەکاندا .

- من برسیمە !

بە دەنگێکی بەرز هاواریکرد ، ئەویش دانیشتووە و قاچەکانی ڕاکێشاوە ، قاچەکانی هەویان کردووە و توێخ هەڵدەدەن ، چینێکی ڕەش دایپۆشیووە .

پەنجەرەی چێشتخانەکە بە پارچەی تەختە بە بزمار داخرابوو ، لاپەڕەی ڕۆژنامەکان خنرابووە کەلێن و قلیشەکان ، لەودیو دەرگاکەشەوە بە هەمان شێوە ، بەلۆعەی ئاوەکە بە لاپەڕەی ڕۆژنامە گیراوە .

لەوکاتەی لەبەردەم حەوزەکەدا وەستاوە هەستی بە پیاوەکە کرد لەپشتەوە وەستاوە ، هەناسەکانی لە پشتی ملی دەدا ، نەیدەزانی چۆن تەباخەکە داگیرسێنێت ، شتێکی دایە وەك دەمانچە وابوو ، بە پەنجە گەورە پەستانی دەخەیتە سەر تەقەیەکی لێدێت و ئاگر فڕێ دەدات ، وەك منداڵ پێکەنی .

شتی بچووك بە پێکەنینیان دەهێنا ، تاریکایی دەڕەوێتەوە و ڕووناکیەك لە ئاسۆوە تیشك دەدات ، بینی ملی بۆ سەرەوە بەرزدەکاتەوە ، بە چاوەکانی سەرنجی تێڕوانینەکانی دەدا بۆ سەقفەکە تاڵە دەزوولەییەکە ڕێچکەی بەستبوو .

- ئەمە چیە ؟
- نازانیت ئەوە چیە ؟
- نەخێر .
- ئەوە نەوتە .
- ئایا نەوت لە سەقفەکەوە دزە دەکات ؟!

- بێگومان کاتێك لەسەر زەوی ئاستەکەی بەرزدەبێتەوە یان لە ئاسمانەوە دەبارێت .
- لە ئاسمانیشەوە دەبارێت ؟
- ئاسمان بە هەرکەسێك بیەوێت دەبەخشێت بێ ئەژمارکردن .

کاتێك منداڵ بوو لە قوتابخانە ئەوەی زانیبوو کە کە نەوت تەنها لە ناخی زەویدا هەیە. بەدرێژایی ملیۆنان ساڵ لە ئەنجامی جەستە و تەنە مردووەکانەوە دروست دەبێت ، بەهۆی گەرمی و بونەوەرانی ووردەوە بە بەکتریا ناسراوە لەگەڵ گەردیلەی تۆز و خۆڵ شی دەبێتەوە ، هەموو ئەمانە شی دەکرێنەوە بۆ دڵۆپی زۆر وورد ئاو دەخواتەوە ، لە چینی وەك ئەسفەنجدا عەمبار دەکرێت ، خۆڵ و بەردی تێکەڵ دەکرێت ، لە کەلێنەکانیدا جێگیر دەبێت بێ ئەوەی دزە بکات و بگەڕێتەوە سەرەوە ، چینێك ئاویش لەژێر زەویدا دەکەوێتە سەریەوە ، وا دەکات توانای چوونە خوارەوەی نەبێت ، وەك تەڵە لە هەموو لاکانەوە دەروازەکانی لێ دادەخرێت و ڕێگەی چوونە دەرەوەی لێ دەگیرێت بۆسەر ڕووی زەوی ، مەگەر لە ئەنجامی لەرینەوەیەکی زەمین یان تەقینەوەی بورکان ، یان لە ئەنجامی کەوتنە خوارەوەی بۆمبێك لە کاتی جەنگەکاندا .

بەبێ دەنگی لێوەکانی جووتکردبوو ، هێشتا ملی بەرەو بەرزی بوو بۆ سەرەوە وەك ئەوەی لەگەڵ ئاسمان بدوێت و یەکێك بێت لە خواوەندەکان ، سەری بەرزکردەوە و لەپشتەوە بەریکەوت ، لە دوایەوە وەستابوو ، بێ شەرمانە خۆی پێوە نوساندبوو ، لە شەرمان چەمایەوە ، لە گرێبەستی کارەکەدا خانەیەك نەبوو بۆ ئەو جۆرە شتانە ، خۆنوشتاندنەوەکەی بڕوابوونێکی پێ بەخشی ، زیاتر پێوەی نووسا ، هەناسەکانی لە پشتەوە ملی داخ کردووە ، دەستی درێژبوو و بە سنگیدا

گێڕای ، پاشان دەستی لەسەر مەمکی چەپ جێگیر بوو ، بینی پەنجەکانی ڕەشە و بۆنی نەوتیان لێدێت .

- ئایا لە پێشا خۆت ناشۆریت ؟

- چی ؟

تورەیی پێوە دیاربوو ، پێشتر ڕوینەداوە ئافرەتێك بەو شێوەیە بوێر بوبێت ، خەریکبوو دەستی بەرز بکاتەوە و زللەیەکی لێبدات ، لەوانەیە بەڕاستی بەرزبوبێتەوە ، پاشان کشاوەتەوە دواوە ، لەپڕ نەخۆش کەوتووە ، ئاماژەی بۆ شوشەیەکی بچکۆلانە کرد لەسەر ڕەفەیەکی تەختەیە ، تەواوی دەمی کردەوە تا ئالووەکانی بینی لە گەروویدا سوور هەلگەڕاوە .

- چوار دلۆپ .

چوار دلۆپی کردە گەروویەوە ، ماوەیەکی زۆر چاوەکانی لێکنا ، پاشان کردینیەوە ، بە زمانی لێوی خوارەوەی سڕی .

- ئەمە ئاوە ؟

- نەخێر ، جۆرێك دلۆپێنراوی نەوتە لە ئاو باشتر تینوێتی دەشکێنێت ، ڕیخۆڵەکانیش پاك دەکاتەوە ، دەمت بکەرەوە .

دلۆپی یەکەمی کردە دەمیەوە پاشان دووەم ، دلۆپی سێهەم و چوارەمی ویست ، بە هەر پێنج پەنجەکەی شوشەکەی گرت بە دەستیەوە ، بەلام ئەو لێی سەندوو شاردیەوە .

- بەپێی یاسا تۆ تەنها دوو دلۆپت هەیە .

سەری داخست شێوە ماندوبوونێك .وەك ئەوەی پێشتر سەبارەت بەم یاسایە بیستبێتی . خەوی لێکەوت خۆیی بینی لە ئاوێکی گەرمدا مەلە دەکات ، ئاسمان

شین و سامالە ، کێڵگەکان سەوزن ، بۆن و بەرامەی سەوزایی لە لووتیدایە . لە کاتی خۆر ئاوابووندا لەسەر پردەکە دادەنیشت و چاوەڕوانی دەرکەوتنی ڕووناکیەکانی دەدا .

چاوەکانی هەڵهێنا هەستیکرد شتێك لەژێر پێڵوەکانیدا دەسوتێت . ژوورەکە نوقمی تاریکی ببوو ، لەوکاتەی لەودیوی ڕۆژنامە کراوەکەوەکەوە دانیشتبوو ڕووناکیەکی کز لە کەلێنێکەوە دەهاتە ژوورەوە ، پێ پەتی لەسەر زەویەکە .

جانتاکەی لەژێر سکیدا شاردەوە . قاچەکانی بەدوای خۆیدا پەلکێشکرد بەرەو چێشتخانەکە ، گەڕایەوە و کوپێك چای ڕەشی بەدەستەوە بوو . دەستی درێژکردوو بێئەوەی هیچ بدرکێنێت کوپەکەی وەرگرت ، کاتێك دانیشتبوو شێوە خەوبردنەوەیەك دەیبردەوە . ڕۆژنامەکە لەسەر زەویەکە لوول ببوو لاپەڕە بەدوای لاپەڕەدا دەکرێتەوە .

- ئافرەتێك بۆ پشوو چووە دەرەوە و نەگەڕایەوە ، بەپێی یاسا شاردنەوەیی و داڵدەدانی قەدەغەیە .

بەبێ دەنگی جانتاکەی کردە شانی و بە هێواشی دەرگاکەی کردەوە و چووە دەرەوە . لوورەی با وەك لوورەی گورگی برسی بوو . لەگەڵ هەر هەنگاوێکدا قاچەکانی نوقم دەبوون ، تەڕی لە ووشك جیا نەدەکردەوە ، دەستی بە دیوارەکان دەگرت وەك چۆن لە منداڵیدا وای دەکرد پێش ئەوەی فێری ڕۆیشتن بێت پووری دەستی دەگرت .

- تاتا بەربەستەکە تێپەڕێنە .
- هێلا هوپ هێلا .
- خاتوونی پیرۆز .

کاتێك منداڵ بوو نەیدەزانی خاتوونی پیرۆز کێیە ؟ لەوانەیە مریەمی پاکیزە بوبێت . زۆرجار شەوانە ڕۆحی بەسەر گوندەکەدا دەشەکایەوە ، ئیدی بینین بۆ هەندێك لە چاوە نابیناکان دەگەڕایەوە ، هەروەها جووڵە دەکەوتە هەندێك لە ئێسکە لە جووڵە کەوتووەکان ، یان لەوانەیە خاتوو زێنەب بوبێت . تاکە پێغەمبەر کە توانای چارەسەری ئازارەکانی پووری بێت .

- چی دەڵێیت ؟

- دەبمە پێغەمبەر . . تا خەڵکانی نەخۆش چاك بکەمەوە .

- ئایا تۆ مێشکت لەدەستداوە ؟ تەنها ئافرەتێك نیە لەنێوان پێغەمبەراندا ! دەنگی زۆر بە ڕوونی دەهاتە گوێی ، خەونەکانی بلاوە پێ دەکرد ، دەنگی پیاوێك ، لەوانەیە سەرۆکی کارەکەی یان مێردەکەی بێت . لە تاقیکردنەوەی چوونە ژوورەوەدا لەودیوی مێزەکەوە دانیشتبوو . پایپە ڕەشەکە لەنێوانی لێوەکانیدا بوو کاتێك پرسیار لەدوای پرسیار ئاراستەی دەکرا :

- چی دەزانیت لەبارەی ( نمو ) ی خواوەندی یەکەمینی ئاو ؟

- نمو ؟

- هەروەها ( ئینانا ) خواوەندی سروشت و پیتاندن ؟

- ئینانا ؟

- ( سخمت ) خواوەندی مردن ؟

نەیدەزانی شتێك هەیە بەناوی خواوەندەکان . پێغەمبەران هەموو پیاون و تەنها ئافرەتێکیان لەنێودا نیە . ئیدی چۆن لەنێوان خواوەندەکاندا مێینە هەیە ؟ پاشان کامیان پلەیان بەرزترە خواوەند یا پێغەمبەر ؟ سەبارەت بە خواوەندی مردنیش ناوی ئیزرائیل بوو بە نێرینە نە سخمت بە مێینە .

لەشوێنە هەمیشەییکەی و وەك جاران نیوەی سەرەوەی لەودیو ڕۆژنامەکەوە وون بوو لەژێر ڕووناکی لەمپاکەدا دەیخوێندەوە . .

- دەخوێنیتەوە ؟

تەنها قاچەکانی دیاربوو . لەژێر جلەکانی ماڵەوەی ئەژنۆکانی بەرز و تیژ دیاربوو ، دەبێت چاوەکانی لە ئەژنۆکانیدا بێت ؟ هەر کە کتێبێکی دەکردەوە تا بخوێنێتەوە دەبیینین دەلەرینەوە و دەکەوتنە جووڵە ؟

- کتێبەکە دابنێ .

- بەیانی تاقیکردنەوەکەیەو هێشتا خوێندنەوەم تەواو نەکردووە و . . . . . . . .

- من برسیمە .

لە کاتژمێرەکەی دەستی وورد بۆوە ، نۆ و دە خولەك بوو ، هەمووی کاتژمێرێك دەبێت خواردنی بۆ داوەتێ ، چۆن بەو خێراییە برسی دەبێتەوە ؟ گەر برسیشی بێت مەنجەڵەکە لەسەر ئاگرەکەیە . چێشتخانەکەش تەنها سێ هەنگاو دوورە ، بینی دانیشتووە و ئەژنۆکانی دەجولێنێت ، قاچی دەجولێنێت و پەنجەکانی دەتەقێنێت .

- تینوومە .

لە داواکاریەکان نەدەوەستا ، وەك منداڵ ، ناتوانێت خۆی نان بخوات ، یان ئاو بخواتەوە ، هەر کە دەیبینی کتێبەکە دەکاتەوە هاواری دەکرد ، وەك ئەوەی کتێبەکە پیاوێکی دیکە بێت و بیەوێت لێی زەوت بکات .

کتێبەکەی لەژێر سەرینەکەدا دەشاردەوە و چاوەڕوانی دەکرد تا دەنووست و خەوی قووڵ دەبۆوە ، لەشێوەی ئاوازێکی ڕێکخراودا پرخەی بەرز دەبۆوە .

کتێبەکەی دەکردەوە و دەیخوێندەوە ، وەسیەتنامەیەکی خواوەندی دایك هەبوو بۆ کچەکەی :

- دایکت بیرنەچێتەوە ؟
- وەك چۆن هەڵیگرتی تۆش ئاوا هەڵیگرە .
- بەدرێژایی ساڵێك لە سکیدا هەڵیگرتی .
- ژیانی خۆیی پێدایت و مرد .

لەم شەوەدا دەنگەکە لە گوێچکەکانیدا دەزرنگایەوە . گوێی لە دەنگی دایکی نەبووە تەنها کاتێك کە کۆرپە بووە لە ڕەحمدا ، دەیبینی لە کاتی نووستنیدا ئەمدیو و ئەودیوی دەکرد وەك ئەوەی گوێی لە دەنگی بێت ، مووەکانی گرژ دەبوو ، لەناکاو چاوەکانی دەکردەوە کتێبەکە وون دەبوو ، هەڵدەگەڕایەوە سەر لاتەنیشتەکەی دیکەیی و دەنووستەوە ، لە شوێنەکەی خۆیدا بە ڕاکشاوی دەمایەوە و چاوەڕوانی دەکرد ، نەیدەزانی نووستووە یان خۆی دەکات بە نووستوو ، هێشتا هەناسەکانی بەرز نەبۆتەوە و ئاوازی پرخەکەش ڕێك نەخراوە .

- بە خەبەریت ؟

چاوەکانی لێك دونێت و لێوەکانی جووت دەکات ، لێ دەگەڕا هەناسەکانی بەرز و نزمییان بکردایە ، پاشان خەوی لێ دەکەوت ، جەستەی بەرەو خوار دەکەوت وەك ئەوەی بکەوێتە بیرەوە .

هەموو شتێك وەك ئەوە وابوو تەڕ بێت تەنانەت بەتانیەکانیش . ڕێچکەیەکی ڕەشی بۆن تیژ ، بینیم لەسەر دەست و پێکانی وەستاوە ، دواتر قۆڵی بۆ درێژکرد ، سەرنجی ڕووخساری دەدا بێئەوەی ئەو شێوازەی خۆی بگۆڕێت ، لێوەکانی بە تەواوی کراونەتەوە و مووەکانی سەرسنگی دەرکەوتوون .

زانی کە بەردەوام دەبێت لە یارییەدا ، ماسولکەکانی گرژ کردەوە و بەتەواوی جەستەیی داخست ، لێوەکانی جووت کردوو خۆیکرد بە نوستوو .

هاتنی شلە ڕەشەکە زیادی کردوو لە شێوەی تاڤگەدا دەنگی دەهات و کاتێك دانیشتبوو تا ئەژنۆکانی هات ، بە لەشێکی قورسەوە هەستا ، چاوەکانی هەڵدەگلۆڤی تفی دەکردە حەوزەکەوە و لە چێشتخانەکە کەوچکێکی قوڵی خواردنی هێنا ، دەستیکرد بە هەڵگرتنەوە دەنوشتایەوە و کەوچکەکەی پڕ دەکردوو نیوەی جەستەیی و دەستی بەرزدەکردەوە و دەیکردە بەرمیلەکەوە ، بێ وەستان بەرمیل لەدوای بەرمیل بەتاڵی دەکرد .

- بە شێوەیەکی ترسناك شلەکە بەرزدەبێتەوە !
- خێرە و لەلایەن خواوەیە .
- وا دەخنکێم .
- بەو شێوەیە مەوەستە لەسەر ئەژنۆکانت دابەزە .

وایلێکرد وەك ووشتر چۆك دابدات ، پارچە قوماشێکی تەڕی گوشی و پاشان لە شێوەی بازنەیەکدا لەسەریەوەی پێچا و تەواو توندی کرد وەك ئەوەی بزمارێك لە دیواردا بچەقێنێت ، قاچەکانی لە زەوی جێگیرکردوو نیوەی جەستەی سەرەوەیی نوشتاندەوە ، بە هەردوو دەستی بەرمیلەکەی بەرزکردەوە و خستیە سەرسەری ملی لەژێر قورساییەکەدا نوشتایەوە ، خەریکبوو بەرمیلەکە بکەوێت ، بایەك هەڵیکردوو بەرمیلەکەی بەلادا خوارکردەوە ، هەروا بە خواری هێشتیەوە و قاچ لەدوای قاچ جووڵاندی و جووڵەیەکی ڕۆیشتنی ئاسایی ، ڕێگەکە لەبەردەمی وەك ئەوەی پێشتر پێیدا ڕۆیشتبێت ، ئەم ڕیزبەندی ئافرەتانە دەناسێت ، ئەویش یەکێکە لەو ڕیزبەندییە، بە هەنگاوی جێگیری وەك زەمەن دەڕۆن زریانەکە زیاد

دەکات و تاقگەکەش بەخۆڕا دەڕوات ، جەستەیان وەك پوشکەیەك لە ئاڕاستەی بادا دەلەرێتەوە ، هەموو شتێك دەلەرێتەوە تەنها بەرمیلەکە نەبێت ، بەخۆڕاگری لەجێگەی خۆی وەستاوە .

بە جەستەیەکی ماندووەوە دەگەڕایەوە ، لەسەر زەویەکە گرمۆڵە دەبوو ئەژنۆکانی بە سنگیەوە و جانتاکەی لەژێر سەریدا ، گەرووی ووشك و زمانی قلێشاو ، لە تاریکاییدا چاوەکانی دەکردەوە و بەشوێن شووشەکەدا دەگەڕا ، لە هیچ شوێنێك نەبوو ، دەنوستەوە ، پاشان لە دەنگێك بەخەبەر دەهاتەوە کاتێك ئاژەڵێکی ڕاو دەکرد وەك مەڕ یا بزن ، بە چەقۆیەك سەری بڕی ، خوێن وەك نافورە هەڵدەپژا ، چاوەکان لێیان دەڕوانی داوای فریاکەوتنیان دەکردوو نەڕەی دەهات .

- لێنێ !
- من گۆشت ناخۆم .
- گرنگ نیە بیخۆی ، دەبێت لێینێیت !
- لێی نانێم !

قۆڵە درێژەکەی بە بە چەقۆکەوە درێژکرد ، تیغە بریسکەدارەکەی بەدیکرد ، ملی بەرەو خوار شۆڕکردەوە ، خۆی گرمۆڵە کردوو بە هەردوو دەستەکانی ملی دەشاردەوە .

جەستەیەکی قورسی بۆ چێشتخانەکە ڕاکێشا ، خوێنی دەوروبەری ملی پاك کردەوە ، تەباخەکەی داگیرساندوو مەنجەڵێکی خستەسەر ، هەڵم تا سەقفەکە بەرزبۆوە ، هەستی کرد لە پشتوەی وەستاوە و بۆنی گۆشتەکە هەڵدەمژێت و لە پشتیشەوە خۆیی لێ دەخشێنێت ، غەریزەی خواردنی تێیدا بەئاگا دەهاتەوە و لەگەڵیدا غەریزەکانی دیکەش بە ئاگا دەهاتنەوە ، جەستەیی بۆ ئازادکردوو خەوی

لێکەوت ، لەوکاتەی نوستبوو هەستی بە ئازارێك کرد لە تێهەڵچوونی دەرزی دەکرد ، ویژدانی ئازاری دەدا ، چۆن خۆمم دابەدەستیەوە لە بەرامبەر ژەمە خواردنێك ؟ بەیانی بایەکی توند هەڵیکرد ، لەگەڵیدا دەنگێکی وەك سەوڵ لێدان دەهات ، گوێی هەڵخست و دڵیشی لێی دەدا ، گوێی لە دەنگی ئافرەتێك بوو لە دەنگی پوری دەکرد .

دەنگەکە ڕەویەوە کاتێك پیاوەکە پێڵوەکانی جووڵاند ، قوماشێکی تەڕی هەلگرت لەوانەیە لیباسەکەی بوبێت دەستیکرد بە نوشتاندنەوەی وەك ئەوەی بیگوشێت ، وەك قایشی لێکردوو خستیە سەرسەری ، وای لێکرد بنوشتێتەوە ، پاشان بە دەستێك بەرمیلەکەی بەرزکردەوە .

- زۆر قورسە ! ملم دەشکێنێت .

دەنگی بۆخۆی دەگەڕایەوە وەك ئەوەی لەگەڵ خۆی قسە بکات ، بە بەرمیلەکەوە بەڕێگەدا بەرەو کۆمپانیا ، وەك نوستوویەك لە خەوندا ، لەوانەیە بەم هۆکارەوە بوبێت وا جەستەی پتەوە ، بێ هیچ ئەرکێك توانی هەڵیگرێت ، بەڵکو وەك چۆن لە خەونەکاندا وابوو هەستی بە لەش سووکیەك دەکرد ، بەڵام دڵی قورس بوو ، ئەم کارە مانگایەك کە ڕێزی خۆی بگرێت ڕەتی دەکاتەوە ، لەوانەیە تەنها جۆرێك لەو گوێدرێژانەی بونیان نەماوە پێی قایل ببن ، بەرمیلەکەش لەو جۆرانەیە کە شێوەیان نەماوە دوو گوێی گەورە و ورگێکی هەڵئاوساو وەك خواوەندێکی یەك مەمکە وایە .

لە دوورەوە چەند دەنگێك دەهاتن ، هاواری خەفەکراو لەسەر یەك ئاواز ، بەدوایدا دەنگێکی وەك نمەنم ، دواتر پێکەنینی خەفەکراوو و پاشان بێدەنگی .

بەلایەوە وەك ئەوە وابوو بڕوات بەلاّم تەنها هەنگاوێك نەچێتە پێشەوە ، بە وەستاوی لە شوێنەکەی خۆی بە وەستاوی مایەوە . تەنها دوو هەنگاو لەبەر دەرگاکەی ماڵەوە دوورە ، دەرگاکە کرابۆوە و ئەویش لەودیوی ڕۆژنامەکەوە دانیشتبوو .

- زریانەکە بەردەوامە .
- دەتوانیت چاوەڕوان بکەیت .
- بەم حاڵە ؟
- کاتێك نەوت دەکشێت هیچ شتێك ناتوانێت ڕێگری لێ بکات ، پێویستە بەڕۆژ مامەڵەی لەگەڵدا بکەیت لەوکاتەی خۆر هەڵدێت و ووشك دەبێتەوە .
- ئەم بەرمیلەش سەری گەرم کردووم !
- پێویستیشە چاوەڕوانی بکەیت !

سەیری سەرەوەی دەکردوو ووتی ( پێویستە ) ، هەورێکی خۆڵەمێشی بەدەوری هێڵی جیاکەرەوەی زەوی و ئاسماندا گەڕا .

- نەوت لە هەوادا هەڵمی ئاو دەخواتەوە ، کاتێکیش بەهۆی خۆریشەوە هەورەکان بلاّوە دەکەن ووشك بوونەوە ڕوودەدات .
- ووشك بوونەوە ؟
- بەڵێ ، شلەکەش پەنگ دەخواتەوە و ڕەق دەبێت ، دەتوانیت هەنگاو بنێیت بێئەوەی پێکانت نوقم بن ، تانکەکانیش دەتوانن بەسەریدا بڕۆن

کاتێك ووتی ( تانکەکان ) بریسکەیەك هاتە چاوەکانی ، لە فرمێسکی دەکرد ، لەوانەیە ڕاپێچی جەنگیان کردبێت ، جێگەکەی لەسەر سیسەمەکە فراوان دەبێت و لە چێشتلێنان دەکەوێت ، ماسولکەکانی ملی لەژێر بەرمیلەکەدا گورج کردەوە و پێی لە زەوینا .

پیاوەکە بە سەرنجدانی ڕێگەکەوە سەرقاڵ بوو ، سەرەتاکانی ئاپۆرە گەورەکە دەرکەوت ڕیزبەندییەك لە دەهۆڵ هەڵگرەکان لێیان دەدا و سروودی نیشتمانیان دەوتەوە ، گروپێك لە ماتۆرسکیل و یاریە ئاگرینەکان ، فەرمانبەرانی دیوان لەنێو ئوتومبێلە ڕەشە درێژەکاندا و بەدوایانەوە ڕۆژنامەنووسەکان ، خاوەن شکۆ لەنێو تانکێکی زەبەلاحدا دەستەکانی دەرکردووە و بۆ جەماوەریان دەجوڵێنێت ، لە تەنیشتیشیەوە سەرۆکی کۆمپانیاکە کڵاوەکەی سەری هەڵدەسوڕێنێت وەك ئاماژەیەك بۆ سڵاو کردن .

ڕێگەکە لەبەردەمیدا چۆڵ و فراوان بوو کاتێك گۆچانێکی دارحەیزەران کێشای بە شانیدا .

- خێرا بچەمێرەوە !

هێشتا فێری چۆنێتی سڵاوکردن نەببوو ، بەرەو پێشەوە نوشتایەوە و قاچەکانی بۆ دواوە ، وەك ووشتر لەسەر چۆگ ، پیاوەکە سروودی نیشتمانی فێرکرد ، بە دەنگێکی هێمنی مۆسیقیەوە لەدوایەوە دیوتەوە ، لەگەڵ هەر برگەیەکدا بە چمکێکی دشداشەکەی عەرەقەکەی دەسری .

- ئایا سروودێکی نیشتمانیە ؟

- بەڵێ ، ئێمە لێرەدا بەپێی برِوای : من نیشتمانم خۆشدەوێت بەردەوام دەبین .

- ئایا ئەوە نیشتمانی تۆیە ؟
- دایکمی تێدا نێژراوە لەهەرکوێش دایك بنێژرێت ئەویّ نیشتمانە .

ووتی ( نیشتمان ) و سەری داخست ، پێڵوەکانی لێکنا وەك ئەوەی فرمێسکەکان بشارێتەوە ، تەناه لەوکاتانەی مردن هەرەشی لیّ بکردایە دایکی بیر دەهاتەوە ، پارچە کاغەزێکی بچکۆلانە لەنێو دەستیدایە بە وێنەی ڕووخساری خاوەن شکر مۆر کراوە لەگەڵ ئامادەبوونی دەستبەجیّ .

ڕاکشا و چاوەکانی کراوە و گوێکانی هەڵخست ، هەستی پێکرد هاتە تەنیشتی بۆناو جێگەکە ، ڕویکردە دیوارەکە ، دەستی درێژکردوو لە پشتەوە دای بەسەر گەردنیدا .

- مەڕۆ چونکە تەنها گۆڕستانەکەی دایکتت هەیە .
- ئەوەی نەڕوات دەکوژرێت .
- ئەوەشی بڕوات هەر دەکوژرێت .
- ڕاکردن نیە لە مردن .
- کەواتە بە ویستی خۆمان دەمرین .

بەبیّ دەنگی ئەمەی ووت و لە جێگەکە هاتە دەرەوە ، جانتاکەی کردە شانی و تەشوێکەی بەدەستەوە گرت ، بە هانگاوی خێرا ڕۆیشت و چاوەکانی لە ڕووی زریانەکە داخستبوو ، قاچەکانی تا ئەژنۆ نوقمی ئاوێکی ڕەش ببوو ، جووڵەکردن مەحاڵ بوو ، وەستاو بە چاوەکانی تاریکی دەبڕی گوێی هەڵخستبوو ، سەرەتا دەنگەکان دوور بوون ، وەك لوورەی با یان شەکاندنەوەی دشداشەکان ، لە دامێنی بەرزاییەکەوە لای ماڵەکانی گوند دەهات و پلە پلە بەرز دەبۆوە ، لە ئاوازی دەف و کوتانی تەپڵەکانی دەکرد ، ئافرەتێکی بینی لەسەر قاچێك بە دەوری خۆیدا

دەسورێت ، ئافرەتانیش لە دەوری لەشێوەی بازنەدا قژیان فش کردبۆوە ، جیرەی ددانەکانیان دێت قۆڵیان بلاوکردۆتەوە ، بە پێیان لە زەوی دەدەن ، لەگەڵ سورانی زەویدا بە دەوری خۆیاندا هەڵدەسورێن ، هەموو بە یەك دەنگ دەڵێن .

- ئەی خاتوونی پیرۆز .
- قورساییمان لەسەر کەمکەرەوە .

ئافرەتەکەی ناوەڕاست درێژ بوو سەری بە لەچکێکی ڕەش پێچابوو ، لە پووری دەچوو ، پێکانی بە زەویدا دەدا ، چاوەکانی بۆ ئاسمان بەرزدەکردەوە وەك ئەوەی هاواری خواوەندی دایك بکات ، لەگەڵ هەر خولێکیشدا جەستەی تەوژمی دەدا ، جووڵەی ئاسان وخێراتر دەبوو ، لە لوتکەی کۆتا تەوژمی جەستەیدا هێور دەبۆوە وەك ئەوەی بڕەوێتەوە . زەمەن دەوەستێت و بێدەنگی باڵی دەکێشێت ، پاشان سەر لەنوێ جووڵەکە دەست پێ دەکاتەوە ، بەرەو زەریا تەوژم دەدات و جەستەی ئافرەتانیش تەوژم دەدەن .

- ئەی خاتوونی پیرۆز .
- ڕزگارمان بکە لە زریان .

وەك ئەوەی سرووديکی کۆن بێت کچان لە قوتابخانە وتبێتیانەوە ، لێوەکانی کرانەوە و لەبەرخۆیەوە گۆرانیەکەی دەوتەوە ، بەڵام ووشەکان لەسەر لێوەکانی ووشك هەڵاتن ، تاریکی لە ڕووی ڕووناك کەرەوەکاندا ڕەوییەوە ، چاوەکانی نوقاندوو تەنها وەڕینی سەگەکان و دەنگی تایەی ئاسنینی دەبیست ، ئافرەتەکان وون بوون و قژەکانیشیان لەژێر لەچکەی ڕەشەوە شاردەوە ، تەنها ئافرەتە درێژەکەی ناوەڕاست مایەوە ، پیاوەکان دەورەیاندا و خستیانە ئوتومبێلەوە ، تەنها قریشکەیەك و بێدەنگی باڵی کێشا .

نەیزانی چۆن گەڕایەوەماڵەوە ، پێڵوەکانی نووسابوو ، بە سەری پەنجەی قلێنچکەی چاوەکانی هەڵدەگلۆفت ، وەك تەمومژ گەردیلەی ڕەشی دەبینی ، لە دەوروبەریشی تاڤگە تەقیوە ، بۆنە تیژەکەی لووتی دەیگێڕێتەوە بۆ ئێستا ، هەموو شتێك وەك خەون وایە ، تەنها جووڵەی ڕاستەقینەش جووڵەی نەوتە ، جووڵەیەکی سەیر وەك ئەوەی کارپێکەری هەر جووڵەیەکی دیکە بێت .

پیاوەکە بە قۆڵێکەوە لە جەنگ گەڕابۆوە ، بەیانی چووە دەرەوە بەرمیلەکانی پڕ دەکرد، کاتێك بەرمیلەکان بەرزدەکاتەوە قۆڵی بێ هێز و لاواز دەردەکەوێت ، وەك ئەوەی نیوەی کێشی لەدەستدابێت ، لەژێر باکەدا دەلەرێتەوە لە جووڵەیەکی بێ کۆتاییدا بەرز و نزم دەکات ، وەك یەکێك ئاو لە دەریا دەربکات .

بە دەنگێکی نەبیستراوەوە ووتی :

- بێ هودەیی ! بێهودەیی !

پاشان ملی لەژێر قورساییەکەدا نوشتایەوە . جووڵەی دەستی لەوکاتەی نەوتەکەی لادەدا لە جووڵەی ملی دەکرد لەژێر بەرمیلەکەدا ، وەك ئەسپێکی تاودراو لەشوێنی خۆی وەستا ، قاچەکانی لە زەوی گیرکرد بەڵام وەستان مەحاڵ بوو ، نەوتەکە لەشێوەی شلەدا دەهاتەدەر ، تەنە سووکەکان توانای ئەویان هەبوو سەری کەوت ، گەر جەستەی سووك بێت توانای مەلەکردنی هەیە ن بەڵام ئەو فێری ئەوە نەببوو چۆن سەرئاو کەوێت ، پێش ئەوەی بچێتە دەریاوە پێویست بوو جلەکانی دانێت ، ئافرەتانیش بۆیان نەبوو جلەکانیان دانێن .

بێئەوەی کاتەکە بزانێت چاوەکانی لێکنا بە چاوی نوقاوەوە سەرنجی کاتژمێرەکەی دەستیدا ، دواتر زانی کە ناتوانێت کاتەکان بزانێت تا چاوەکانی نەکاتەوە ،

پێڵوەکانی گرژکرد نیو چاوی کردەوە ، کاتژمێر پێنج و دە خولەك بوو ، هێڵێکی ڕووناکیش لە ئاسۆدایە نەیدەزانی بەرەبەیانە یان ئاوابوون .

لە جێگەکە هەستا ، پێش ئەوەی بجوولێت ویستی لەوە دڵنیابێت کە پیاوەکە نوستووە ، پێ لە دوای پێ بە بێدەنگی هەنگاوی دەنا ، پیاوەکە هەڵگەڕایەوە سەر لاتەنیشت و لە خەوێکی قوڵدابوو ، زۆر لێی وورد بۆوە ، وەك منداڵێکی هەتیوو خۆی گرمۆڵە کردبوو ، لەشێوەی خۆ بەدەستەوەداندا چوبووە خەوەوە ، خۆی نوشتاندەوە وەك ئەوەی ماچیماڵئاوایی لەسەر نێوچاوانی دانێت ، کاتێك خەبەری دەبێتەوە و نایدۆزێتەوە چی پێ دەڵێت ؟ هێشتا ویژدانی بەئاگایە یان وا هات بە خەیاڵیدا ، بە هەرحاڵ ماچی ماڵئاوایی هیچ گرفتێکی بۆ دروست ناکات .

دەرگاکەی کردەوە و چووە دەرەوە ، چەند هەنگاوێك ڕۆیشت و زەویەکە لەژێر پێیدا نەرم بوو ، تا ئەژنۆکانی نوقم بوون ، لە دەرکردنی هەردوو قاچی چەپی و ڕاستیشی سەرکەوتوو بوو ، گەڕایەوە دواوە و هەناسە بڕکێی پێ کەوتبوو .

پیاوەکە دانیشتبوو سەری داخستبوو وەك پەژارە دایگرتبێت ، چاوەکانی پڕ سۆزێکی لەشێوەی فرمێسك بوون .

- هەوڵمدا هەڵبێم بەڵام توانای جووڵەم نیە .

پیاوەکە بەبێدەنگی مایەوە هیچ جووڵەیەکی تێدا نەبوو .

- ناتوانم لێرە بمێنمەوە !

بە وەستاوی تێڕاماو دەنگی گیرا ، بێدەنگی پیاوەکە و سەرداخستنی واتایەکی ترسناکی هەبوو ، ئایا بۆ هەتا هەتایە چارەنووسی بەستراوە بە چارەنووسیەوە ؟

خۆر گەیشتبووە بەرزی ئاسمان ، تیشکەکانی بە ڕەنگێکی سوور سووربونەتەوە ، چەند لایەکی گۆمەکە ئاکریان گرتبوو ، دوکەڵ بەرزبۆوە بەری ئاسمان و خۆری گرت ، چاوی هەڵگلۆفی و سەری بەرزکردەوە .

- ئەم دوکەڵە نیعمەتێکە لای خواوە گەرمی کەمدەکاتەوە .

چیتر دەنگی شەپۆلی تۆەیی لە جەستەیدا دروست ناکات . لێکدانەوەیەکی بێزاری لەسەر ڕووخساری دروست بوو ، پێی پەتی بە پێوە وەستابوو ، ئێسکەکانی جەستەی لە دۆڕاویدا شل ببوون و فایشی جانتاکەشی بە شانیەوە شۆڕبۆتەوە .

- بەڵێ ، بەرەنگاربوونەوە هیچ واتایەکی نیە .

دەنگی نووساو خەریکبوو تێی نەدەگەیشتی ، پیاوەکەش نەیدەتوانی تێی بگات . سەری داخستبوو ، لەسەر داخستنکەیدا شتێکی مرۆڤانە هەبوو ، شێوە سۆزێك پێوەی دەبەستێتەوە ، بێگومان خۆشەویستی نیە .

لەناکاو پێی هەڵخزی و کەوت بەسەر ڕووخساریدا ، یارمەتیدا لە هەستانەوەیی و تەپوتۆزەکەی دەتەکاند ، بەلام ئەو پاڵێکی پێودنا و دەموچاوی دابەیەکدا .

- گەر بەو شێوەیە نەوەستایتایە نەدەکەوتی .

- قاچت هەڵخزا .

- قاچی من نیە !

- گەر قاچی تۆ نەبێت ئەی چیە ؟

- تۆ ! وەستانی بەو شێوەیەی تۆ لە ڕێگەمدا .

لە دووری ئەو وەستابوو ، هەچی بێت هۆکاری کەوتنەکەی ئەو نەبووە ، بەلام نەیدەتوانی بڕوا بە هیچ هۆکاری دیکە بکات ئەو بڕوای بەو بۆچوونە هەبوو :

گەر تووشی گرفتێك بوو ئەوا بەهۆی ئافرەتێکەوەیە ، گەر تووشی شتێکی باشەش بوو بەهۆی خۆیەوەیەتی .

دەمی بۆ تەنها ووشیەك نەکردەوە دەستی گرت بە سەریەوە ، پێویست بوو خۆی وا نیشان بدات کە هەڵخزینی قاچی بەهۆی ئەوەوە نەبووە و هۆکاری کەوتنیشی ، پێویستە داوای لێبوردنی لێ بکات و لێی بپارێتەوە .

خۆی گرمۆڵەکرد ، کاتێك بەپێوە وەستابوو سەرنجی دەدا ، بە تەواوی لە جووڵە کەوت ، بۆ ماوەیك خۆی وەك مردوو نیشاندا ، پاشان بەئاگا هاتەوە ، تاقگەکە هەڵیدەدا ، هەموو شتێکی نوقم کردبوو ، بەڵام خەڵکی گوندەکە بەرێی خۆیاندا دەرۆیشتن وەك ئەوەی هیچ ڕووی نەدابێت ، دەنگی فرۆشیارانی ڕۆژنامەکان بەرزدەبۆوە ، ئەویش بەبێ دەنگ وەستاوە ، بێدەنگی هەموو شتەکان ڕوون دەکاتەوە بێ قسە کردن ، بەرمیلەکە لەبەردەمیدایە و گۆمەکە لە پشتیەوەی و هیچیتر .

جەستەی کەوتە سەر زەوی و لەچکێکی بەسەریەوە بەست و دەستی بە گریان کرد ، فرمێسکەکان هوروژمیان هێنا و قلێنچکە هەوکراوەکانی چاوەکانیان دەسوتاندەوە ، لە خۆڵە نیشتووەکەی سەر برژانگەکانی دەتوایەوە و بە هێڵێکی ڕەش بەسەر ڕوومەتەکانیدا دەهاتنە خوارەوە .

سەری بەلای پیاوەکەدا ، لە شوێنی خۆی وەستابوو ، کراسەکەی دانا و سنگی ڕوتکرد ، بە دەستی یاری بە مووە ئاڵۆسکاوەکانی سەر سنگی دەکرد ، شتێکی نامرۆڤانە لە جەستەی ڕووتیدا هەیە ن نەیدەتوانی سەری بکاتە سەر ئەو سنگە ، چوارگۆشەیەکی فراوانی داخراو وەك سنووق ، بیرۆکەی ئەوەی بەخەیاڵدا هات کە

بە تەشوێکە بیکاتەوە، بەڵام دەستەکانی نەجووڵان ، بیرۆکەکە بریتی بوو لە داڵغە و بە مێشکیدا دەهات و دەچوو .

دەستی درێژکرد تا تەشوێکە هەڵگرێت ، لەو ساتەدا ئازارێکی توند هات بە سنگیدا ، وەك ئەوەی پارچەیەك نەوتی بەستوو لەگەڵ هەوادا چووبێتە سیەکانیەوە .

هاوارێکی کردوو کەوتە سەر قاچی ، بە وەستاوی لەشوێنی خۆی مایەوە کەمێك تێراما و ڕووخساری شل بوو ، هیچ هیوایەك نەبوو بۆ لابردنی ئازار ، بەڵام بوونی هەبوو ، شتێك هەیە لە بونیدا ، یان لەو جووڵەی کەوتن بەسەر پێیەدا ن یان سەرباری شلی لە ڕووخساریدا ، یا لەو تێڕوانینە پڕ مەترسیەی نێو چاوەکانی ، شتێك هەبوو ئازاری کەم دەکردەوە .

توانی چەند هەنگاوێك قاچەکانی بۆلای بجوڵێنێت دەستی لەسەر سنگی لەسەر ئازارەکە، لێی نزیك بۆوە و تەنها هەنگاوێك نێوانیان بوو ، لە ژیانیدا ڕووخساری پیاوێکی بەو شێوەیە بێزاری نەبینیوە .

چاوەکانی بۆ ئاسمان بەرزگردەوە ، خۆر ئاوا دەبوو ڕووناکیەکەش کوژابۆوە ، بە جووڵەیەکی نوشتاوەی کتوپڕ هات وەك ئەوەی بنوێت ، ملی بە گۆشەیەکی تیژ بەرەو پێشەوە هات ، جووڵەکە ترساندی و ڕاپەڕی و هەستایە سەرپێ ، دەستی لە قایشە چەرمیەکەی شاری توندکرد و ڕایکێشا جانتاکەی لەسەر شانی هاتەخوارەوە و کەوتە سەرزەوی ، لە جووڵەیەکی خێرادا تەشوێکەی لێ دەرپەڕی .

شنەیەکی شێداری هەوا هەڵیکرد ، قۆپچەکانی جلەکانی کردەوە تا ئەو هەوا شێدارە بکەوێتە سەر پێستە ڕووتەکەی ، بەرکەوتنی هەواکە چێژێکی هەبوو ، شتێکی لە شادومانی منداڵی بۆ گێڕایەوە ، هەموو منداڵی پەژارە نەبووە ، هەندێك ساتی خۆشیی تێدابووە ، کاتێك لەسەر پردەکە دادەنیشت لە

خۆرئاوابوندا ، بینی سەیری دەکات ، لە سنگە ڕووتەکەی وورد دەبێتەوە ، ئاماژەی هیچ حەزێکی تیانەبوو تا ڕایکێشێت ، ئەو تەنها دەیویست هەوا پێستی هەوکردووی شێدار بکات و عەرەقەکەی ووشك بکاتەوە .

ڕووتبونەوەی سروشتی بوو لەژێر ئەو گەرمیەدا ، بەڵام ئەو هەر لە سنگی وورد دەبۆوە وەك ئەوەی بە ئەنقەست ڕووتی کردبێت ، دەستی درێژکرد تا جلەکە دابخات بەڵام دەستی نەجووڵا ، لە ماندوێتیدا چاوەکانی لێکنا ، بەڵێ دەتوانێت هەڵبێت ، ئایا پێشتر جارێك هەڵنەهاتووە ؟ ئایا کەلێنێکی نەکردۆتە دیوارەکە و لێوەی بۆ پشوو چۆتە دەرەوە ؟

بەملاولای خۆیدا ڕوانی ، چوار دیوار دەوریان نەتەنیبوو ، تەنها پانتایی درێژکراوە لە شلە ، گۆماو یان دەریاچە کە شەپۆلەکانی ڕەشن ، دەتوانرێت بەلەمێك دەست بکەوێت ، یان لە ڕۆژنامەکان بەلەمێك بۆخۆی دروست بکات ، لە منداڵیدا کەشتیەکی بچکۆلانەی لە تووڵی خورما بۆ خۆی دروست کردبوو ، هەروەها فرۆکەیەکیشی لە گەڵای درەخت دروست کردبوو .

جەستەی ڕێك کردەوە و هەستا ، پێی بەلایەکی دیکەدا دوور لە پیاوەکە جووڵاند .

چەند هەنگاوێك دوور کەوتەوە ، لە دوورەوە زیاتر مرۆڤانە دەیبینی ، بە چاوی زیاتری نەرمی لێی دەڕوانی ، چاوەکانی بەرەولای دەکشێت ، دەتوانێت بانگی بکات گەر بیەوێت بەڵام بێدەنگە و لە بێدەنگیەکەیدا شتێکی نارێك هەیە .

تەنها چەند هەنگاوێك ڕۆیشت و گەڕایەوە ، پیاوەکە چوبووە خانووەکە ، بینی لەسەر پشت ڕاکشاوە و لە شووشەکە قەترە دەکاتە دەمیەوە ، بە زمانی دڵۆپێکی لستەوە کەوتە سەر لێوی سەرەوەی ، لایکردەوە وەك ئەوەی نەیزانیبێت دێت .

تۆ لەخۆباییت ، وایە ؟

- بەڵێ ، بەڵام لەزۆرێك لە پیاوان باشترم .
- بێگومان .
- بەیانی بەشی خۆتت دەدەمێ ، کاتێك پاداشتەکەیان سەرف کرد .
- بەیانی لێرە نابم .
- چی دەڵێیت ؟
- تکات لێ دەکەم هاوکاریم بکە تا بگەڕێمەوە ، لەوێ مێردەکەم چاوەڕوانمە ، لەوانەیە گومان دایگرێت ، هەروەها سەرۆکی کارەکەشم لە گومانکردن هیچی لە مێردەکەم کەمتر نیە ، بۆ پشوو هاتومەتە دەرەوە ، ئەمەش ککارێکە گومانی لێ دروست دەبێت ، بەڵام من تەنها گەڕان بەشوێن خواوەندەکاندا سەرقاڵی کردبووم ، لەوانەیە لەبارەی خواوەند سخمتەوە بیستبێتت .
- سوخمت ؟!

لێوەکانی بۆ پێشەوە سوییەوە ن کاتێك ووشەکەی درکاند ، لێوی خوارەوەی بۆ دەرەوە کردەوە و پیتی ( ت ) کۆتایی بە قەڵەوی درکاند .

- هیچ شتێك دەزانیت سەبارەت بە هەڵکەندراوەکان ؟
- لە جەژنی خاوەن شکۆدا فرمانی خەرجکردن دەدەن .
- خەرجکردنی چی ؟
- شووشەکان .
- من چیتر هیچم ناوێت !
- کەواتە کێشە چیە ؟

- تێناگەم بۆ ئازادم ناکەیت ؟
- ئازادیت ؟
- بەڵێ ، منیش وەك تۆ مرۆڤم و مافم هەیە .
- چی ؟
- مافەکانی ئافرەت ! ئایا نایزانیت ؟!
- سەبارەت بەم شتە نەمبیستووە ، ئێمە تەنها یاسای مافەکانی مرۆڤمان هەیە .

چاوەکانی نەرم بوو و هەناسەیەکی بێدەنگی هەڵکێشا و ڕووخساری شل بوو و شانەکانی شۆڕبونەوە ، هیچ هەوڵێکی وەڵامدانەوەی نەدا ، وەك ئەوە وابوو قسەکان هیچ واتایەکیان نەبێت .

ئەویش کەوتە بێدەنگیەکی درێژەوە ، سەری داخست وەك ئەوەی سەرنجی قاچەکانی بدات ، یان لەوانەیە خەو بیباتەوە ، پاشان سەری بەرزکردەوە و سەیری کرد .

- بۆچی ناتەوێت لێرە بمێنیتەوە ؟
- ئەی بۆچی دەتەوێت لێرە بمێنیتەوە ؟
- من کارەکەم لێرەیە .
- ئایا ئەم گاڵتەجاڕیە بەکار ناودەبەیت ؟
- ڕیزبەندییەکی دورودرێژ بەتەوسەوە لە چاوەڕوانی ئەوەدان شوێنەکەم چۆڵ بێت .

دەستی بەرزکردەوە و لە ئاسۆدا ئاماژەی بۆ هێڵێکی ڕەش کرد ، چاوەکانی سەرنجی جووڵەی پەنجەیان دەدا ، هێڵەکە لەشێوەی بازنەیەکی نوشتاوەدا بوو ، لەپشت

هەورێکی تاریکەوە وون بووە ، بەهۆی تیشکی خۆرەوە کەمێك ڕەوییوەتەوە ، لەوە دەچێت هێڵەکە جووڵاوبێت لەشێوەی خاڵی ڕەشدا ، هەزاران خاڵ لەشێوەی سەردا بەیەکەوە نوساون بەرەوخوارەوە نوشتاونەتەوە ، لە جووڵەیەکی هێواشی وەك سنگە خشێدا دەڕۆن ، قاچیان بەدوای خۆیاندا ڕادەکێشن ، هەنگاو هەنگاو بە پشتی چەماوەوە دەڕۆن ، پیاوانێك بە سمێڵی پرژاوەوە و ئافرەتانێك بە سەری پێچراوی بێ ڕووخسارەوە ، زریانەکە هەڵدەکات و هەورێکی نوێ دەردەکەوێت ، بەتەواوی لەبەرچاو وون دەبن ، تەنها ئەو هێڵە ڕەشەیان لێ دەمێنێتەوە کە لە ئاسۆوە لەشێوەی بازنەدا دەردەکەوێت .

چاوەکانی بۆلای پیاوەکە سوڕاند ، پاچێکی دەستدایەو دەستیکرد بە هەڵکەندنی زەوی، بەرمیل لەدوای بەرمیل پڕی دەکرد ، پشتی لێی بوو ، لەسەر نووکی پەنجەی هات ، دەتوانێت کەمێك دووركەوێتەوە و هەڵبێت ، لەوانەیە لەو هەڵاتنەدا سەرکەوتن بەدەست بێنێت پێش ئەوەی لابکاتەوە بەلایدا .

نانێکی لەسەر پارچە تەختەیەك بینی ، دەستبەجێ هەستی بە ئازارەکانی برسێتی کرد، جانتاکەی لەشانی کردەوە و دەستی درێژکرد ، قەپێکی لە نانەکە گرت ، قەپی دووەم و سێهەم ، پیاوەکە بینی نان دەخوات .

- چۆن خواردنەکەم دەخۆیت و ملکەچیشت بۆم ڕەتدەکەیتەوە ؟
- ئایا ئەمە خواردنی تۆیە ؟
- بێگومان .
- من لە عەرەقی تۆ ناخۆم ، منیش وەك تۆ عەرەق دەکەمەوە ؟
- وەك من ؟
- بەڵێ بۆ نمونە ، ئایا هەموو ڕۆژێك بەرمیلەکان هەڵناگرم بۆ کۆمپانیا ؟

- کۆمپانیا ؟

ووشەکە لە گوێچکەیدا زەنگێکی سەیری هەبوو ، ووشەیەکی نادیار ، چیە ؟ هاوبەشەکانی ئەم کۆمپانیایە کێن ؟ بەرمیلەکان بەکێ دەفرۆشن ؟ ڕۆژانە چەندی پێ دەدەن ؟ ئایا پیاوەکە کرێکەی وەردەگرێت ؟ لەوەتەی هاتووە هیچی وەرنەگرتووە ، هیچ جۆرە پارەیەکی نەگرتووە بە دەستیەوە .

دونیای لەپێش چاو تاریك بوو ، سەری بەلای پیاوەکەدا سوڕاند ، بە پاچەکە دەستیکرد بە لێدانی زەویەکە ، پیاکێشان لەدوای پیاکێشان ، جووڵەیەکی قورسی هێواش ، دواتر پاچەکە دەخاتە لاوە ، هەناسەیەك وەردەگرێت و بە چمکێکی دشداشەکەی عەرەقەکەی دەسڕێت ، خاکەنازەکە تا لێوار پڕ دەکات و بەهێواشی بەرزی دەکاتەوە و دەیکاتە بەرمیلەکەوە ، تەقە تەقێکی بەرز لە بەرمیلەکە هەڵدەسێت .

- نابێت ئافرەت بۆ پارە کار بکات .

- ئەی بۆچی کار بکات ؟

- لەپێناو ئامانجێکی گەورەتر .

قسەکەی ڕاست بوو ، ئامانجێکی دیکە هەیە لە ژیانیدا ، لەپێناو ئامانجە گەورەکە دەتوانێت ملکەچی ئامانجە بچکۆلانەکان بێت ، هەستی بە حەوانەوە کرد لە ئاست ئەم بیرۆکەیەدا .

بە دەستێك بەرمیلەکەی بەرزکردەوە و خستیە سەر سەری ، ماسولکەکانی ملی لەژێر قورساییەکەدا نوشتانەوە ، بەڵام ڕێك بونەوە ، نەوتە بەستووەکە لینجییەکی زۆری هەبوو ، لەنێو ورگی بەرمیلەکەدا دەشڵەقێت و لە ملەکەشیەوە شتێکی وەك هەڵم دەردەچێت .

بەرەو کۆمپانیا بەڕێکەوت ، دالغەی لەسەر ڕووی گۆمەکە ڕۆیشت بۆ ئەوەی کە خواوەند حەتحور بێت و خۆری لە نیوانی شاخەکانی هەلگرتبێت .
ماسولکەکانی ملی گورج کردەوە وەك جۆرێك لەخۆبایی بوون ، لە بنی بەرمیلەکەوە گەرمی وەك خۆر دەهاتە دەرەوە ، بە هەنگاوە جێگیرەکانی بێ سڵەمینەوە لە هیچ شتێك دەڕۆیشت .
لە دوورەوە کۆمپانیاکە وەك خاڵێکی ڕەش لە پانتاییەکی ڕەشتردا دەردەکەوت ، پارچەیەك لە زەوی لە شێوەی دوکەڵ کێشدا بەئاسماندا بەرزکراوەتەوە ، گڕو گەردیلەی ڕەش فڕێدەدا و لەژێر گەرمی خۆردا بە سووری دەردەکەوێت .
لەوانەیە لێرە لەدایك بوبێت و ژیانی تری نەبێت ، لە جووڵەیەکی کتوپڕدا ملی نوشتایەوە خەریکبوو بەرمیلەکە بکەوێت ، بە جووڵەیەکی خێرا بە دەستەکانی گرتی .

هەرچەند ئەو نزیك بوایەتەوە کۆمپانیاکە دوور دەکەوتەوە ، خۆر ئاوابوو شەو کشا بە جووڵەیەکی نوشتاوەی کتوپڕ هات وەك ئەوەی بنوێت ، لە منداڵییەوە هیچ شتێکی نەخستۆتە سەر سەری ، پووری ناردی بۆ قوتابخانە ، سەری بە لەچکەیەك دەپێچاو لە پێشەوەی نێوچاوانیدا سێ گرێی لێدەدا ، بەخاتوونی پیرۆزیش سوێندی دەخوارد کە هیچ شتێك نانێتە سەر سەری خوشکەزاکەی .
بەرمیلەکەی لەسەر سەری داگرت و خستیە سەر پشتی ، لەوانەیە ئەم شێوازە باشتر بێت ، گەر گەرمی دزە بکات بۆ پشت تەنها ئێسکی لێیە ، بەڵام گەرمی سەر عەقڵ دەتوێنێتەوە .

- ئایا لەبەر ئەم هۆکارەیە گوێدرێژ شت لەسەر پشتی دادەنێت نەك سەری ؟

بیرۆکەکە سەرسامی کرد ، گوێدرێژی بەلاوە ژیرتر بوو تا ئافرەتان ، هەروەها زانی بۆچی پیاوان شت ناخەنە سەر سەریان ، کەمێك بەرمیلەکەی بردە خوار پشتی ، کێشی کەمتر بوو ، هەوایەکی خۆش بەهێواشی دەچووە سنگیەوە ، سەری لە قورسایی ڕزگاری بوو ، بیرۆکەیەکی نوێی بۆ هات ، سەرسامی زیادی دەکرد هەرکات بیرۆکەیەکی بۆ بهاتایە ، جەستەی دەستی بە هەژان کرد ، شەپۆلێك لە یاخیبوون لە شێوەی موچورکەدا .

بە لەپی دەستی عەرەقی نێوچاوانی سڕی ، لە ژیانی وورد بۆوە ، چ شتێك ئیفلیجی کردووە ؟ لە منداڵیدا دەیویست ببێتە چی ؟ لە هیلاکیدا جەستەی داکەوت ، دەیویست وەك خاتوونی پیرۆز ببێتە پێغەمبەر ، توانای ئەوە هەبێت جووڵە بگێڕێتەوە بۆ قاچە لە جووڵە کەوتووەکان و بینایی بگێڕێتەوە چاوە نەخۆشەکان .

- ئافرەتێکی پێغەمبەر ؟! پێشتر ئەمەمان نەبیستووە !
- شێتی لە پوریەوە بۆ ماوەتەوە .
- جنی لێ نیشتووە .

چاوەکانی لێکناو خەوی لێکەوت ، بە خەوتن بەرەنگاری بێزاری دەبۆوە ، کەمێك ووره دەگەڕایەوە مێشکی ، وەك کرمی زەوی هیوا بەرەو جەستەی دەکشێت، سەیری کاتژمێرەکەی سەر مەچەکی کرد ، کات تێدەپەڕێت و هێشتا ئەو ڕاکشاوە ، ڕاپەڕی و هەستایە سەرپێ ، دەستی درێژکردوو تەشوێکەی هەڵگرت .

زەویەکە لەگەڵ گۆڕانی نەوتەکەدا ئەویش دەگۆڕا ، نەوتەکەش لەگەڵ گۆڕانی جووڵەی خۆر و بادا دەگۆڕا ، لەگەڵ بەرزبونەوەی پلەکانی هیوا و بێزاری هەناسەکانی لەنێو سنگیدا بەرزی و نزمییان دەکرد .

هەروەها تەوژمی خوێن لە دڵەوە بۆ قۆڵەکان و لە قۆڵەکانەوە بۆ تەشوێکە و لە تەشوێکەشەوە بۆ زەوی و لە زەویەوە بۆ نەوت و باو خۆر .

هەموو شتێك بە هاوسەنگی وەك ئەوەی چەقی کەون بێت دەسوڕایەوە ، گەر نەوت بگۆڕێت هەموو شتێك لە دەوری دەگۆڕێت ، زەوی و ئاسمان و جەستەشی دەگۆڕێت ، لەوانەیە هێزێکی نا ڕاستی نەوت بێت ، یان سروشتێکی تری نەناسراو ، چونکە نەوتی بەستوو بریتی نیە لە نەوتی شل ، قوڕی نەوتی نیشتووی بنەوەش تایبەتمەنی دیکەی هەیە ، هەروەها بەرەنگاربونەوەیەکی تەواو جیاوازیش ، لە ناخی زەویشدا هەموو شتێك دەگۆڕێت تەنانەت شێش ، لە مێشکیشیدا بیرۆکە لەدوای بیرۆکە دێت و دەچێت ، تەشوێکەش پیاکێشان لەدوای پیاکێشان بە زەویدا دەدا ، بێهودە ، هیچ شتێك دیارنیە و هەموو شتێکیش بە هیچ کۆتای دێت .

کاتێك گەڕایەوە بینی پیاوەکە لەسەر پشت ڕاکشاوە و چاوەکانی کراوەیە ، جگەرەیەکی داگیرساویشی بەدەستەوەیە ، لایکردەوە بەلایدا و پرسی ، هیچت ووت ؟ ئەو قسەی نەکردبوو ، تەنها سەرنجی مەشخەڵەکەی دەستی دەدا ، لەوانەیە ئاگر هۆکاری رزگاری بێت .

- چیت ووت ؟
- هیچ .

بە ئاوازێکی ملکەچیەوە ووتی ( هیچ ) ، شوێنەکە نوقمی بێدەنگی بوو ، گەر تەنها گەردێك ئاگر بگرێت هەموو شوێنەکە ئاگر دەیگرێتەوە ، بیرۆکەی مردن بە سوتاوی سەرنجی ڕانەکێشا ، قاچەکانی بەرەو دەرگاکە جووڵاند ، بە هەردوو دەستەکانی دەسکی دەرگاکەی گرت ، نەکرایەوە بە زەویەکەوە نووسا .

پیاوەکە جگەرەکەی بە پاژنەی پێڵاوەکەی کوژاندەوە ، پاشان ڕۆژنامەکەی بەدەستەوە گرت و لە پشتیەوە وون بوو ، وێنەکەی خاوەن شکۆی بینی لەگەڵ مانشێتێکی گەورە .

- بەبۆنەی جەژنەوە خاوەن شکۆ بڕیاریداوە بە شۆردنی پەیکەری سەرکەوتن .

چاوەکانی لێکنا و پاشان کردنیەوە ، بینی شتێك دەڕوات لە مار دەچوو ، کاتێك چاوی پێی کەوت کلکی بەرزکردەوە ، سڵاوی دەکرد ، سەری لەقاند وەڵامی سڵاوەکەی ایەوە ، بە دەنگێکی بیستراوەوە فوویەکی کرد ، تێگەیشت کە بە زمانێکی دیکە شتێك دەڵێت ، سەری لەقاند وەك ئاماژەیەك بۆ تێگەیشتن . سەر لەقاندنەکە بووە جووڵەیەکی دەست ، ڕۆژنامەکەی لە دەست پیاوەکە ڕاکێشا .

- هیچ مرۆڤێك نیە بتوانێت بەرگەی شتێکی وا بگرێت ، تۆش لەسەر کورسیەکە ڕاکشاویت و دووکەڵ دەکەیت وەك ئەوەی هیچ گرفتێك نەبێت لە جیهاندا !
- چ گرفتێك ؟
- ئەم گرفتە ! نایبینیت ؟

چاوەکانی سەرنجی پەنجەی دەدا کاتێك لە جووڵەیەکی بازنەییدا ئاماژەی بۆ سەرەوە دەکرد ، پەیکەری سەرکەوتن لە بەردی ( سیج ) دروستکرابوو چینێکی ڕەشی لە تۆزی نەوتی بەسەرەوە بوو ڕووخساری لە پێش شۆریندا ڕەش بوو چەندین پەڵەی چەوری پێوە بوو .

نەیدەتوانی لەو ئامادەبوونە دوابکەوێت فرمانەکە بە ئامێری چاپ نوسرابوو و بە وێنەی هەلۆ مۆر کرابوو ، پێویستە لەسەر ئافرەتان ئەرکی شۆرینەکە ئەنجام بدەن و دەبێت پیاوانیش بە ڕیز بوەستن سلاو وەرگرن .

نەیزانی چەند کات تێپەڕیووە و ئەو سەرقالی شۆرینە ، پەیکەرەکەی بە ملکەچی هاتە پێشچاو لەژێر دەستەکانیدا ، هەناسەکانی لەگەڵ جوولەی دەستەکانیدا بوو ، لێدانەکانی دلی و چرکەی کاتژمێرەکەی سەر مەچەکی ، جوولەی شۆردنەکە وەك جوولەیەکی بێ کۆتایی یان خۆنەویست دەهاتە پێشچاو ، یان هەولێکە بۆ هەلهاتن لە جوولەیەکی دیکە.

لەدوای شۆرینەکە ڕووحسارەکە ڕەنگی سپی بوو ، وەك ڕووخساری خاوەن شکۆ ، گۆشتن و سنگی فراوان ، دوو مەمکی بەرزی وەك خواوەند ئەخناتونی پێوە بوو .

ماوەیەکی زۆر لە پەیکەرەکە وورد بۆوە ، لە باشورەوە بایەك هەلیکردوو چاوەکانی پڕ گەردیلەی نەوت کرد ، ئازارەکە وەك سووتان وابوو چاوەکانی نوقاند ، لە پشتیەوە گوێی لە دەنگێك بەو و خەریکبوو دەستی پیاوەکەی بەردەکەوت .

نیوە چاوێکی هەلهێنا ، پیاوەکە ئەو پیاوە نەبوو ، بینی ئافرەتێك وەستاوە ، زەوی یان خۆری لەسەر سەرە دوو شاخی نوشتاوەی بۆ پێشەوەی هەیە ، ڕووناکی کەم بوو ، یان لەوانەیە هەوکردنی چاوەکانی بینینی کەمکردبێتەوە ، ڕووخساری ئافرەتەکەی نەبینی و نەشیتوانی دلنیابێت لەوەی لە سەر سەری هەلیگرتووە .

چیتر مێشکی توانای جیاکردنەوەی نەمابوو ، لەگەڵ زیادبوونی پلەی گەرما هەموو شتێك لە مێشکیدا تێکەڵ ببوو ، خۆر لە بەرزی ئاسماندابوو ، لەگەڵ دەرچوونی شلە ڕەشەکەشدا خێرایی با زیادی کردبوو ، عەرەق لە شێوەی دلۆپدا بەسەر لووتیدا دەهاتە خوارەوە ، دەستەکانی بۆیان نەبوو بەرز ببنەوە تا

عەرەقەکە بسڕن ، لێی گەڕا لەگەڵ فرمێسکەکانی کۆبێتەوە و داباڕێن ، لەوانەیە خۆر دووژمنکە بێت ، سەرلەنوێ مێشکی کەوتەوە کار لەوکاتەی زەویەکەی ڕادەخست بەڵام دەنگی ئافرەتەکە بیرکردنەوەیی پچڕاند .

هەستە خوشکم خۆت بشۆرە جەژنت پیرۆز بێت .

لە شوێنی خۆی هەلگەڕایەوە و سەرنجیدا دشداشەکەی ڕەشێکی درێژبوو ، ڕووخساری لە ڕووخساری پووری دەکات ، ملی لەژێر قورساییەکەدا نوشتاوەتەوە ، پارچەیەك بەردی هەلگرتوو لە قلیشاویەکەی پێی دەخست چینە ڕەشەکەی لێ دەکردەوە توند لێی دەخشێنێت وەك ئەوەی پێی پەیکەرەکە بێت ، لێخشاندنەکە خۆشیەکی لە سەریدا دروستکرد ، نەیزانی قاچ چ پەیوەندیەکی بە سەرەوە هەیە .

گەر بەرکەوتنی خۆر نەبوایە دەیتوانی چێژی زیاتر لە کردەی شۆرینەکە وەربگرێت ، هەروەها هەندێك شەرم ، چونکە ئەو ئافرەتە پێی بێگانیە و پووری نیە ، هەموو جلەکانیشی دادەنێت ، ڕووتیەکەی ترسناك بوو ، هەرگیز لە پێشچاوی ئافرەتێك یان پیاوێکدا خۆی ڕووت نەکردۆتەوە ، بەتایبەتیش مێردەکەی ، لە دیدیدا پاکیزە و پیرۆز بوو وەك مریەم ، سەرۆکی کارەکەشی ناوینابوو پاکیزەکە ، تا لەناکاو کەوتە هەڵمەتێکی پشکنین .

- کوان بلاوکراوەکان ؟
- چی ؟
- ئەو بلاوکراوانەی شاردونتەوە .
- هیچم نەشاردۆتەوە .
- بینیم پێت بە دەست و خەتی خۆت دژی خاوەن شکۆ .

- هیچم نەنوسیووە .
- قۆڵەکانت بەرز بکەرەوە !

قۆڵەکانی بەرزکردەوە ، هەستی بە پەنجەکان کرد نێوانی مەمکەکانی دەپشکنی و دادەبەزییە خوارەوە بۆ ناوچە قەدەغەکراوەکە .

- ئەمە پێشێلکردنی حورمەتی جەستەیە !

کاتێك بەئاگا دەهاتوە هاواری دەکرد ، کوا مافەکانی مرۆڤ ؟ بینی لە جێگەکەدا ڕاکشاوە ، لە دەوری ئافرەتان بە بەرمیلەکانەوە لەسەر چاویان تارماییەك بەدی دەکرێت ، چینێك لە نەوت بیلبیلەکانی شاردۆتەوە ، فرمانێکی خاوەن شکۆش هەبوو :

- کاغەز و قەڵەم بە هەر ئافرەتێك بگیرێت دەبێت بدرێتە دادگا .

هەرکات لە ڕووخساریانی بڕوانیایە ئازارەکانی زیادی دەکرد ، یەك لەدوای یەك وون بوون ، یەکێکیان دەستی بەڕۆیشتن کردوو هەموو دوایکەوتن لە دیوارەکەوە دەنگی دەبیستن ، بە دەنگێکی پچرپچڕ هەناسە بڕکێیانە ، بڕبڕەکانی ملیان لەژێر بەرمیلەکاندا تەقە تەقی بوو ، دانانی پێکانیان لەسەر زەویەکە بێدەنگ بوو ، هەوا بەرەو ناخی پردەکەی دەبرد بۆلای خانووەکانی گوندەکە ، دەنگی وەڕینی سەگەکان لە دوورەوە دەهات ، پرسیارێکیش بە مێشکیدا دەهات : ئایا بە تەنها هەڵبێت یان پلانەکەیان بۆ ئاشکرا بکات ؟

هێشتا پلانەکە ئاشکرا نەبوو ، سەرۆکی کارەکەی ڕاپۆرتێکی نهێنی نووسی بوو ، ڕاپۆرتەکان لەبارەیەوە تەنها بە نهێنی دەنووسرا ، ئافرەتێکی دیکە لە بەشەکە شوێنەکەی داگیرکردبوو ، دەیبینی لە ژوورەکەی دانیشتووە و لە حەزەوە بەملاولای خۆیدا دەڕوانێت ، لە سەرنجدان نەدەوەستا تا نهێنیەکەی بۆ ئاشکرا

نەبێت . چاوی مێزەکەی دەکردەوە و پەڕاوەکانی دەپشکنی ، دەستی دەکەوێتە سەر نامەیەکی خۆشەویستی لە مێژینە ، چەند دێڕە هۆنراوەیەك دەیانخوێنێتەوە ، لە نێوانی هەر دێڕێکدا هەناسەیەکی قوڵی بیستراو هەڵدەکێشێت ، لە دۆسیە نهێنیەکەدا بەرواری لەدایکبوونی دەدۆزێتەوە ، وێنەی پووری لەچکەکەی بەسەریەوەیە ، چاوەکانی لەسەر خانووەکە هەڵوێستەیەك دەکات ، ژوورێکی بێ تەوالێت لە ڕاڕەوێکدا ، حەزی زانین وایلێدەکرد لە کەلێنەکەوە سەیر بکات ، دەیبینی ژوورەکە تاریکە و خاڵیە و هیچ مۆبێلەیەکی تێدا نیە ، بە جووڵەی لاچاوێك بینی مێردەکەی دانیشتووە و ڕۆژنامە دەخوێنێتەوە ، کەمێك سەری دەجوڵێنێت ، لەلاوە لووتی دەبینێت گەورە و چەماوە لە لووتی خاوەن شکۆ دەکات ، بەڵام وێنەی بڵاونەکراوەتەوە و ناوی نەزانراوە ، بەبێ جووڵە و بێدەنگ دانیشتووە ، بێدەنگەیەکەی ڕێگە خۆشکەری نادیارییەکەیەتی ، جەستەی پڕ دەبێت لە حەسوودی بەهۆی ئەوەی توانی هەڵبێت ، چۆن هەڵهات ؟ بۆ پشوو چووە دەرەوە و نەگەڕایەوە ، نهێنیەکە لە دڵیدا دەشارێتەوە و بێ ویستی خۆی دەتەقێتەوە ، پڕوپاگەندە لە بەشی هەڵکەندراوەکان بڵاودەبێتەوە ، هاوڕێ کوڕ و کچەکان دەست بە چپە چپ دەکەن و ئیرەیی دەیانگرێت .

ئیرەیی کارێکی دژ بە مێشك نەبوو ، بەڵکو بەلای فەرمانبەرەکانەوە شتێکی سروشتی بوو ، هیچ مرۆڤێك نیە لە فەرمانبەر ئیرەیی زیاتر بێت ، بەتایبەتیش لە بەشی هەڵکەندراوەکان ، دەیبینی خەڵکی لە دەوری دێن و دەچن بەڵام ئەو لە ژوورێکدا دەست بەسەرە ، خەڵکی سەبارەت بە داهاتوو قسە دەکەن ، بەڵام ئەو هێشتا لە ڕابردوودا و لەگەڵ هەڵکەندراوەکان دەژی ، ژیانیش بەبێ ئەو بەڕێوە دەچێت ، هیچ شتێك لە گەوندا ناگۆڕێت گەر بژی یا بمرێت ، تەنها

خەوبردنەوەی لەبەردەمدایە کاتێك دەخوێنێتەوە ، یان گەڕان بەشوێن خواوەندەکاندا لە قولایی زەویدا ، جۆرێك لە خۆشەویستی خودایی ، بەرەو سۆزی مردن ڕاپێچی دەکات یان بۆ چوونە دەرەوە بۆ پشوو .

- ئایا شەڕتان بووە ؟
- هەرگیز .

مێردەکەی لە ژوور لێکۆڵینەوە وەڵامی پرسیارەکەی دایەوە ، پیاوە پۆلیسەکە لەگەڵ سوڕانی کورسیەکە جەستەی سوڕاند .

- تۆ دەڵێیت خۆی کوشتووە ؟
- هەرگیز .
- ئایا سۆزی بۆ مردن نەبووە ؟
- هەرگیز .
- ئەی کەواتە چۆن وون بوونی لێك دەدەیتەوە ؟
- هیچ شتێك .
- هیچ شتێك ؟
- بەڵێ هیچ شتێك !

کاتێك مێردەکەی ووشەی هیچ شتێکی دەدرکاند لێوەکانی دەسوییەوە ، تا ئەو ڕادەیەی ئێسکەکانی شەویلگەی تەقەتەقی دەکرد ، ڕویکرد بەلای ڕۆژنامە نووسەکاندا ، تیشکی فلاشەکە لێیدا و ڕووی بە شەوارەی خست ، وێنەکەی لە لاپەڕەی ناوەوە دەرکەوت ، شەویلگەیەکی چوارگۆشەیی و ڕووخسارێکی زیاد لە پێویست لاکێشەیی ، هیچ شوێنەوارێکی پێوە دیارنەبوو خاڵێکی ڕەش نەبێت بەسەر ڕوومەتی ڕاستیەوە ، لەنێوانی لێوە جووتەکانیەوە خەندەیەك بینرا ، لە

خەیاڵی منداڵیدا وێنەکەی خۆیی لەپاڵ وێنەی خاوەن شکۆدا دەبینی ، دایکی دەستەکانی بۆ ئاسمان بەرزدەکردەوە و لە خاتوونی پیرۆز دەپاڕایەوە کوڕەکەی وەك پادشای لێبێت ، بۆ نا خاتوونی پیرۆز ؟ ئایا لە سکێکی وەك هەمان ئەو سکەی پادشای لێ بووە نەهاتۆتەدەر ؟

هەناسە بڕکێی ئافرەتان لە خەیاڵیدا وون ببوو ، لە دوورەوە وەڕینی سەگەکان دەستی پێکرد ، سەگەکان بێ هۆکارێك نەدەوەڕین ، ئایا دەبێت ئەم ئافرەتانە شتێك نەکەن ؟ لە چاوەکانی ژێر تارماییەوە تێڕوانینێکی یاخیبوون هەیە ، دژە کردەیەك لە حاڵەتێکی خەفەکراوی هەمیشەییدا .

چاوەکانی کردەوە هەستی بە سوتانی خۆر کرد ، تای هەبوو ، ووشەی دژە کردەیەکیش چەندین پەردەی خەیاڵی لە دەووری دروستکردبوو ، خۆیی دەبینی چاوارمشقی لەسەر سەری ئافرەتەکان وەك بەرمیل دانیشتووە ، بە کۆڵانەکانی گوندەکەدا دەیگێڕن ، لە سەربانەکانەوە چاوەکان سەرنجیان دەدەن ، بە پێکانیان بەزەوییدا دەدەن ، وێنەی خاوەن شکۆ بە عامودەکەوە دەلەرێتەوە و دەکەوێتە خوارەوە بۆ بەرپێکان و پێی لێ دەنرێت .

بە سەری پەنجەی قلێنچکەی چاوی هەڵگلۆفت ، ئازارەکە سوتێنەرە ، بێ هێز لەوکاتەی لەسەر زەویەکە ڕاکشاوە مێشێك هەڵفڕی و بە لووتیەوە نیشتەوە ، خەریکی خواردنی توێخێکی هەڵدراوی پێست بوو ، دەستی بەرزکردەوە کشەی لێ بکات ، بەڵام مێشەکە لە شوێنی خۆی مایەوە ، تەشوێکە بە دەستەکەی تریەوە بێ جووڵە مابۆوە ، لە دوورەوە دەنگی وەڕین دەهات و منداڵان بەرد دەهاوێژن و پیاوان دەستیان کردووە بە دەستی یەکتردا و بەبێ ئاراستە نەوت هەڵدەقوڵێت و ڕەنگەکانی ئاسمانیش لە تاریکیدا وون دەبن .

خواردنی ئێوارە ئامادە بکە !

دەنگی پیاوەکە بە سیفەتی فرمان گوێچکەی دەسمێت ، تەواو وەك پیاوێك لەگەڵ هاوسەرەکەی بدوێت ، خزمەتکارێکی بێ کرێ ، دەکرێت ئەوە مێردی بێت ؟ نازانێت کەی شووی پێکردووە ، لەوانەیە لە نادیاری ئەودا گرێبەستی هاوسەری بۆ کردووە بێ ئامادەبوونی خۆی ، بەهەرحاڵ ئافرەت ئامادەی گرێبەستی هاوسەرگیری نەدەبوو ، دەتوانرا هەموو شتێك بێ بوونی ئەو ئەنجام بدرێت .

ماسولکەکانی پەنجەی بە تەشوێکەوە گرژ بوو ، تەوژمێکی لەناکاوی توڕەیی ، پاڵی بە خوێنی ماسولکەکانەوە نا ، دەستی بەرزکردەوە و بە ناخی زەوی کێشا ، سەری تەشوێکە بە شتێکی ڕەقیدادا ، پەیکەرێکی لە برۆنز ن یان بەردی سیج ، ڕەنگی کەمتر تاریك بوو وەك شووشەی بورکانی .

لەوکاتەی ڕایدەکێشا پەنجەکانی بەر شوێنە نەرمەکانی کەوت ، هەستی بە مل و سنگ کرد ، دەستی بەر مەمکە بەرزەکان کەوت . هاوارێکی کردوو چاوەکانی کردەوە ، خواوەند حەتحور بوو . مەمکەکانی ڕووت ، هەردوو دەستی بە مەمکیەوە گرتبوو وەك ملکەچیەکی تەواو ، جووتێك ماری بە دەستەوە بوو .

خەریکبوو بیگرێت گەر قوڵپێکی نەوت نەبوایەو هەموو شتێکی نوقم نەکردایە . دەبێت ئەوە زریانەکەی نوح نەبێت ؟ لە کتێبی هەڵکەندراوەکاندا سەبارەت بە زریانی نوح خوێندبویەوە ، ساڵانی ووشکە ساڵی و نەبوونی و چیا و بیابان ، زەوی بەرەو چاخی بەستەڵەك دەچوو ، دواتر ناتەواویەك لە هاوسەنگی سروشتی بەرگی هەوایی ڕوویدا ، پاشان سیستمی حوکمڕانی هەڵگەڕایەوە لەدوای کوشتنی خواوەندی دایك .

- من برسیمە خواردن ئامادە بکە !

ئەمجارەیان گوێی لێ نەبوو دەنگی هەڵقوڵانی نەوتەکە ئاستی بیستنی کەمکردبۆوە ، پەنجەکانی بە تەشوێکەوە شل بوون و کەوتە خوارەوە ، خەریکبوو تەوژمەکە بیبات گەر ملی بەرزنەکردایەتەوە و سەری تا ئاستی لێوارەکە نەبردایە ، لە گێژاوی دەریای دەکرد بەخێرایی بەدەوری خۆیدا دەخولایەوە ، خولانەوەی زەوی ، وەك ئەوەی بکولێت دووکەڵی لێ بەرزدەبێتەوە ، وەك منداڵێك هاواریکرد :

- دایکە !

لەگەڵ ووشەی ( دایکە ) جەستەی هەژا بۆیەکەمجارە بە ڕوونی ووشەکە بدرکێنێت ، لەوەتەی لەدایکبووە بانگی دایکی نەکردووە ، لەوانەیە لەبەر ئەوە بووبێت کاتێك لەدایکبووە ئەو مردووە ، یان لەوانەیە بەهۆی ئەوەوە بووبێت کە فێری قسە ببوو .

کاتێك گەردەلوولەکە هێور بۆوە ، هەناسەکانی پچڕپچڕ و چاوەکانی نوقاو ، دیمەنی تۆفانە کۆنەکەی هاتەوە پێشچاو ، ترسی نوقم بوون دڵی خەڵکەکەی تەنیبوو ، لە لووتکەی ترسدا وەك ئەو هاواری دایکیان دەکرد ، پوٚوری کاتێك دەترسا هاواری دەکرد : دایکە ! تفی دەکرد بە بەرۆکی خۆیدا ، گەڕەکەکان تەنگەبەر بوون ، خانووەکان لە قوڕن و بە ئاستەم تروسکاییان لێوە دەهات ، وەك خێو سێبەری دروست دەکرد ، شەوانی گوند ترسناك بوو ، جنۆکاوی بوو ، تەواو لەبارە بۆ هاتوچۆی شەیتان ، ئەو شەوە بینی پووری بە ناخی پردەکەدا دەڕوات ، ئەوە خودی شەیتان بوو لەشێوەی مرۆڤدا ، خەڵکی دەیانوت : تۆفان لە شەیتانەوەیە و هاواری خواوەندی دایکیان دەکرد تا فریایان بکەوێت :

- ئەی دایکی خۆشەویستمان ، تۆ لەکوێی ؟

- ئایا شەیتان تۆی شاردۆتەوە ؟

- تارمایيەکی ئەستووری داوە بەسەر ڕووخسارتدا ؟
- وێنەکەتی شێواندووە و ناوتی گۆڕیوە ؟

شێوازی جەستەی ڕاکشاوی لەسەر لێوارەکە نەگۆڕی ، لە دوورەوە دەنگە تورەکەی دەهات، وەك ئەوەی لە ناخی بیرەوە بێت ، خەریکبوو بە گوێچکەکانی نەیدەبیست ، تەنها هەستی پێ دەکرد . کەوتە سەر لاکەی دیکەی تا لە تینی خۆرەکە کەمبکاتەوە ، وێڕای تورەیی دەنگی لە دەنگی ساوایەکی شیرە خۆرەی دەکرد ، ئایا هێشتا دایکی خواردنی نەداوەتێ ؟ پێش ئەوەی پووری شیری بداتێ بە لەپی دەستەکانی گۆی مەمکی دەگرت ، دونیا شەو بوو و لەدوای دیارنەمانی خۆر گەرمی نزم بۆوە ، دەنگی تۆفانیش وەك شەپۆلی دەریایە .

- من برسیمە !

دەنگی پڕی ناسکی بوو ، برسێتی پیاوان گوێڕایەڵ دەکات . لەژێر توێکڵە زبرەکەوە مرۆڤ ئاشکرا دەکات ، وەك دایك دڵی پڕی بەزەیی بوو ، چووە چێشتخانە و تەباخی داگیرساند ، پەستانی خستە سەر دەمانچەکە و پزیسکی ئاگر دەرچوو ، وەك چۆن لە منداڵیدا پێکەنی ، لە دەفرێکی ئەلەمنیۆمدا شۆربای بۆ گەرمکرد ، پەتاتە و پیازی جنی، هەڵم لە دەفرەکەوە بەرزبۆوە ، گەردیلەی نەوت لە سەقفەکەوە کەوتە خوارەوە ، چینێکی تاریکی لەسەر ڕووی شۆرباکە دروستکرد ، بە دەسکی کەوچکەکە لایدەدا ، بەڵام دووبارە گەردەکان دەکەوتنەوە خوارەوە و لایدەدایەوە ، تا بەتەواوی لایدا ، تەنها چەند گەردیلەیەکی کەمی وورد نەبێت بەسەر ڕووی شۆرباکەوە وەك مێشی مردوو .

بە دەنگێکی بیستراو شۆرباکەی هەڵدەلووشی وەك چۆن بۆریەکان نەوتەکەیان هەڵدەلووشی ، لە نێوانی هەر هەڵقوڕاندنێکدا قرخەیەکی دەکرد ، ئیدی دوای

خواردن بێدەنگی باڵی دەکێشا ، بێئەوەی بەدلەکەی کۆمپانیا دانێت چاوەکانی لێکدەنا ، ڕەنگی شینە و چەند پەڵە نەوتێکی وەك زەیتی پێوەیە ، بۆنی گازی پەنگ خواردووی ناخی زەوی لێدێت ، لەوکاتەی نوستووە لەو منداڵەی دەکات کە لەژیانی پێشویدا بویەتی و مردووە ، کاتێك لەخەو هەڵدەسا جلەکانی لەبەر دادەنا ، بە پارچەیەك بەرد دەکەوتە خشاندنی جەستەی ، دواتر بە جلە کۆنەکەی ووشکی دەکردەوە ، خاولیەکەی لە دەستیدا دەنوشتاندەوە تا وەك تەلێکی ئەلەمنیۆمی لێدەهات ، بە پتەوی ووشکی دەکردەوە وەك ئەوەی بنی قاپ بێت ، لە دوورەوە و لە شێوەی ئاوازێکی ڕێکخراودا دەنگی وەڕینی سەگەکان و هەناسە بڕکێی ئافرەتان دەهات ، لەگەڵ هەمان ئاواز و جووڵەی دەستەکانی و هەڵبەز و دابەزی هەناسەکانی و لێدانەکانی دڵی سەری بادەدا ، پاشان جووڵەکە هێواش دەبۆوە ، هێور دەبۆوە و لەوکاتەی بەپێوە وەستابوو خەو دەیبردەوە . . . .

بە دەنگێکی بیستراو هەناسەیەکی هەڵکێشا ، بینی دانیشتووە و جگەرەیەکی پێیە لەو دیوی ڕۆژنامەکەوە . لە نێوانی لێوەکانیەوە بە چێژەوە دووکەڵەکە دەداتەوە .

- تکایە نەفەسێك !

- دەڵێی چی ؟

- نەفەسێك جگەرە !

- بە فرمانی خاوەن شکۆ ئافرەتان نابێت جگەرە بکێشن .

لێوەکانی جووتکرد و وەڵامی نەدایەوە ، خواردنی دابوێی و شۆڕیبوشی ، کردبویە منداڵە وونبوەکەی ، ئازاری لێ دوور خستبۆوە ، ئایا ماڤی ئەوەی نیە وەك ئەو لەو چێژەدا وون بێت ؟

کاتێك بەرمیلەکەی دایە ویستی بیکات بەسەریدا ، بەڵام پاشگەزبۆوە ، دەتوانێت ئەمرۆ ملکەچ بێت بۆ ئامانجێکی گەورەتری سبەی ، نابێت هەموو شتێك لەدەست بدات لەپێناو نەفەسێکدا .

دووکەڵەکە لە هەردوو کونە لووتیەوە دەهاتەدەر ، کونەکان دەکرانەوە و مووەکان لەچێژدا دەلەرینەوە ، هەناسەیەکی قوڵی هەوای هەڵمژی ، هەڵمژینێکی قووڵ جارێك و دووان ، هەندێك دووکەڵ چووە سنگیەوە ، لە دەمی و لووتیەوە فرێیدایەوە ، لەوانەیە لەگەڵ ئەو دووکەڵەدا توڕەییشی بچێتە دەرەوەی جەستەی ، بێزاری دونیاش کەمتر بێتەوە ، یان لەوانەیە دووکەڵ بچێتە مێشکیەوە و بیرۆکەیەکی بلیمەتانەی بۆ بێت و لە ژیانی ڕزگاری بکات .

وێنەی بلیمەتەکانی لە کتێبەکەدا دەبینی ، سەر سەریان هەورێکی دووکەڵ تەنیوێتی ، یەکێکیان سەری بەلادا خستووە و دەستی گرتووە بە لاجانگیەوە ، چاوەکانی نیو کراوە و بۆ سەرەوە دەڕوانن ، لەسەر هیچ شتێك جێگیرن ، دووکەڵیش لە هەردوو کونە لووتە گەورەکەیەوە هاتونەتە دەرەوە ، هەروەها لە کتێبەکەدا وێنەی پێغەمبەرانیشی دەبینی ، کەسێکیشیان نەیاندەتوانی خواوەند ببینن تەنها لەپشت هەورێك لە دووکەڵ نەبێت .

هەناسەیەکی تری قووڵی هەڵمژی ، سەری پڕبوو لە دووکەڵ ، مێشکی لەژێر ئێسکەکانی سەریەوە دەستی بە جووڵە کرد ، بیرۆکەکەش بە جووڵەیەکی هەست پێکراو لەدایك دەبوو ، بە دەستەکانی سەری گرت دەترسا لە دەرچوونی بیرۆکەکە لەو کونانەی کە لە گوێچکە و چاوەکان و لووتدان ، بە دەستەکانی پەستانی دەخستە سەر ئێسکەکانی سەری، زۆر بەم حاڵە نەمایەوە و دەستەکانی شل بوون و کەوتنە تەنیشت جەستەی .

- ئایا بە پێوە دەنویت ؟

بە دەنگێکی وەك دەنگی بارەی مەڕ نمە نمێکی کرد ، دەنگەکە لەشێوەی لوورەی بادا هاتە گوێی ، ڕەشەباکە دەیلووراندوو گەردیلە ڕەشەکانیش دزەیان دەکردە ژێر جلەکانی. کونەکانی سەر پێستی داگیردەکرد ، چاوەکانی لێکناو چووە خەونێکی سەیر ، خۆیی بینی بە سوار پشتی تەشوێکەوە وەك لەسەر پشتی ئەسپ بێت ، بەنێو شارێکی نەناسراودا پێی دەڕۆیشت خانووەکانی بەرزن ، سەری تەلارەکان هەوریان بڕیووە ، شەقامەکانی هێند تەنگن خەریکە ڕێگەی ڕۆیشتنی نابێت ، تەشوێکە بەبێ باڵ بەرەو ئاسمانی دەبرد ، بەسەربانەکاندا و ئەویش وەك بەسەر جۆلانەوە بێت قاچەکانی دەجوولاند ن چاوەکانی ئافرەتان سەرنجی ئیرەییان دەدا ، دەستەکانیان بەرزدەبۆوە و چەپڵەیان لێدەدا ، پاشان دەستەکان لە هەوڵی خستنە خوارەوەیدا ڕایاندەکێشا ، بەخێرایی قاچەکانی دەجووڵاند تا ئەسپەکە بەرزی بکاتەوە ، ئەو ئەسپەی ئەسپ نەبوو بەڵکو تەختەیەکی لە دار داتاشراوبوو سواری دەبوو و وەك چۆن منداڵانی گوندەکە وایان دەکرد .

دەستەکان ڕایاندەکێشا و دەکەوێتە خوارەوە ، جەستەی بەردەبێتەوە و لە تەمێکدا وون دەبێت ، پاشان دەبینێت بەسەر شۆستەیەکدا دەڕوات ، لە گەرمادا لەژێر پێیدا دەتوێتەوە ، پارچەیەك لە قەتران بۆنی نەوتی لێدێت بە پاژنەی پێڵاوەکەیەوە دەلکێت، هەنگاوەکانی خێرا دەکات و هەناسە بڕکێی پێ دەکەوێت و دەچێتە بینایەکی ڕەشەوە ، بێ دەرگا و بێ پەنجەرە تەنها چەند عەمودێکی ئاسنین نەبێت ، بۆنەکەش خنکێنەرە . تەشوێکە لەنێو جانتاکەیدایە ، قایشەکەش بەشانیەوەیەتی و دەستی لێ توووند کردووە ، پێکانی سەر پلیکانەیەك دەکەون ، خەریکە دەخزێت ، بێئەوەی هیچ شتێك بگرێت خۆی هاوسەنگ دەکاتەوە ،

بەرزکەرەوەی لێ نەبوو پلیکانەکانیش لولەکی و تەنگ بوون ڕێگەی نەدەدا جەستەی تێپەڕێت ، بەرەو دەرگایەکی بچکۆلانە دەچێت لەناکاو دەکرێتەوە خۆی لەناو ژوورێکی خاڵی لە مۆبێلەدا دەبینێتەوە جگە لە کورسیەك نەبێت کە بەدەوری خۆیدا دەسوڕێتەوە و مێزێك کە چەند پیاوێکی لە دەورە و تەنها بەرزاییە دیارەکانی سەر دەم و چاو و نێوچاوان و ڕوومەتەکان و شەویلگەکان و ئێسکی لووت و لاجانگیان دەبیرنران ، سەریان بەرزنەکردەوە کاتێك چووە ژوورەوە ، هەموو بەسەر کتێبێکەوە ڕاماون ، بە پەنجەکانیان کە ماسولکەی بەرزیان هەبوو لاپەڕەکانیان هەڵدەگێڕایەوە لە بەرگی یەکەمەوە تا دوا لاپەڕە ، پاشان سەر لە نوێ دەستیان پێ دەکردەوە .

ئەمەیە ناوەکەت ؟

دەنگەکە لە مێردەکەی دەکات ، بەڵام پایپە ڕەشەکە لەوەی دڵنیا دەکاتەوە کە سەرۆکی کارەکەیەتی ، لەوکاتەی لەسەر کورسیەکە دانیشتبوو بەدەوری خۆیدا خولایەوە ، ڕاستەوخۆ کەوتە بەرامبەری ، کە ڕووخساری بینی زانی کە لێکۆڵەری پۆلیسە ، بێدەنگی باڵی کێشا ، گوێی لە خشە خشی کاغەزەکان بوو ، بەرزبونەوەی دووکەڵ بۆ سەقفەکە ، لەسەر کتێبەکە بە پەنجەی ئاماژەی کرد بۆ ناوەکەی .

ئەمە ناوی تۆیە وایە ؟

- بەڵێ .

ئەی کتێبەکە ؟!

سەبارەت بە خواوەندەکان .

- ئایا ئەمە سەوڵ لێدان نیە بەرامبەر بە خواوەندەکان ؟

وویستی دەستی بەرز بکاتەوە و بپرسێت سەوڵ لێدان چیە و سەوڵەکان لە کوێن ، بەڵام تەمومژەکە ئاستی بینینی کەمکردەوە ، گوێی لە دەنگی تەقەی شکاندنەوەی کاغەزەکان بوو ، لووتی پڕی بۆنی دووکەڵ بوو ، کاغەزەکان بوو دەسوتان ، پریشکێك لە ناو پایپەکەوە دەرپەڕی ، ئاگرەکە تا بەرمیلە نەوتەکان درێژبۆوە ، یەك لەدوای یەك تەقینەوە و ئاگر بۆ ئاسمان بەرزبۆوە .

کاتێك چاوەکانی کردەوە لووتی پڕی دووکەڵ ببوو ، ئەو پیاوەی لەجێگەکەی خۆی دانیشتبوو لێی وورد دەبۆوە ، وایزانی لەوکاتەی نوستووە جگەرەی لە گیرفانی دەرکردووە ، پێش ئەوەی بنوێت جگەرەکان و پارەکانی گیرفانی دەبژارد و شووشەکەشی لە شوێنێکی نەزانراودا دەشاردەوە ، بەڵام دووکەڵ شوێنەکەی تەنیبوو ، وەك تارماییەکی ڕەش بەسەر خانووەکانی گوندەکەدا دەکشا .

ڕۆژنامەکان ڕایانگەیاند کە ئاگرەکە بەهۆی شەیتانەوە بووە ، خەڵکی گوندەکە هەموو دەستیان بۆ ئاسمان بەرزکردەوە ، شەیتانیان بەردە باران دەکرد ، وەك لوورەی با دەنگیان بەرزبۆوە ، بەڵام ئاسمان گوێی لە نزاکانیان نەبوو ، شەیتان بەسەر پردەکەدا پیاسەی دەکرد ، لەودیوش شیشەکانەوە چاوی ئافرەتەکان سەرنجیان دەدا ، جەستەیان لەنێو دشداشە ڕەشەکانیان ڕادەپەڕی ، سەریان بە لەچکە پێچابوو ، سێ پێچیان پێ دەدا و لەنێوچەوانیاندا لەشێوەی ماردا تۆپەڵی دەکرد ، بەدەوری خۆیدا دەسوڕایەوە و پێی بە زەویدا دەدا : ئەی خاتوونی پیرۆزمان ! دەنگی ئافرەتان هەموو بەرزدەبۆوە لەگەڵ دەنگی تەپڵەکان و هاواری منداڵان و تەقەی گۆچانی دەستی پیاوان و قیڕەی بۆقی ناو گۆماوەکان ، وەڕینی سەگی بەڕەڵای لێرەو لوێ ، تەپوتۆزیش بۆ ئاسمان بەرزدەبۆوە و کەون پڕی

تەمومژێکی ڕەش دەبوو ، لەشێوەی تاڤگەدا دەتەقی و دەکشا ، نە شلەیە و نە دووکەڵ ، ناشتوانرێت بە پەنجەکان بگیرێت .

شووشەکەت لەکوێ شاردۆتەوە ؟

لەوکاتەی لەناکاو لە خەو هەستا ئەمەی ووت ، گەرووی لە تینودا ووشک ببوو ، ناخیشی گەرم ببوو ، پیاوەکە ڕاکشابوو دەستی لەژێر سەری و ڕووی لە دیوارەکە بوو ، تەنها بنە جگەرەیەکی سووتاو دەبینرا ، لەسەر نووکی پەنجەی ڕۆیشت ، دەرگاکەی کردەوە و چووە دەرەوە ، بەرکەوتنی هەوا وەك جاران نەمابوو ، کاتێك دەستی بۆ پێشەوە درێژ دەکات بەر شتێکی ڕەق دەکەوێت ، هەنگاو لەدوای هەنگاو دەگەڕایە دواوە تا بە پشتا چوەوە ژوورەوە ، لە منداڵیەوە جووڵەی لەوجۆرەی نەکردووە ، بەرەو پێشەوە دەڕۆیشت و پشتی بۆ دواوە بوو ، یان بە پشتا لە دەرگاکە دەهاتە دەرەوە لەو کاتەدا پووری لەبەردەمیدا دەوەستا بە دوو چاوی ترسناکەوە لێی وورد دەبۆوە ، هیچی نەکردبوو ئەوەندە نەبێت لێی پرسی بوو : پورێ ڕاستە دەڵێن شەیتان بەسەر پردەکەدا پیاسەی کردووە ؟ چاوەکانی هەڵگەڕانەوە ، ڕەشەباکە توند بوو ، باران دەباری و هەموو ڕووناکیەکان کوژانەوە ، تەنها گوێی لە لوورەی باکە بوو لەگەڵ دەنگی پووری لە تاریکیەکەدا : تەنها نەوەی ئادەم شەیتانە .

پێش بەرەبەیان گوێی لە وەڕینی سەگەکان و دەنگی تایەکان و لوورەی با بوو ، پیاوەکان هەڵیانکوتایە سەر پووری و بۆناو ئوتومبێلەکە هەڵیانگرت ، بازیدا و بەدوایاندا ڕایدەکرد دەستی درێژکرد تا دەستەکانی بگرێت ، قاچەکانی لە گۆماوەکەدا تا ئەژنۆکانی نوقم بوون ، تایەکان ئاوە ڕەشەکە دەبڕێت و لە تاریکایەکەدا وون دەبێت ، سەگەکان لەپشتیەوە ڕادەکەن ، تەنها چەند سەرێکی

ڕەشی لاكێشەیی دەردەكەوێت وەك كۆمەڵە بۆقێك لە گۆمێكدا ، گوێچكەكانی پڕ قوڕی ڕەش چەند دەنگێك دەبێت لە ناخی زەویەوە :

ئافرەتێك بڕوای بە بوونی شەیتان نیە ؟

خاوەن شكۆ ئەو شێتە .

بەڵكو كافرە !

بەڵێ خاوەن شكۆ ، كفر و شێتی یەك شتە .

بەتەواوی وون ببوو لە ڕووناكی ئاسۆوە تەنها دەستێكی درێژكراوە دەبینرا كە هەر پێنج پەنجەكەی بەیەكەوە نووسابوو ، تۆپەڵێك قوڕی بەستوو لە دەستیدا بوو .

دەستەكانی بۆ درێژكرا تا ڕایكێشنە دەرەوە ، وەك ئەوەی بۆ دەرەوەی ڕەحم ڕایكێشن ، ڕووخساری زیپكاوی و هەوكراوی ئافرەتان لە دەوری ، وەك هاوارێكی خێرا هەوایەكی تیژ خۆیكرد بە سنگیدا و پێڵوە نووساوەكانی كردەوە ن بینی پیاوەكە ڕاكشاوە و چاوەكانی لێكناوە و قوڵی خوێنی لێدێت ، ئەویش لە تەنیشتیەوە بە جەستەی ڕووت و خوێنێكی ڕەنگی ڕەش و بە چەند بەشێك بەستویەتی ، چەند بەشێكی دیكە نیمچە بەستوو و شل ، دەستی درێژ دەكرد تا مەحەجەرەكە بگرێت ، بۆنێكی سەیر لە لووتیدا هەیە لە بۆنی گازی بۆگەن دەكات .

كاتێك پانتۆڵەكەی هەڵدەكێشایەوە و بەشی سەرەوە ڕووت بوو ووتی :

- چا لێنێ .

لەبەردەم دەرگاكە دانیشت ، چوار پیاو لەو دەوری بوون ، ڕامابوون بەسەر یاریەكەوە ، كاغەزی چوارگۆشەی ئەستوور ، ئەو لە ناوەڕاستیاندا دانیشتبوو كاغەزەكانی دابەش دەكرد ، جەستەی بەسەر كورسیەكەوە شل ببوو و سەركەوتن

لە ڕوویدا بوو ، پەنجەی بە کاغەزەکانەوە دەگرت و بەری دەدان و دووبارەی دەکردەوە ، چاوی ئەوانی دیکە بە پەرۆشەوە لە دەستیان دەڕوانی .

- کوا چا ؟

سیفەتی فرمان لە دەنگیدابوو وەك ئەوەی مێردی بێت لەودیوی پەردەکەوە سەرنجی دەدا لەوانەیە مێردەکەیان بە یەکێکی دیکە گۆڕیبێتەوە ، لە ئەنجامی دابەشکردنی کاغەزەکانەوە خشەخشێك بەرزبۆوە ڕووخساری پیاوەکان گرژبووە چاویان لەسەر کاغەزەکان جێگیرە ، لەنێو هەر چاوێکدا بیلبیلەکە بەدەوری خۆیدا دەسوڕێتەوە ، لەوانەیە ئەوان پێنج بن نەك چوار ، سەری پێنجەمیان لەودیوی ڕۆژنامەکەوە شاردرابۆوە ، دەبێت ئەوە مێردەکەی بێت ؟ قاچەکانی درێژکردووە ، قاچەکانی گەورەیە و پەنجەکانی بەیەکەوە نووساون ، لە نێوانی هەر پەنجەیەکدا چینێکی ڕەش هەیە .

خۆری دەستی بە ئاوابوون کردبوو ، ڕووناکیەکی لاواز کەوتە سەر لاپەڕەی یەکەم ، چەندین گەردیلەی ڕەش لە نێو ڕووناکیە چەماوەکەدا مەلە دەکەن ، لە سەرووی لاپەڕەکەوە مێژووەکەی خوێندەوە ، سێشەممە ڕێکەوتی شانزە لە کاتژمێرەکەی ڕوانی چرکە ژمێرەکە دەجوولا ، ئاشکرایە کە زەمەن وەك هەمیشە تێدەپەڕێت و مانشێتە گەورەکەی خوێندەوە .

- خاوەن شکۆ جەنگی بەسەر شەیتاندا ڕاگەیاند .

کاغەزی یاریەکە بریتی نەبوو لە ( کوچینە ) ، بەڵکو شتێکی وەك شەترەنج وابوو ، جەستەی سەربازەکان لە دار دروستکرابوون ، لە شوێنی خۆیان وەستاون و توانای جووڵەیان نیە ، پەنجەی گەورەیان تێوە ئاڵاوە و لە شوێنێك بۆ شوێنێکی دیکە دەیانگوێزێتەوە .

کش مەلیك !

بێگومان دەنگی مێردەکەی نیە چیتر داوای چای نەکرد ، چووە ناو یاریەکەوە ، لەو دەشێت مەلیك نەیەوێت کش بێت ، سەرلەنوێ دەنگەکە بەرزبۆوە : کش ! دەنگەکە تورەی پێوە دیاربوو و دەنگەکانیش هەموو تێکەڵ دەبوون .

- براکەم ئەمە یاسای یاریەکەیە .
- تۆ غەش دەکەیت .
- من لەتۆ دەست پاکترم .
- تۆ نەزانی .
- تۆ گوێدرێژی .

مەلیکیان جێهێشت و پەلاماری یەکتریاندا ، تەپوتۆز بەرزبۆوە ، تۆزی لیکەکانیان لەدەوریان پرژا و هەناسە برکێیان پێکەوت ، کەسێکیان گوێیان بەو رۆژنامەیە نەدا کە باکە هەڵیدەخولاند و لاپەرە لەدوای لاپەرە هەڵیدەدایەوە ، لەناکاو وێنەیەکی بینی لەخۆی دەچوو .

- ئافرەتێك بۆ پشوو چۆتە دەرەوە و نەگەڕاوەتەوە ، پێویستە بە زیندوویی یان بە مردوویی بدۆزرێتەوە ، داڵدەدان و شاردنەوەی قەدەغەیە .

لە وێنەکەدا ئەو لووتەی ئێستای نەبوو ، دەبێت لووتی ئافرەتێکی دیکە بێت بۆ پشوو چوبێتە دەرەوە ؟ سەرۆکی کارەکەی پێی دەوت کە لووتی رۆمانیە ، سەرەتا وایدەزانی شێوە رەوانبێژیەکە . . لە دیدی ئەوەوە رۆمان لە گۆشت خۆرەکان بوون .

لە هەمان لاپەڕەدا وێنەی لێکۆڵەرەکەی بینی ، لەسەر کورسیەك دانیشتووە و بەدەوری خۆیدا دەسورێتەوە و دەوەستێت ، پشتی دەکردە دیوارەکە و ڕووی دەکردە مێردەکەی .

- ئایا ئەمە وێنەی ژنەکەتە ؟
- بەڵێ .
- دڵنیایت ؟
- بەڵێ دڵنیام .
- لەسەدا سەد ؟
- شتێك نیە لەسەدا سەد بێت .
- کەواتە تۆ دڵنیا نیت ؟
- بەڵێ نەخێر .
- مەبەستت چیە بە بەڵێ نەخێر ؟ ئایا ئەمە وەڵامە ؟
- وەڵامەکە چی دەبێت ؟
- یان بەڵێ ، یا نەخێر .
- کەواتە بەڵێ .
- کەواتە تۆ دڵنیا نیت ؟
- بەڵێ .
- لەسەدا سەد .
- نەخێر .

پیاوە پۆلیسەکە پێیدا بە زەویدا ، کورسیەکە بە دەوری خۆیدا بێ وەستان سوڕایەوە ، مێردەکەی هەلەکەی قۆستەوە و ڕووخساری لەودیوی ڕۆژنامەکەوە

شاردەوە ، کاتێککورسیەکە وەستا لێکۆڵەرەکە ڕویکردە دیوارەکە و دەستیکرد بە چاپکردن لەسەر ئامێری چاپەکە ، پاشان سوڕایەوە ، سەرۆکی کارەکەی دانیشتبوو و پایپە ڕەشەکە لەنێوانی لێوەکانیدا و دووکەڵی لێ بەرزدەبۆوە .

- من بەشان و باڵی لووتیدا هەڵم نەدەدا ، چونکە من یەکێك نیم لەو کەسانەی لووتی ڕۆمانییان پێ جوانە ، بەڵکو لووتە نیشتمانیە پڕمیوەکانم پێ باشترە .

- چی دەڵێیت ؟

- ئەو تەواو ئافرەتێکی گوێڕایەڵ بوو و هیچ شتێك تێیدا سەرنج ڕاکێش نەبوو .

لێکۆڵەرەکە بە کورسیەکەوە بەدەوری خۆیدا دەسوڕایەوە ، تەوژمێکی توندی باش کاغەزەکانی هەڵدەدایەوە ، هیچ بەڵگەیەك نەبوو لەسەر هیچ شتێك ، ڕۆژنامەکەش لەپێش چاوەکانیدا کراوەیە ، لەگەڵ باکەدا وێنەکەی دەردەکەوێت و وون دەبێت ، هەواڵی ئەو خەڵکانەی ونبوون لە خوارەوەی لاپەڕەکەیە ، ونبوونی خەڵکی شتێکی سروشتی بوو ، یاسایەکیش هەیە سەبارەت بە ونبوونی پیاوان ، پێویستە ئافرەت ماوەی حەوت ساڵ چاوەڕوانی مێردەکەی بکات و نەچێتە لای پیاوێکی دیکە ، لەبەرئەوەی کۆرپە ماوەی حەوت ساڵ بە زیندویی لە ڕەحمدا دەمێنێتەوە ، ئەویش مولکی ئەو پیاوە وونبوەیە تا دەگەڕێتەوە ، ئافرەتیش تەنها بریتیە لە دەفرێك ، ونبوان لە ئافرەتان یاسای نەبوو ، ئافرەت لەسەری پێویست نەبوو وون بێت تا مێردەکەی بچێتە لای ئافرەتێکی دیکە .

لە ڕوبەڕووی باکەدا چاوەکانی لێکنا ، تیشکی خۆر وەك پریشکی ئاگرە ، بیرۆکەکە لە مێشکیدا بە ئازارێکی وەك بزمار دەهاتوو دەچوو ، گەر لێکۆڵینەوە بەردەوام

بێت کەواتە هەڵمەتی پشکنینیش دەبێت و کەسێکیش دەبێت بەشوێن هەنگاوەکانیەوە بێت ، لەوانەشە سەگی لەجۆری نوێش هەبێت ، ئەو جۆرە هاوردەیەی تایبتمەندی جیاکردنەوەی بۆنی مرۆڤی هەیە ، لەسەر بۆنکردنی دوور و بینینی ئەستێرەکان لە نیوەڕواندا مەشقیان پێ دەکەن ، هەروەها لەسەر چاپکردن لەسەر ئامێری چاپ و بەکارهێنانی کەل و پەلی نوێ ، ئەویش هیچ شتێك سەبارەت بە ڕووداوەکە نازانێت ، هەموو ئەوەی دەیزانێت ئەوەیە کە سەر بە ڕابردووی هەلکەندراوەکانە ، خواوەند حەتحور و سخمت لە سەگە مەشق پێکراوەکان نایپارێزن ، بەڵام لە ناخیدا شتێکی شاراوە هەیە لەوانەیە پەیوەست بێت بە پیاوەکەی ترەوە ، دەبێت ئەو هەواڵی لەبارەوە ناردبێت بۆ پۆلیس ؟ یان لەوانەیە سەرۆکی کارەکەی بوبێت ، بە شێوەیەکی نادیار باسی لە شێوەی لووتی کرد ، ئەمەش داواکاریەکی ڕوونە گرنگتر لە لووت .

لە دەنگی ئەو پرخە ڕێکخراوە بەئاگا هاتەوە ، پیاوەکە لەبەردەرگاکەدا چوبووە خەوێکی قوڵەوە ، وەك خویەکی هەمیشەیی بە دەنگی بەرز هەناسەی دەدا ، هەناسەی دەدایەوە و لێوەکانی دەلەرینەوە ، لەسەر پشت ڕاکشابوو قاچی چەپی خستبووە سەر قاچی ڕاستی و لە هەوادا دەیجووڵاند ، خۆر گەیشتە ناوەڕاستی ئاسمان ، پلەی گەرما گەیشتە ئەو ئاستەی هەموو شتێکی شکاند ، تەنانەت ئەو کەمینەیەی شەرمیش ، بینی لیباسەکەشی دادەنێت ، تەواو ڕووت وەك چۆن لەدایکبووە وای لێهات ، بەڵام خێراو لەگەڵ دابەزینی خۆر شەری بۆ گەڕایەوە ، لیباسەکەی لەبەرکردەوە و بەشی سەرەوەی بە ڕووتی مایەوە .

چاوەکانی سەرنجی جووڵەی خۆریان نەدەدا . چاوەکانی لەسەر وێنەکەی ناو ڕۆژنامەکە جێگیر کردبوو ، لەژێر لووتە ڕۆمانیەکەدا دەمێکی جووتکراو هەبوو .

سووچی هەر چاوێك هەوی کردبوو ، ناوە سیانیەکەشی نادیارە ، هیچ ڕاپۆرتێکی پۆلیس نیە لەوانەیە پیاوەکە لە ناردنی هەواڵەکان وەستابێت .
دڵنیابوون شێوە چالاکیەکی بۆ جەستەی گێڕایەوە ، لەجێگەکەی خۆی هەستاو پێی لە نەوتە بەستووەکە نا ، ئەو تەنها لیباسێکی درێژی لەبەردابوو تا ئاستێکی زۆر فراوان ، بە تەواوی باڵای ڕووتە ، بەهەر شێوەیەك بێت هەوا دەچووە ژێر ورگیەوە ، قۆڵەکانی بۆ سەرەوە بەرزکردەوە وەك هەستکردنێك بە حەوانەوە ، نەوت لە کەمەریدا کەڵەکە ببوو لەو جێگەیەی قایشەکەی دەبەست ، ویستی کۆتایی چاوەکانی هەڵگلۆفێت بەڵام بیری کەوتەوە کە تینوێتی ناخی دەیسوتێنێت .

لایکردەوە بەشوێن شووشەکەدا دەگەڕا ، لەلاکردنەوەیدا خۆر کەوتە چاوەکانی و نەیتوانی تەنها هەنگاوێك بەرەو ماڵەوە بنێت ، لە پێش چاویدا کەون ئاگرێکی سووری تێبەربوو و هیچ شوێنەوارێکی پیاوەکەش نیە ، ئەوە شتێکی ئاسایی بوو چونکە هەرکات بیویستایە وون دەبوو و کەی بیویستایە دەگەڕایەوە ، لەوانەشە ماوەی حەوت ساڵ وون ببێت ، بەپێی یاساش پێویستە چاوەڕوانی بکات .
ونبوونی پیاو شتێکی ئاسایی بوو لەگەڵ توژمی نەوتدا و لەچاو تروکانێکدا بۆی هەبوو هەر شتێك وون ببێت ، لە دەرەوەی بەردەرگاکە تاڤگەکە هەڵدەقوڵی وەك ئەوەی سەرلەنوێ تۆفانەکە دەستی پێ کردبێتەوە .
کاتێك قاچی بەرزکردەوە تا بەردەرگاکە تێپەڕێنێت بینی تەشوێکە ڕاکشاوە ، قایشی جانتاکەی لەشێوەی گرێدا لەسەریەوە پێچرابوو . هەستێکی تەبایی هات بە جەستەیدا ، وەك ئەوەی پیاوە وونبوەکە ببینێت ، دووبارە بە لێکچواندن لە شێوەی تەشوێکەدا گەڕایەوە .

لەوانەیە شتێك ڕویدابێت . تەشوێ ئاسنینەکە بوونێکی مرۆڤانەی هەبوو ، حەزی بینین ڕەویەوە و دەستی بۆ درێژکرد ، خستیە سەر سنگی و دەستیدا بە پشتیدا ، وەك دایکێك منداڵە ونبوەکەی بدۆزێتەوە . وەك ئەوەی تەشوێکە خودی خۆی بجولێت کەوتە خوارەوە بۆسەر زەویەکە ، بە سەرە تیژە بچوکەکەی چاڵی هەڵدەکەند بە سوربونێکی زۆرەوە هەڵیدەکەند ، وەك ئەوەی منداڵێك بێت و بەشوێن دایکیدا بگەڕێت، دڵنیابێت لەوەی کە منداڵەکەی لەوێدایە ، لەناخی ئەو چاڵە و زەویەکەدا ڕاکشاوە .

- ئایا لەگەڕان ناکەویت ؟

دەنگەکەی تووشی سەرسوڕمانی کرد ، لە شوێنی خۆی ڕاما ، تەشوێکە لە دەستی کەوتە خوارەوە ، دەمارە شینەکان لەسەر دەستە قڵیشاوەکانی بەرزبوونەوە ، لەوکاتەی سەرنجی دەدا هەستیکرد مەمکەکانی ڕووتن ، سەرچەفێکی لە سنگیەوە ئاڵاندوو خەو شکابووە چاوەکانی ، تەواو بەئاگا نەبوو ، نەشیدەزانی کە ئەو پیاوە مێردەکەیەتی یا پیاوێکی بێگانەیە ، گەر مێردەکەی بێت پێویستە هاوار بکات ، لەبەرئەوەی بەخەیاڵیدا نایەت شووی بە پیاوێك کردبێت ئەو شێوە ڕووخسارەی هەبوبێت ، گەر پیاوەکە بێگانەش بێت ئەوا بێ ئەوەی هاوار بکات بەڕێگەی خۆیدا دەڕوات .

کاتێك هاواریکرد دەنگی نەدەچووەوە سەر جیهانی مرۆڤایەتی ، لەوانەیە هەرگیز دەمی نەکردبێتەوە لە ترسی ئەوەی پڕ نەبێت لە گەردیلەی نەوت ، لەگەڵ ئەوەشدا بینی ئافرەتان لە دەوری کۆدەبنەوە و بەرمیلەکان لەسەر سەریانە ، هەستیکرد لەژێر چاودێریدایە ، گوێچکەکانیش دەتوانن دەنگی ببیستن گەر نەشچێتە دەرەوە و چاوەکانیان بە شێوە توڕەبونێکەوە لێی دەڕوانن .

- تۆش وەك ئێمە ئافرەتیت ؟ بۆچی بەرمیل هەڵناگریت ؟!

ویستی ئەوەیان بۆ شی بکاتەوە کە وەك ئەوان نیە و ئەو ناتوانێت وەك ئاژەڵ بژی و بمرێت .

- من ئامانجێکی ترم هەیە !

- چی خوشکم ؟

بە یەکجار هەموو شتەکانی بیرهاتەوە و چیرۆك لەدوای چیرۆك دەگێڕایەوە ، لە پوریەوە دەستی پێکرد بۆ خاتوو زەینەب و مریەمی پاکیزە ، هەروەها ویستویەتی بێتە پێغەمبەر تا خەڵکی لە نەخۆشیەکان چاك بکاتەوە وەك خواوەند سخمت .

ووشەی ( سخمت ) لە هەوا بۆگەنەکەدا بە گەردیلەی نەوت زەنگیدایەوە ، پیتی ( ت ) هەڵگەڕایەوە بۆ ( ط ) ، هەر هێندەش کە ئافرەتەکان وشەکەیان بیست هەموو سەریان بە لەچکەیەکی ڕەش پێچا و دەستیانکرد بە لێدانی ڕوومەتەکانیان و هاوارکردن .

- سخماط !

ڕوودانی ئەم شتە سەیر نەبوو ، وەك شێوە گەڕانەوەیەك بوو بۆ منداڵی ، پوریشی سەری بە لەچکێکی ڕەش دەبەست و جنێوی دەدایە هەرکەس لێی نزیك بوایەتەوە ، گەر ئافرەتانی ئەم گوندەش وەك پوری بن ئەوا تۆفانی نەوتی ڕەش شتێکی سروشتیە ، دڵی پڕی نائومێدی بوو و چاوەکانی بەشوێن ئەوەدا دەگەڕان چۆن هەڵبێن .

ئافرەتێکی لە دراوسێکان بینی بەرمیلێکی سەر سەری نابوو بە تەواوی ڕووخساری لەپشت پەردەیەکی ڕەشەوە شاردبۆوە تەنها نیوەی چاوەکانی بەدەرەوە بوون وەك بورکان پێیدا تەقیەوە .

- تۆ مانگایەکی کوێر نیت لە هەڵایشتنی ئاودێری بێیت و بچیت ؟ مافی خۆتە دەوروبەری خۆت ببینیت ، وانیە ؟ یان تاوانێکت ئەنجامداوە و ناتەوێت ڕووخسارت لای خەڵکی گوندەکە ئاشکرابێت ؟
- نامەوێت ڕووخسارم دەرخەم .
- ئایا هۆکارێك هەیە بۆ ئەم هەموو خۆشاردنەوەیە ؟
- هیچ هۆکارێك نیە وام لێ بکات ڕووخسارم ئاشکرا بکەم .
- هیچ نەبێت دەتوانیت جیهان ببینیت .
- بینینی چی ؟
- جیهان ، ئایا کەمە جیهان ببینیت ؟ ئایا حەز بە بینینی جیهانی دەوروبەرت ناکەیت ؟
- حەزم هەبوو ، بەڵام لە هەموو شتێك بێزاربووم .
- گوێبگرە خوشکم ! تەنانەت مانگاش پەڕۆی سەرچاوەکانی لادەدا و ئاژەڵەکانیش لە قەفەزدا پەلەقاژە دەکەن .
- منیش پەلەقاژەی زۆرم کرد تا لەوەش بێزار بووم .
- لە ناکاو دراوسێکە زمانەکەی گۆڕی و بە نەرمی قسەی دەکرد .
- گوێمان لێبوو هاوارت دەکرد ؟ لێیدایت ؟
- لێم بدات ؟

لەوکاتەی پرسیاری دەکرد سەری سوڕما ، ئایا پیاوەکە بەسەری تەشوێکە لێیدەدا ؟ تورەیی دەستی بەسەردا گرتبوو . دەیویست کەس نەزانێت ، بەڵام لەوە دەچێت هیچ شتێك لەم گوندەدا وون نەبێت و چاودێری توونده ن ویستی ڕووخساری بشارێتەوە و هەرگیز ددان بەوەدا نەنێت کە لێیداوە . چی ڕوودەدات گەر خەڵکی

گوندەکە بزانن وەك ئافرەتانی دیکەیە ؟ گرژییەك بە جەستەیدا هات ، جەستەی بە لێدانەکە ڕوشابوو و گەرووی ووشك ببوو ، ویستی جەستەی بخاتە سەر زەویەکە ، بەلام چاوەکانی دەوروبەری کراوەن ، چاوەڕوانی کەوتنی دەکەن ، چونکە گەر تەنها جارێك بکەوێت ئیدی دواتر هەموو شتێك ئاسان دەبێت ، باشترە ددانی پێدا بنێت ، ناشتوانێت هەڵبێت.

پیاوەکە گەڕابۆوە ، بینی لە پشتەوە لێی نزیك دەبێتەوە ، ئەژنۆی ڕاستی نا بە شتیەوە ، پاشان باوەشی پێداکرد ، لەژێر ورگیەوە بۆنی نەوتێکی کەڵەکەبوو دەهات . پەنجە قلێشاوەکانی بەرز و نزمی دەکردوو بە بڕبڕەکانی پشتیدا دەهاتە خوارەوە ، بە بێ جووڵە لەشوێنی خۆی مایەوە ، بەلام کاتێك پەستانی خستە سەر کۆتا بڕبڕەی پشتی هاوارێکی لێ بەرزبۆوە .

- هەست بە چێژ دەکەیت ؟

- نەخێر .

پیاوەکە پێکەنی ، واهاتە پێشچاوی کە دەستبازی لەگەڵدا دەکات وەك ڕێگە خۆشکردن بۆ شتێکی دیکە ، جووڵەکەی لەناکاو بوو وەك ئەوەی ئاسایی بێت ، یان لەوانەیە پەنجەکانی لە خودی خۆیانەوە و بێ هیچ مەبەستێك خزابن .

لایکردەوە تا ڕووبەڕوی بێتەوە ، بێ مەبەست مەبوو ، حەزی خۆشەویستیش نەبوو ، پاڵی پێوەدەنا بۆ چوونە سەر ئەژنۆ ، دوای ئەوەی کەوتەسەر ئەژنۆ ئیدی هەموو شتێك ئاسانە ، خەوی بە تاکە ڕێگە دانا بۆ هەڵهاتن ، لەوانەیە بەڕاستی نوستبێت ، لەبەرئەوەی دەنگی هەناسەکانی بەرز بوو ، قۆڵی قاچەکانی لە حاڵەتی یاخیبوندا بوون، دەبێت تورە بوبێت ؟ لەوانەیە ، لەبەرئەوەی بەردەوام ئەم پیاوە دەیەوێت خەوی لێ تێك بدات ، هەرکاتێکیش ئەوەی بوێت سەرکەوتنی تیادا

بەدەست دەهێنێت . بەڵام ئەو دەچێتە خەوێکی قوڵەوە بێئەوەی گوێ بە هیچ شتێك بدات .

کاتێك لە خەوەکەیدا ئەمدیودیوی کرد گەردیلە نەوتەکان بە گوێچکەکانیەوە و دەوروبەری چاوەکانی لکا ، گەردیلەیەك بە قلێنچکەی چاویەوە نووسا بە سەری پەنجە لێی کردەوە ، لە تاریکاییەکەدا دەستی درێژکرد بۆ شووشەکە دەگەڕا ن لەوێ نەبوو ، پیاوەکە ڕاکشابوو پشتی لەو بوو و ڕووی لە دیوارەکە ، بەلایەوە پشتی ئازاری کەمتر بوو لە ڕووخساری ، کەمێك دۆخەکە ئارامتر بوو ، بەڵام شەو درێژە و نایەوێت کۆتایی بێت، بێزاریش وەك چەکوش بەسەردا دەدات ، وەك چۆن پوری دەبینی لەچکێکی لە نێوچاوانیەوە پێچا ، چاوەکانی لێکناو هەناسەکانی ڕێکخست ، ئەژنۆکانی نوشتانەوە و وەك منداڵ خۆی گرمۆڵە کرد ، هەوڵیدا ڕووخساری دایکی بێتەوە پێشچاو پێش ئەوەی لەدایك ببێت ، بەو ڕێگەیەدا دەڕۆیشت کە هەموو ڕۆژێك پێیدا دەڕۆیشت لە ماڵەوە بۆ قوتابخانە ، ڕووبارێکی درێژ و دارودرەخت هەبوو ، لەسەر پردەکە ئەو شوێنەی بینی کە هەموو ڕۆژێك لەکاتی خۆر ئاوابوون لێی دادەنیشت و چاوەڕوانی دەرکەوتنی ڕووناکیەکانی دەکرد ، دەستیکرد بە ژماردنی ئەستێرەکان ، بە زوحەل و موشتەری دەستی پێکردوو بە زوهرە و مەجەڕە کۆتایی هات ، ویستی لەسەر پەنجەکانی خواوەندە کۆنەکان ببژێرێت بە نون و نمو دەستی پێکرد و بە بنوت و سخمت کۆتایی هات .

بەڵام بێزاری لێی نەگەڕا ، بەردەوام وەك چەکوش بەسەریدا دەدا ، چاوەکانی بەلای پیاوەکەدا جووڵاند ، بینی دەموچاوی بە ڕۆژنامەکە داپۆشیوە ، هێشتا نوستبوو یان لەوانەیە هەواڵەکانی خوێندبێتەوە و خەوی لێکەوتبێت ، هەناسەکانی لە شێوەی پرخەدا ڕێکخراوە ، خشە خشی کاغەزەکان لەژێر

بەرکەوتنی باکەدا و وەڕینی سەگەکان لە دوورەوە و هەناسە بڕکێی ئافرەتان ، ملیان تەقە تەقی دێت لەژێر بەرمیلەکاندا بەلاّم دەنگی خوڕەی تاقگەکە هەموو دەنگەکانی شاردبۆوە ، بێزاریش وەك چەکوش دەدا بەسەریدا ، کاتژمێرەکەش لەسەر مەچەکی چرکەی دێت ، ترپەکان لە سنگیدا ، هەناسەکانی ، هەمووی لە گوێچکەیدا دەکوتێت .

لە دوا هەوڵیدا چاوەکانی لێکنا بۆ نووستن ، بەلاّم هەر هێندەی چاوەکانی لێکنا وەك وەك ئەوەی بکەوێتە بیرەوە ، هەموو دەنگەکان وەستان ، زەمەن بەستی ، کاتژمێرەکەی سەر مەچەکی هیچ دەنگێکی لێوە نەدەهات ، چەند گەردیلەیەکی نەوت دزەیان کردۆتە ناوی و هەردوو میلەکەیان داپۆشیووە میلی چرکە ژمێرەکەش وەستابوو ، هیچ شتێك جووڵەی نەدەکرد تەنها لاپەڕەکانی ڕۆژنامەکە نەبێت لەژێر جووڵەی بادا هەڵدەگەڕانەوە ، هەر لاپەڕەیەکیش چەند ناونیشانێکی بە هێڵە سوور و ڕەشەکان دەردەخست .

- خاوەن شکۆ بڕی سێ ملیۆن دۆلار دەبەخشێتە باخچەی ئاژەڵان لە جەمسەری باکوور .
- کوشتنی نیو ملیۆن لە جەنگی نەوتدا .
- خاوەن شکۆ دابەشکردنی شیرینی قەدەغە کردووە لە جەژنی منداڵاندا .
- تەقە کردن لە ئافرەتێك لە شەقامدا کاتێك بە ڕووخساری ئاشکراوە دەڕۆیشت.
- فرۆشتنی قەرزە دەرەکیەکان لە زیادکردنێکدا .
- وەزیری نەوت بەرتیلی زیاتری لە بودجەی بەرگری وەرگرتووە .
- فرۆشتنی هۆشبەرەکان لە قوتابخانەکاندا .

- لە ئیلحادەوە بۆ ئیمان و لە گومڕاییەوە بۆ ڕاستیەکان ، بە پێنووسی سەرۆکی گروپی ئایینی و سەرۆکی حیزبی شیوعی پێشوو .

- گیان لەدەستدانی سێ ئافرەت لە نۆرە گرتنی نانەوخانەیەکدا .

- هەشت پیاو لە قوتابخانەیەکدا دەستدرێژی سێکسی دەکەنەسەر منداڵێك .

- دایکێك هەر چوار منداڵەکەی لە جەژنی دایکدا سەردەبڕێت و خۆی دەکوژێت.

- پیاوێکی وون بوو لەدوای حەوت ساڵ دەگەڕێتەوە و ژنەکەی نادۆزێتەوە ، پێویستە بە زیندوویی یان مردوویی بدۆزرێتەوە داڵدەدانی و شاردنەوەی قەدەغەیە .

- زانیاری نوێ لای پۆلیس سەبارەت بەو ئافرەتەی بۆ پشوو چۆتە دەرەوە ، ئەو ئافرەتە حەزێکی زۆری هەبووە بۆ گەڕان بەدوای مۆمیاکاندا .

ماوەیەك لە ووشەی ( حەز ) وورد بۆوە ، لەوانەیە ئێستا خەو زۆری بۆ هێنابێت ، واتای ووشەکەی نەدەزانی ، خۆر دەستی بە هەڵاتن کردبوو ، لەوانەیە پیاوە چوبێتە دەرەوە بۆ کۆمپانیا ، بەرمیل هەلگرەکانیش دەنگیان نیە ، لەسەر نووکی پەنجە هەستا ، دەستی بردە ژێر جێگەکە و پێڵاوەکانی دەرهێنا ، تا لێوارەکەی پڕی نەوت بوو ، بەتاڵی کردنەوە و کێشانی بە یەکدا ، تەشوێکە و نەخشەکەی خستە جانتاکەیەوە ، قایشەکەی کرد بە شانیدا ، پێش ئەوەی کەس بیبینێت دەرچوو و چاوەکانی لێکنا وەك ئەوەی چاونوقاندن لە بینینی چاوەکانی دیکە دەیپارێزێت .

ڕزگار بوون نزیك بوو و هەلاتنیش لەبارتر بوو گەر بەردەوام بوایە بەوشێوە نابینایی‌یەی ن بەلام بیرۆکەیەکی نوێ هات بە مێشکیدا ، دەتوانێت بەتەواوی ڕووخساری لە چاوەکان بشارێتەوە ، بێئەوەی هیچ کەسێك بیناسێتەوە ، ئافرەت ماڤ خۆیەتی ڕووخساری بشارێتەوە بێئەوەی کەس بەدوی کەوێت .

بەلام لەم حالەتەی ئەودا جیاوازبوو ، لەبەرئەوەی ئەو ئافرەتێکی ڕووخسار دیارە ، ڕۆژنامە وێنەکەیی و ناوە سیانیەکەیی و ناونیشانەکەشی بلاوکردبۆوە ، تەنانەت ژوورەکەشی و سیسەمە تەختە شکاوەکەی و لەمپا تۆز لەسەر نیشتووەکەشی لە وێنەکەدا دەرکەوتبوو ، هەروەها کتێبێکی کراوە سەری مۆمیایەکی لێوە دیارە ، چاوی مێزێك چەند پارەیەکی تێدایە لەگەلْ دەفتەرێکی پاشەکەوتی بانکی بێ ڕەسید ، پاشان ئەو گوریسەی لە سەقفەکەوە شۆڕ بوبۆوە وەك ئەوەی ئامادەبێت بۆ لە ملەوە ئالاندن مێشێکی مردووشی پێوە نووسابوو ، لە کۆتاییەکەشیدا گلۆپێکی پێوە شۆڕ بوبۆوە ، پاشان بێدەنگی ، بەلێ ئەو بێدەنگیەی وەك لوورەی با بەگوێدا دەدات ، یان وەك ئەو پرخە هەمیشەییەی لە پیاوێکەوە دێت لە قولایی خەودایە .

مێردەکەی نمونەیی بووە ئارامی بۆ دەستەبەر دەکرد ، هەموو شتێکیش تێیدا ئاماژەی دەکرد بۆ ئارەزووی بەردەوامی لە هاوسەری بوون .

پیاوە پۆلیسەکە ئەمەی ووت لەوکاتەی لەسەر کورسیەکەی دانیشتبوو دەسوڕایەوە و قەیدێکی بەدەستەوە بوو ئاماژەی بۆ کتێبخانەکە دەکرد .

- جگە لەو سەری مۆمیایە نەبێت گومان لە هیچ شتێکدا نیە وتی دەوازیت ئەوە سەری کێیە ؟!
- سەری ئوم ئەلهەول .

سەرۆکی کارەکەی بە دەنگێکی پڕ متمانەوە دەیوت و ددانی بە ووشەی ( ئوم ئەلهەول ) دادەنا بە ددانەکانی و شەویلگەکانی ، پاشان دووکەڵ بە ئاسماندا دەکات و پایپەکەی لە نێوانی لێوەکانێتی ، بە تیلەی چاوی سەرنجی پیاوە پۆلیسەکەیدا و بە دەنگێکی بەرز جەختی کردەوە .

- بەڵێ ئوم ئەلهەول .
- ئوم ئەلهەول ؟ پێشتر شتێکی وامان نەبیستووە ؟
- نەبیستن لەبارەیەوە واتای نەبوونی نیە .
- ئایا ژنی ئەبولهەولە ؟

پیاوە پۆلیسەکە لە جێگەکەی خۆی نەما ، بەدەوری خۆیدا دەسوڕێنێتەوە و قەیدەکەی بەدەستەوەیە ، دەستی بەرزکردەوە و خەریکبوو بێتە خوارەوە بۆ سەری ئوم ئەلهەول ، بەڵام سەرۆکی کارەکەی لە شوێنی خۆی دانیشتبوو ، لە کونە لووت و دەمیەوە دووکەڵی بەبا دەکرد ، دووکەڵ لە گوێچکەکانیشیەوە دەهاتەدەر ، پایپە ڕەشەکە بە گۆشەیەکی تیژ بۆ پێشەوە بوو ملیشی بەهەمان گۆشە خواربوو ، چاوەکانی بە نیو کراوەیی بۆ سەرەوە دەیانڕوانی ن بە لاچاوێك سەرنجی پیاوە پۆلیسەکەی دەدا .

- دوای ئەوەی ئەبولهەول دەستدرێژی کردەسەر تەخت فرمانیدا بەلابردنی هەردوو مەمکەکە و زیادکردنی ریش .
- ڕیش ؟!
- بەڵێ ، ڕیشێکی دەستکرد ، ببینە !

پیاوە پۆلیسەکە بە قەیدەکەی دەستی مووی ڕیشە شۆڕبۆکەی پشکنی ، سەرۆکی کارەکەی هەلەکەی قۆستەوە و دەستیکرد بە خستنە پێشچاوی زیاتری زانیارییەکانی سەبارەت بە هەڵکەندراوەکان .

- پەیکەرتاشەکان خۆیان تەرخانکردبوو بۆ خزمەتکردنی خواوەندە نوێکە ، بە گۆڕانکاری لە دەسەڵاتدا هونەریش گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە ، تەنانەت شێوەی چاوەکان گۆڕانیان بەسەردا هاتووە ، چاوە ئاڕستە تیژە ڕیکەکە بووە هێڵە چەماوە دولایەنیەکان .

- بینینی دولایەنی ؟ ئەمە چۆن ؟

- بۆ نمونە کاتێك بەچاوی ڕاستت لە ژنەکەت دەڕوانیت و لە ئافرەتێکی دیکە بە چاوی چەپ .

- ئەمە شتێکی ئاساییە ، وایە ؟

- ئەوکات نا ئاسایی بوو ، هەروەها لێوەکانیش گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە تا بگۆڕێت بۆ خەندەیەکی بەرجەستە ، دەستەکان کراوە بوون ئێستا داخراون و قەیدێکیان گرتووە .

لەگەڵ دووکەڵی پایپەکەدا ووشەی قەیدەکە لەنێوانی لێوەکانیەوە هاتەدەر ، پیاوە پۆلیسەکە بێ هیچ هۆکارێك ڕاپەڕی و بەپێوە وەستا ، قەیدەکەی دەستی لە پشتیەوە شاردەوە .

- مەبەستت چیە لەوە ؟

- وایلێهات ئوم ئەلهەول بووە ئەبولهەول ، میمەکە گۆڕا بۆ با ، تۆفانەکەش هەموو شتێکی داگیرکردبوو و کشتوکاڵ دەمرد و ئاوی ڕووبارەکانیش دەگۆڕا بۆ شلەیەکی

ڕەش چێژێکی تیژی وەك خوێی هەیە ، خواوەندی نوێ فرمانیدا بە لابردنی مەمکەکان لەسەر جەستەکە و زیادکردنی کۆئەندامی نێرینە .
پەنجەکانی پیاوە پۆلیسەکە لەسەر ئامێری چاپەکە ڕەق بوو .
نەیدەتوانی ووشەی کۆئەندامی نێرینە بنوسێت ، بە جووڵەیەکی بازنەیی بە کورسیەکەیەوە لایکردەوە ، لە وێنەی ناو ڕۆژنامەکەدا جووڵەکە دەرنەکەوتبوو ، بەڵام ئەو توانی لەوکاتەی نوستبوو هەموو شتێك ببینێت ، چاوەکانی نیمچە داخراوبوون ، لە خەونەکانیدا ڕاستیەکان ڕوونترن .
لە خەونیدا بەشوێن شتێکدا دەگەڕا بە مێردەکەیی بڵێت ، چونکە لەگەڵ دەستپێکردنی وتوێژی نێوانیان کۆتایی هات ، تەنها خۆ حەشاردانیش تاکە ڕێگەی سەرنج ڕاکێشانی بوو ، ئەویش پێویستی بە سەرنج ڕاکێشانی ئەوانی دیکە بوو ، هەروەها ئافرەتانی تر ، هەموو بەیانیەك دەچووە لایان بۆ نوسینگەکە ، لێوەکانی کراوە بە خەندەیەکی گەش ، گەر ئەو بە یەکدادانەی سەر نێوچاوانیان و شکاندنەوەیان بەسەر کتێبەکەدا نەبوایە یان ڕووخساری خاوەن شکۆ کە لە سەرویانەوە شۆڕبوبۆوە ، یان وێنەی خواوەند ئەخناتون لەپێش لابردنی مەمکەکان ، یان کچەکەی ئوم ئەلهەول کە ڕیشە دروستکراوەی لە دایکی کردۆتەوە و ئاشکرای کردووە کە ئافرەتە . ( مریت — را ) کچی حتشبسوت ؟!
هەموو ڕۆژێك دەرگاکەی دەکردەوە و لە پەیکەرەکانی دەڕوانی . تەنها کچ کە توانی ڕوخساری دایکی بناسێتەوە ، لە نوسینگەکەی دادەنیشت و لە ڕووخساری ئافرەتان وورد دەبۆوە ، ڕەنگی پێست زەردە وەك ئەوەی لە قوڕی سورەوکراوبێت ، سەریان لە بەردی جیری داتاشراوە ، هەستێك بە ناخیدا دێت و دەچێت کە ئەویش یەکێکە لەوان ، لیکێکی تاڵ قوت دەدات پڕی ڕقە لە چێژەکان ، بەڵام

جەژنی خاوەن شکۆ دێت و ڕووناکیەکان بلاودەکرێنەوە . دەنگی مۆسیقا و گۆرانی دەگەنە گێچکەکان ، مندالان جلوبەرگی نوێ دەپۆشن ، جەژن لە شەقامەکاندا جیاوازترە وەك لە مالەکاندا ، لە مالەکاندا تەنها مێردەکان هەن و ڕووخساریان لەودیوی ڕۆژنامەکانەوە دەشارنەوە و هەورێکی لە دووکەلْ بەسەر سەریانەوەیە ، ژنەکان لە چێشتخانە دەوەستن ، مریشکی بەستووی سەر پلاستیك دەکولێنن ، ماسی سەردین لە قتووی تەنکەدا ، لەدوای نانخواردن کەشتیەك هەیە بۆ گەشتکردن دەڕوات و ناگەڕێتەوە ، لە ڕیزبەندیە دورودرێژەکەدا شەهیدەکان دەکەوتن ، لە کۆتایی جەژنیشدا پاسێکی بێ کەلك هەیە کە بە هەموو ئەوانەی تێیدان دەکەوێت ، پێش ئەوەی ڕۆژ کۆتایی پێ بێت دایکەکە مندالەکانی سەردەبڕێت و خۆی دەخاتە تالی ، بەلام هیچ کەسێك حەزی بە یاخیبوون نیە ، هەمووان فەرزەکان بەجێ دێنن ، لەسەر ڕووخساری نیشانەیەکی خۆشحالی دەکێشێت ، لەسەر پێستێکی قلێشاو بە قەلەمێکی ڕەنگا و ڕەنگ وێنەی دەکێشێت ، چەندین ڕووخسار لە پاسەکان و لە جۆلانەکانەوە و لە ئاهەنگە فەرمیەکاندا لە جەژنەکاندا دەبینران ، تەنها شتێکیش کە شادی لەسەر ڕووخسارەکان دەڕەواندەوە ڕووخساری دیاری ئافرەتێك بوو .

- تۆ دەلێیت گوناهەیەکی ئەنجامداوە ؟
- بێگومان ، ئەمە ئاساییە .
- مەبەستت چیە ؟
- بەدەر لە دەرخستنی ڕووخسارەکان ئافرەتان بۆخۆیان گوناهبارن ، ﴿ ان کیدهن عظیم ﴾ .

دەنگەکەی لا تێکەڵ بوو ، نەیزانی ئایا مێردەکەیەتی یان سەرۆکی کارەکەی ، ڕووخسارەکە وەك ڕووخساری هەموو پیاوانی دیکە وابوو ، ڕووخسار دیار و چاوەکانی لێڵ ، وەك یەکێك لەناکاو لە خەو هەستابێت ، بەردەوام ئیرەیی پیاوانی لێوە دیارە ، لەوانەیە ئیرەیی لە هاوڕێیەتیەکی نێوان ئەو و بونەوەرەکانی دیکە بکات ، بۆ نمونە وەك خشۆکەکان ، دوژمنایەتیەکی کۆنی نەزانراوی نێوان ئەو و قۆڕیلە . ئەویش لە جۆرە بێدەنگەکانە ، وەك خوی مێرد یان سەرۆکەکان ، هیچ کامیان سەرنجی جلوبەرگەکانی خۆی ناکات ، تەنها لەبەردەم پیاوی پۆلیس نەبێت لە لێکۆڵینەوە ، کاتێك بۆیەکەمجار ددانی بە شتەکاندا نا .

- گومانم هەیە .
- پێشتر ئەوەمان لێ نەبیستووی .
- بۆ نمونە ئەم جەژنە . .
- چی لە جەژندایە ؟
- وامان لێ دەکات هەست بکەین شتێك هەیە ، لەکاتێکدا هیچ شتێك نیە ، لەبەرئەوەیە باشترە لە کۆمپانیای نەوتەکە کاربکەم .
- نەوت ؟
- بەڵێ ، ئەو شلیەی کە کە باڵای نیە بەڵام دڵنیایی تەواوی تێدایە .
- تێت ناگەم .
- ناتوانم بە شێوەیەکی ووردتر گوزارشت لەخۆم بکەم .
- مەبەستت ئەوەیە لەگەڵ ئەو ئافرەتە تووش بویت ؟
- نەخێر ، بەڵام کاتێك هەڵقوڵان زیاد دەکات تۆش وەك نەوتت لێدێت ، بەم شێوەیە نیگەرانی سەبارەت بە مردن دەڕەوێتەوە .

- لەوانەیە تەواو دڵنیابیت لەوەی دەیڵێیت ، وا هەست بڕوات بەویش هێناوە ، ئیدی بۆ پشوو چووە دەرەوە وایە ؟
- ئەو پێویتی بەوە نەبوو من بڕوای پێ بهێنم .
- چۆن ؟
- وا هەست دەکەم وەك هەموو ئافرەتانی دیکە شتێکی وەك نەوتی تێدایە .

دەستی بەسەریەوە گرت ، بۆ یەکەمجارە لە ئامادە نەبوونی خۆیدا گوێی لە ڕای بێت ، ئامادەیی بەردەوامی ڕێگەی زانینی ڕاستیەکانی لێ دەگرت ، ونبونیش بۆخۆی بوبووە ئامانج ، لەوانەیە تیایدا جلوبەرگەکانی خۆی ئاشکرا بکات ، نێوانیان شتێکی وەك تۆڵەی تیادا بوو ، جلوبەرگێکی ناسکتر بپۆشێت ، وتوێژی نێوانیان بەبێ دەنگی کۆتایی دێت ، هەموو بەیانیەك لەماڵەوە دەچووە دەرەوە بۆ کار وەك ئەوەی لە چنگێك ڕزگاری بێت و بکەوێتە چنگێکی دیکە ، تەنها سەقفەکەش وەك ژێر زەمین وابوو ، لەژێر زەمینێکەوە خۆی پەلکێش دەکرد تا بچێتە ژێر زەمینێکی دیکە ، دەنگە دەنگەکەش لە بێدەنگی دەکرد .

هەرگیز و لە ژیانیدا داوای پشووی نەکردووە ، ئەویش مۆڵەتێکە بۆ کەسی ئاشکرا نەکردووە . بەڵام دەستبەجێ حەسوودی لە چاوی ئافرەتاندا دەرکەوت ، لەژێر چینێك لە ئیرەیی خۆی حەشارداوە و هەموو حەزیان بە گوناهە کردنە ، بێزار دەبن لە چاکە کردن ، گەر داواکردنی پشوو پێویستی بە ڕێگەدان نەدەکرد یان بوێرییەکی پێشوەخت بۆ خۆشەویستی .

- خۆشەویستی ؟!

بەڵێ ، دڵی دەیتوانی لێبدات ، لەبەرئەوەی شتەکە زۆر ئاسانە ، خۆشەویستیش وون نەببوو لەنێوان ئەو و پیاوەکەدا ، هێند بەیەکەوەی بەستبوون تا ئەو

ئاستەی هەموو بەیانیەك شەڕیان دەبوو . هیچ دەربازبونێکیش نیە لە مانەوە لەگەڵیدا لەژێر سەقفێکدا .

- پەیوەندی نێوانتان چۆن بوو ؟
- بێگومان شەرعی بوو .
- ئایا گرێبەستێکی نووسراو هەیە ؟
- بێگومان .
- لە چ جۆرێك ؟
- گرێبەستی کار و هاوسەرگیری .

چاوەکانی پیاوە پۆلیسەکە دەگەشێنەوە و لێڵ تر دەبن ، پاشان بە کورسیەکەوە دەسوڕێتەوە و ( بیلبیلەکە ) بە دەوری خۆیدا دەسوڕێتەوە و چاوەکانی لە سەقفەکەدا جێگیر دەبێت .

- مەبەستت ئەوەیە کە ئەو لای تۆ کاری دەکرد ؟
- ئێمە هەموو وا دەکەین ، وایە ؟
- بەڵام لانیکەم ئێمە شتێك دەدەین .
- بە ژنەکانمان ؟
- لانیکەم بە دۆستەکانمان ، وایە ؟

حەزی بە بەردەوامی لێکۆڵینەوە نەمابوو . واهاتە پێشچاوی کە هەڵهاتن مەحاڵە ، پێکانی لەسەر زەویەکە جووڵاند بەڵام تەنها هەنگاوێك نەچووە پێشەوە ، نەوتەکە تواناکانی هەڵمژیبوو ، پیاوەکەش لە پڕکردنی بەرمیلەکە بوبۆوە ، وەستابوو چاوەڕوانی دەکرد ئەویش نەجووڵا ، ماوەیەکی زۆر لێی وورد بۆوە ، پاشان دەستی بەرزکردەوە .

بیرۆکەی بەرەنگاربونەوەی هەبوو ، گۆڕینەوەی زللەی بە زللە ، بەڵام دەستی بە جەستەیەوە نووسابوو ، لەوانەیە لینجی نەوتەکە بێت وا دەکات شتەکان بەیەکەوە بنوسێن ، یان لەوانەیە جووڵەی دەستی خێراتر بوبێت و ماوەی جووڵەی نەبوبێت ، لەناخیدا حەزی پەلاماردانی هەبوو ، تەنها شەویلگەکانی جووڵان ، هاوارەکە لە گەروەوە بەرزبۆوە .

- هاوار مەکە .
- لێم دەدەیت ؟
- تەنها هەڵگرتنی بەرمیلەکەت لەسەرە ؟

وەستانەکەی ئاماژەی ملکەچی تێدا دەبینرا ، هیچ بەرەنگاربونەوەیەك دەرنەکەوت ، لە حاڵەتێکی وەك نوستندا بوو ، یان زللە لەناکاوەکە تواناکانی لێ سەندوو وایلێکرد وەك ووشتر چۆك دابدات ، قوماشەکەی خستە سەر سەری و پاشان بەرمیلەکە و پێویست بوو لەگەڵ ئافرەتەکاندا بەرەو کۆمپانیا هەنگاو بنێت ، تەنها بەهۆی هەڵشەییەکیشەوە لە ڕێگە هەریەکەیان ووشەیەکی دەوت .

- تێدەگەیت ؟ لێی نەدەدایت گەر لە کارکردن بەردەوام بویتایە .
- خوشکەکەم تۆ گوناهەت ئەنجامدا ؟
- ئەنجامدانی گوناهە گرنگ نیە ، بەڵکو تەنها بیرکردنەوە لێی بەسە .
- هەندێکجار بیرکردنەوە مەترسیدارترە .

بە هەناسە بڕکێ و بە ملی خوارەوە بەردەوامبوو لە ڕۆیشتن ، لەگەڵ جووڵەی هەناسەکاندا سنگی هەڵبەز و دابەزی دەکرد ، بە دەمی داخراوی پاڵی بە گەردیلە نەوتەکانی دەوروبەری دەنا ، بۆ دوور فووی لێ دەکردن ، قاچەکانی بەزەویەوە نوساون و تا ژێر ئەژنۆکانی نوقم بووە . گوێی بەوە نەدا نوقم دەبێت ، تەنها

ئەوەی لەپێشەو دەبێت نوقم بێت و بگاتە ناخ ، لەدوای گەیشتن بە ناخیش تەنها ڕێگە سەرکەوتنەوەیە.

- لەوەتەی هاتووم کرێم وەرنەگرتووە !

- ئایا ئەوەندەت بەس نیە دالدەم داویت ؟

گوێی هەڵخست بۆ ووشەی ( دالدەدان ) ، چاوەکانی بە قلێنچکە هەوکراوەکانیەوە گەشایەوە ، ئامانجی ئەو دالدەدان نەبوو ، بەڵکو ئامانجێکی دیکەی هەبوو . بە متمانەوە بۆ ئەوە بوو هەرچەند ناشزانێت چیە ، بێئەوەی تەنها هەنگاوێك بەسەر زەویدا بڕوات قاچەکانی جووڵاند و هەواش بەشی هەڵمژینێکی قووڵ ناکات ، قاچەکانی هەویانکردووە و پێستەکەی داماڵراوە ، وەك قوڕی ڕەش نەوت دزەی کردۆتە ژێر نینۆکەکانی ، بەرمیلەکە لەسەر سەری قورسە ، لەژێر گەرمی خۆردا مێشکی گەرم دەبێت ، لێوەکانی شین و کراوە و هەناسەکانی یەك لەدوای یەك ، ددانی نا بە لێوی خوارەوەیدا و خوێنی لێهێنا ، ڕەنگی شینە و بە چەناگەیدا بە گەرمی هاتە خوارەوە ، بەر لێواری زمانی کەوت چێژێکی تیژی هەیە ، پێچەوانەی وێنەکەی خۆیی لەسەر ڕووی گۆماوەکە بینی وەك خێوێکی بالادەست بەسەر زەویدا ، واهات بە خەیاڵیدا کە هاوار دەکات .

- فریام کەون !

لایکردەوە بەلای پیاوەکەدا ، چیتر دەنگی نەدەبیست ، گەر گوێشی لێی بوایە لەوە دەچوو لێی تێنەگات ، بە شێوەیەکی وا لێی وورد دەبۆوە پێشتر نەیبینیبوو ، ئایا بیر لە کوشتنی دەکاتەوە ؟

دەستی بەرزکردەوە بەو نیازەی بەرمیلەکە لەسەر سەری داگرێت ، بەلایەوە جووڵەکە ڕێگە پێدراو بوو ، تەنها بەرگریکردن لەخود ، پێش ئەوەی دەستی

بەرزبێتەوە دووبارە لە چاوەکانی وورد بۆوە ، پاشان گەڕایە دواوە پێشتر چاوەکانی بەوشێوەیە نەیانبینیبوو، بروسکەکە دیارنەبوو ، هیچ شتێك تیایاندا گوزارشتی لە ترس نەدەکرد ، بەڵام هەموو شتەکان تیایدا وەك ئەوە وابوو لە ترسان مردبێت .
دەستی درێژکردوو دەستی گرت ، پەنجەکانیان تێکەڵ بوو ، بە قۆڵێکی لە ئامێزی گرت و ئەویش بە هەردوو دەستی باوەشی پێداکرد ، چاوەکانی لێکنا ، ئەویش هەردوو چاوی داخستبوو بە دەست لەملانێوە هەردوکیان دەڕۆیشتن ، زەویان لەژێر پێیاندا نەدەبینی ، بەیەکەوە بەرەو قوڵایی گۆماوەکە نوقم دەبن وەك ئەوەی بکەونە چنگێکی بەهێزتر لەخۆیان و توانای دەربازبونیان نیە لێی .
لەوکاتە هەریەکەیان جەستەی ئەویتری گرتبوو ، گرتنەکە توندتر دەبێت ، هەردوو جەستەکە دەبێتە تۆپەڵێکی یەکگرتوو ، هیچ بەشێك لێی نایەوێت لەویتر دابڕێت .

- ئایا دەبێت ئەوە خۆشەویستی بوبێت ؟

لەوانەیە ، لەبەرئەوەی گوێی لە دەنگی ئافرەتەکان نەبوو ، چاوەکانی داخرابوون ، وون بوو وەکشێوە لەهۆشخۆ چونێك ، پاشان دەنگی ئافرەتەکان دەستی پێکرد ، تەنها دەنگی بێ جەستە ، سەری نا بە لێواری گۆماوەکەوە ، وەك ئەوەی بیەوێت ئاو بخواتەوە ، یان بەڵغەمەکەی گەرووی فڕێ بدات ، گوێی لە دەنگی بوو لە ناخیەوە دەهاتەدەر وەك ئەوەی پێچ بەناو سکیدا بێت ، ئازاری سنگی کەم بۆوە و ڕوناکیەکان دەرکەوتن ، لە دوورەوە ڕیزبەندیەکە بەو هێڵە باریکەی لە ئاسۆوە دیاربوو لە نێوانی زەوی ئاسماندا دەڕۆیشت ، چەند خێوێکی ڕەش بەرمیلیان بەسەرەوەیە . لێی نزیك دەبنەوە و ڕووخسارەکان ڕوونتر دەبنەوە .

- چی دەکەیت لێرە خوشکم ؟

بینی ئافرەتێك لەژێر عەبایەکی ڕەشەوە لەبەردەمیدا وەستاوە .

من ؟

بەڵێ تۆ ، لەتۆ زیاتر کێ ؟

من لێکۆڵەرێکی زانستی هەڵکەندراوەکانم .

پێکەنینێك دەنگیدایەوە و لەدوایەوە چەندین پێکەنینی دیکەی خەفەکراو .

ئایا سکت نەکردووە خوشکەکەم ؟

ووشەکە لە شێوەی زللەدا دای بە دەموچاویدا . سکت کردبێت ؟ ئایا دەبێت ئەوە هۆکاری دەست بەسەراگرتنی بێت لێرە ؟ لەوکاتەوەی دایکی بەهۆی لەدایکبونیەوە مردووە مانیگرتووە لە سککردن ، نەیدەزانی قازانجی سککردن چیە ، هەموو ئافرەتان سك دەکەن .

ئایا جیهان هەڵدەگەڕێتەوە گەر ئافرەتێك لە سککردن بکەوێت ؟!

هەی گێلەکان !

لەناکاو تاریکی نەما ، لە دوورەوە ڕوناکیەك دەرکەوت ، بەلای ئافرەتەکەدا ڕوانی ، دواتر نوشتایەوە و لەسەر زەویەکە دانیشت ، شتێکی ڕەقی لەژێر خۆیدا دۆزیەوە ، تەشوێکە بوو ، سەری بە قایشی جانتاکە پێچراوە ، لەشێوەی پەتی لەسێدارەداندا لە ملیەوە ئاڵاوە .

کاممان گێلین ؟

هیچ دەنگێك نەبوو . تەنها گرمە گرمێکی وەك دەنگ ، یان چەندین گەردیلەی مەلە کردوو لە هەوادا ، بەردەوام بوو لە قسەکردن و تەشوێکەشی دەکێشا بە زەویدا .

- من گێلم ؟ ئایا هیچ شتێکی جگە لە سککردن سەرقاڵت ناکات ؟ ئەی من چ شتێك سەرقاڵم بکات ؟! بەڵی ، من لێکۆڵەرم ، لێکۆڵەری چی ؟ بەڵێ بەشوێن شتانێکدا دەگەڕێم تۆ نایانزانیت . ( نمو ) یەکەمین خواوەندی ئاو ، ( ئینانا ) خواوەندی دایك و سخمت .

- سخماط ؟

- ئایا ئەمە بەڵگەی نەزانینت نیە ؟ باشترە لێم دووركەویتەوە و بەرمیلەكەت هەڵگریت و بڕۆیت بۆ كۆمپانیا ، ئافرەتان هەر بەو حاڵە دەمێننەوە تا ڕۆژی دوایی . ئایا كەسێك نیە بەرەنگاری نەوت بێتەوە ؟ ئایا هەرگیز بیرت لە خۆ گونجاندن نەكردۆتەوە ، بیر لەو شتە بكەرەوە ، گەر لەم گۆماوەدا بنێژرێیت تەنها لۆمەی خۆت دەكەیت ، نەوت دەست دەگرێت بەسەر هەموو شتێكدا و ڕێگەی خۆی دەكاتەوە بۆ هەموو شوێنێك ، چی ڕوویدا ؟ بۆ هیچ ناڵێیت ؟!

ئافرەتەكە لەجیاتی ئەوەی وەڵام بداتەوە بە شێوەیەكی ئاسایی وون بوو ، بێئەوەی هیچ دەنگێكی لێوە بێت لایكردەوە و هیچ شوێنەوارێكی پێكانیشی لەسەر زەویەكە نەبوو .

- ئایا بێ دركاندنی هیچ ووشەیەك هەڵدێیت ؟!

بێ ئەوە كەسێك گوێی لێبێت هاواریكرد ، وەستاو تەشوێكەی كردەوە جانتاكەی ، زمانی لە سەقفی دەخشا ، دەنگی لێخشاندنەكە دەگەیشتە گوێی ، لەناكاو شوشەكەی لەسەر ڕەفەیەك بینی ، تەواو ووشك بوبۆوە ، بەرزیكردەوە بۆ دەمی و چەند جارێك ڕایوەشاند تەنها دڵۆپێك نەهات ، بێزارییەكی بێدەنگ دایگرت بێ پەژارە و بێ فرمێسك و بێ ئەوەی بێ هیوا و بێ هیچ شتێكی دیكە بێت ، ئەوەی كە ئەو بێزاریە دایگرت ئافرەتێكی دیكە بوو ئەو نەبوو .

خۆیکرد بە مردوو و بە زەویەکەوە نووسا ، بە هیوای ڕزگاربوون خۆی گرمۆڵە مرد ، کەمێك چاوی بەلای دەرگاکەدا سوڕاند ، پیاوەکە لەبەردەرگاکەدا بە قژێکی بژەوە وەستابوو ، ئایا خۆی لێگرتبوو ؟ لێگەڕا پێش ئەوەی فرسەت لەدەست بدات فرمێسکەکانی بێتە خوارەوە ، گریان هیچ سودێکی نەبوو . لێوەکانی لەشێوەیەکی دودڵیدا جووڵا ، لەوانەیە خەندە باشتربوبێت . هەستی بە تێهەڵچوونی ویژدان نەکرد ، سەرباری هەموو شتێك دەیتوانی بەڕوویدا خەندە بکات ، گەر ئەو ماندوبوونە زۆرە نەبوایە ، هەروەها ئەو شێوە مێرووله کردنەوەی لە لێوەکانیدایە .

ڕووی لە دیوارەکە بوو و پشتی لێی بوو ، لەوە دەچوو خەندەکردن هیچ سودێکی نەبێت، بەرمیلەکە بەهۆی خۆرەوە گەرم ببوو ، هەناسەکانیشی وەك مانگایەك لە گیان داندا پچڕپچڕ بوو ، ملی بەلاکەی تردا وەرگێڕا بۆ کەمکردنەوەی قورسایی ، کەمێك بە ڕووی خۆرەکەدا چاوەکانی کردەوە ، پاشان و بەخێرایی توونـد دایخستنەوە .

کاتێك گەیشتە کۆمپانیا دەموچاوی لە ماسیەکی برژاوی دەکرد ، ئێسکی ڕوومەتەکانی بوبونە خەڵوز ، لەسەر سەری و لە بنی بەرمیلەکەدا چاڵێکی قووڵ هەیە ، لە کۆتایی ملیشیدا گرێیەك هەیە شڵەی ڕەش دەردەدات . دشداشەکەی چەندین پەڵەی پێوەیە و بۆنێکی تێکەڵ بە عەرەقیش بەرز دەبێتەوە .

سەرۆکی کارەکەی لە نێوانی پێڵوە داخراوەکانیەوە بینی .

- دەبێت جلوبەرگێکی خاوێن بپۆشیت و کەمێکیش عەتر لە بن باڵەکانت بدە .
- بەڵێ ، . . . . . . .

- ئێستا کاتی گەیشتی خاوەن شکۆیە و نامانەوێت ئازاری لووتی بدەین ، وایە ؟

ماسوللکەکانی زمانی لەسەر وەڵامدانەوە ڕانەهاتبوون ، دەنگەکە بە خەفەکراوی هاتەدەر ؟

- لە شەوی . . . جەژندا . . . طلع . . . البدر . . .

گۆرانیەکی منداڵی بیرهاتەوە ، لەگەڵ کچانی دیکە دەیانوتەوە ، کاتێك سەرۆك دەگەیشت ، هەموو بە یەك دەنگ گۆرانیان دەوت : طلع البدر علینا ، لە پشتیشیەوە هاوسەری سەرۆك دەگات و چەند بازنەیەکی ڕووناکی لە گەردن و دەستەکانی و قاچەکانیدایە ، لە پشتیەوە ئافرەتان لە پێشبڕکێدان لەسەر پێڵاوە پاژنە بەرزەکانیان ، ڕوویان گەش و پشتەوەیان دەلەرێتەوە .

- طلع البدر لینا . . .

نەیدەزانی بۆچی ملی دەنوشتێتەوە و دەچێتەوە ناوەوە ، لەوە دەچوو بۆ سڵاوکردن بنوشتێتەوە ، گرێ بەرزەکە لە لۆچەکانی ملیدا دەشارێتەوە ، چەرمەکە بە لەپی دەستی دەسڕێت و پەڵە ڕەشەکانی لێ دەکاتەوە .

- بۆچی هەستی بەو هەموو شەرمەزاریە دەکرد ؟

وایدەزانی قوربانیی جەژنە ، پێویستە لەدوای سەربڕین شوێنەواری خوێن بسڕێتەوە ، دەیتوانی بەرەنگاری شەرمەزاری بێتەوە ، گەر پیاوەکە نەبوایە ، بەڵێ ، گەر ئەو نەبوایە دەیتوانی ڕزگاری بێت ، ئەی دوای ئەوەی ڕزگاری بوو چی ؟! لەناکاو ئەم پرسیارەی بە مێشکدا هات ، نەیزانی گەر هات و ڕزگاری بوو چی بکات .

- چیرۆکی ژیان دەنوسمەوە .

گوێی لێبوو پیاوەکە بە دەنگێکی وەك کۆکە پێدەکەنی ، بەسەر بەرمیلەکەدا خوار بوو بۆوە پڕی دەکرد ، بە قامچیەك لە بەرمیلەکەیدا ن گوێی لە قوڕە قوڕێك بوو لە ورگی پڕی بەرمیلەکەوە دەهات زانی کە بەرمیلەکەش پێدەکەنێت .

- ئایا بەڕاست بیر لە نووسین دەکەیتەوە ؟!
- مەبەستم ، لەوکاتانەی کارم نیە ، لەوانەیە ( وەحی ) م بۆ بێت .
- وەحی ؟
- بەڵێ لەوانەیە وەحی بۆ شوانی مانگایەك یان کرمێکی نەوتیش دابەزێت .
- ئەم نەوتە بەسەر هەر وەحییەکدا سەردەکەوێت گەر لە ئاسمانیشەوە بێت .
- لەوانەیە شتەکە جیاوازی هەبێت ، کاتێك وەحی لە ناخی زەویەوە دێت .
- مەبەستت چیە ئافرەت ؟!

مێشکی توانای وەڵامدانەوەی نەبوو ، وتوێژەکەش بێ واتا دەهاتە پێشچاو ، سەری گەرم دەبوو و ئازار لە پشتەوەی مێشکیدا وەك پێداکێشانی چەکوش وابوو ، لەچکەکەی توونـد لە نێوچاوانیەوە پێچا ، نەیزانی بیرۆکەکە لە کامە بەشی مێشکیەوە هاتەدەر .

وەحیی بێ پێویستی نووسن و خوێندەوە دەهاتە خوارەوە ، خاوەن شکۆ سەری بۆ ئاسمان بەرزدەکردەوە و وەك باران وەحیی دەهاتە خوارەوە و دەیانکردە شووشەوە و جەژنان لەگەڵ پاداشتدا خەرجیان دەکردەوە ، پیاو شووشەیەکی تەواوی وەردەگرت بۆخۆیی و نیو شووشەش بۆ ژنەکەی ، ئافرەت بۆی نەبوو خودی خۆی نیوەکەی خۆی وەرگرێت ، دەبوایە مێرد یان کەسێك لەبری هەبوایە .

فێڵکردن لە خوود هیچ سوودێکی نیە ئافرەت ، دواتر ئەو جۆرە خەیاڵاتانە بێهودەیە .

- مەبەستت چیە ؟

- بۆ نمونە نوسین جگە لە خەیاڵات نەبێت هیچی تر نیە ، گەر خاوەن شکۆش نەخوێنێتەوە و نەنوسێت ، هەروەها پێغەمبەرانیش ، پێویستیان بە خوێندنەوە و نووسین نەبووە ، پاشان چ جیاوازییەك هەیە لەنێوان هەلگرتنی قەڵەم و هەلگرتنی بەرمیلدا ؟! دەی بڵێ ! گێل مەبە !

ئافرەتەکە ملی دانەواند و وەڵامی نەدایەوە ، بێدەنگی شتێکی زۆر خۆش بوو ، پاڵی پێوەنا لە بێ هیواییدا تەواوی چاوەکانی لێك بنێت .

بەرمیلەکەی خستە سەر سەری و چووە دەرەوە ، لە ڕوکاری ئەولای گۆماوەکەوە ڕەشەبایەکی نوێ هەڵیکرد ، هیچ ڕێگە چارەیەکی تری نەبوو تەنها ڕۆیشتن نەبێت تا کۆتایی ، هێشتا دەرخستنی ڕووخسار دوورە لە مێشکی ئافرەتاندا ، لەپێش خۆر هەڵاتنەوە بەرمیلیان هەلگرتووە و لە تاریکاییدا وون بوون .

دەستی بۆ سەرەوە بەرزکردەوە و بەرمیلەکەی ڕاوەشاند ، تەنها دڵۆپێك نەوتی بەستووی لێ هاتە خوارەوە ، چاوەکانی بڕیبووە ئاسمان ، هیچی نەبینی ، پەنجەی لە لووتی نزیك کردەوە و بۆنی گازێکی بۆگەن هاتە لووتی .

- چی ڕوو دەدات گەر هەر بەم شێوەیە ژیانی بەردەوام بێت ؟!

لەوانەیە پلانێك هەبێت ، سەرۆکی کۆمپانیا پێستێکی ئەسمەری هەیە و بە زمنێکی بیانی قسە دەکات ، ڕۆژنامەش دەڵێت کە پیاوێکی دڵ گەورەیە ، وەك هێمایەکی خۆشەویستی بەرمیلەکان لەگەڵ خاوەن شکۆدا دەگۆڕێتەوە ، هەروەها

لەم ناوچە شوێنەوارە مێژووییەدا تەرمی مردووان و هەڵکەندراوە پیرۆزەکانی خواوەندە کۆنەکان. هەروەها چەند خاوەندێکی چاخی بەردین .

- بەڵێ ، لەگەڵ هەڵکردنی ڕەشەباکەدا پیرۆزییەکان گۆڕان .

- ئایا لێرە لە ناخی زەویدا هەڵکەندراوی لێ نیە ؟

- تەنها نەوتی لێیە ئافرەت .

- ئەمە چیە ؟

- شووشەیەکی یەدەکی جەژنی خاوەن شکۆ ، پێم نەوەتی کە دڵی گەورەیە و ڕەحمەتی فراوانە و بەردەستەکانی لەبیر ناکات ، چی دەڵێیت کەمێکت بدەمێ؟ با بەیەکەوە ئاهەنگ بگێڕین بەبۆنەی جەژنی خاوەن شکۆوە .

زمانی لە ناو دەمیدا پێچی خوارد ، وەك مانگایەکی بەستراوە قاچەکانی لە هەوادا هەڵسوڕاند، ئەم پیاوە مێردی نیەو و نوێنەری پۆلیسیش نیە ، بۆچی دەست و قاچەکانی ناکاتەوە و لێی گەڕێت بگەڕێتەوە ؟ ئەو لاوە و لە سەرەتای تەمەنیدایە و هەڵگری نازناوی ( لێکۆڵەر ) ە و مێردێکی هەیە چاوەڕوانێتی .

- پێکێکت بۆ پڕ دەکەم .

- ئایا خواردنەوە حەرام نیە ؟

- لەبەرئەوەی بە تەنیاین و کەس نامانبینێت ، کەمێکیش پێوستی بە بە ئاگاییە.

ئەوان ئەم شوشانەمان بەسەردا دابەش دەکەن ، ئەوەش واتای ئەوەیە کە خواردنەوە ڕێگە پێدراوە ئەمشەو تا تۆپی دەستگرتنەوە ( امساك ) دەتەقێت . ئایا تۆ لە ژیاندایت؟ دەبینم هەناسە نادەیت ؟ ئەم پێکە بگرە و هەموو شتێك لەبیر بکە .

وەك هێمایەك بۆ قایلبوون سەری ڕاوەشاند ، شەوی جەژن ڕێکەوتێکی باشە بۆ هەڵهاتن. دوای ئەوەی پیاوەکە دەخواتەوە لەهۆش خۆی دەچێت ، ئەوەی لەسەرێتی تەنها کڕینی بلیتێکی گەڕانەوەیە . جانتاکەی کردەوە تا پارە دەربکات ، هیچی تیادا نەبوو ، ناوەکەی هەڵگێڕایەوە و جانتاکەی ڕاوەشاند تەنها قرشێك نەکەوتە خوارەوە .

- کوا پارەکان ؟
- چی دەڵێی ؟
- من کار دەکەم و هەندێك کرێم دەکەوێت .
- دەمەوێت تەنها پرسیارێکی بچووکت لێ بکەم .
- بەڵێ .
- ئایا هەموو شتێکت بۆ فەراهەم ناکەم تەنانەت خۆشەویستیش ؟ دەی بڵێ و بزانم !
- تۆ پیاوێکی نمونەییت ، ئەمە ڕاستە ، بەلام من بە درێژایی ڕۆژ کاردەکەم و بەشێکی شەویش . کێ کرێ دەدات ؟
- کرێت لای خوایە .
- خوا ؟! چی بڵێم پیاوەکە ؟
- ئافرەت تۆ بڕوات بە بوونی خوا نیە ؟!

دەنگی تورە دیاربوو ، هەڕەشاوی بوو ، ئەو داوای کرێی لێ دەکرد ، بەلام ئەو داوای ئیمانی لێ دەکرد ، ئیمان چ پەیوەندیەکی هەیە بە کرێوە ؟ ، نەیدەزانی . بەلام شتەکە هەڵگەڕایەوە ، ئەو بووە خاوەن ماف ، ئەویش هیچ داواکارییەکی

نەما ، لە قەفەزی تۆمەتباریدا داینیشاند و بە قژێکی بژەوە و بە توڕەیی بەدەوریدا دەسوڕایەوە .

- ئافرەتێکی وەك تۆ دڵی پڕی ئیمان نیە ، جگە لە سووتان لە ئاگردا هیچی تری شایستە نیە ! دەی بڵێ و بەرەنگاری لەخۆت بکە !

زمانی وەستا و نەیتوانی وەڵامی بداتەوە . ئەو تەواو وەك پیاوەکە و زیاتریش ئیماندارتر بوو ، دڵی گەورە بوو ، لە دڵی ئەو گەورەتر بوو و جێگەی ئیمانی زیاتری تێدا دەبۆوە ، بەڵکو خواوەندە کۆنەکانیش دەگرێتەوە ، بەڵام خواوەند چ پەیوەندیەکی هەیە بە پارەوە ؟ ئەویش ئافرەتێکە کارەکەی بە تەواوی ئەنجام دەدات ، لە کۆمپانیایەکی فەرمی نەوتدا بەرمیل دەخاتە سەر سەری ، کارەکەی گرانە ، لەدوای هەڵکردنی ڕەشەباکەشەوە زیاتر گران بووە ، دەیتوانی لە هەموو ئەم زەحمەتە خۆی لادا پێی بە زەویداداو هاواریکرد :

- ئەم هەموو زەحمەتە !

- ئەی باشە لە ڕاستدا تۆ بۆچی هاتیت ؟

لە جێگەی خۆی ڕاما و بێدەنگ بوو ، وەڵامەکە ڕوون بوو و پێویستی بە ڕونکردنەوەی زیاتر نەدەکرد ، لەبەرئەوە هات چونکە نەیدەتوانی لەوێ بەردەوام بێت ، بەڵێ لەبەر ئەوە هات تا لە زەحمەتی زیاتر ڕزگاری بێت .

- ئایا ئەمە هەموو شتەکەیە ؟!

- بەڵێ ، هەموو شتەکەیە .

شتەکە زۆر بەئاسانی هاتە پێشچاو . وەك هێمایەکی حەوانەوە هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا ، بە جووڵەیەکی سەیر سەری خستەسەر سنگی و وەك ئەوەی بنوێت ، بەڵام جووڵەکە بەئاگای هێنایەوە ، سەری قورس بوو ، گەرمیەکەش

لەگەڵ قورسیەکەی سەر سەریدا دادەبەزی ، وەك ئەوەی لە نیوەڕۆدا خۆری هەلگرتبێت ، لەگەڵ ئەوەی کات شەوە ، پیاوەکەش لە تەنیشتیەوە چاوەکانی کراوەتەوە و ڕاکشاوە .

- ئایا پشووت وەرنەگرتووە ؟!
- مەبەستت چیە ؟
- بە هەرحاڵ خاوەن شکۆ و سەرۆکی کۆمپانیا بەم شتە بێزار دەبن .
- ئایا تەنها ئافرەتێك نەیتوانیوە پشووی دەست بکەوێت ؟
- ئافرەتێك هەبوو لە خێزانێکی هەژار ، نزیکەکانی هەموو لە دزەکان بوون ، وتیان جنی تیایە ، لەبەرئەوەی جنۆکەکان بەدوای هەژارانەوەیە ، دزەکانیش بەدوای جنۆکەکانەوە ، لەگەڵ ئەوەشدا لە هەڵاتن سەرکەوتوو نەبوو .
- ئەوە چۆن بوو ؟
- پێش ئەوەی سنوور ببڕێت ڕۆژنامەکان وێنەکەیان بڵاوکردەوە و گێڕایانەوە .
- مەبەستت ئەوەیە کە تەنها ئافرەتێك بە تەنها هەڵنەهاتووە ؟!
- تەنها پیاوێکیش .

لەسەر جێگەکە ڕاکشابوو و جەستەی شل بوو ، وەك ئەوەی بکەوێتە خەوێکی قووڵەوە ، وەك کرمی نەوتی خۆی گۆرمۆڵە کرد ، ڕەنگی ڕووخساری بوبووە ڕەنگی زەوی ، بە دەستی پەستانی خستە سەر سنگی و ڕاپەڕی .

- لێدان نیە !

پیاوەکە لەسەر جێگەکە هەستا ، بە سەری پەنجەکانی دەستیکرد بە شێلانی دڵی ، سەری سوڕما و نەیتوانی ڕەتی بکاتەوە ، هەلی لێنەدانی دڵی قۆستەوە تا پەنجەکانی بخاتە سەر مەمکی ، بە درزی نێوان مەمکەکانی دەگێڕا ، چینێکی بەستووی نەوت هەبوو بۆنی عەرەقی لێدەهات ، کەمێك شەرم دایگرت .

- دەمویست خۆم بشۆرم ، بەڵام .
- پێویست بە شەرم ناکات من بێگانە نیم .

مانگ بە پرشنگێکی لێڵەوە بەسەر گۆماوەکەدا دەیڕوانی ، پەڵەیەکی بازنەیی بە ڕەنگێکی هیلاك لەسەر پانتاییەکی ڕەش . پەنجەرەکەش لە تەختە دروستکرابوو و چەندین قەوزەی نەوتی لەسەر سەوز ببوو ، پەنجەرەکەی نزم بوو و قلیشاوی تێدابوو و چاوی ئافرەتەکان لێوەی دزەیان دەکرد ، سیان یا چواریان بە خەفەکراوی پێدەکەنن ، یەکێك لەو ئافرەتانە بە دراوسێکەی تەنیشتی دەڵێت ، ئەوەی بۆ دەگێڕێتەوە کە لە جێگەدا چی دەکات لەگەڵ مێردەکەیدا . وتوێژەکە بە پێکەنینەکان دەبڕێت و پاشان دەست دەکات بە گریان .

- دە ساڵە شووت کردووە و سکت نەکردووە ؟!
- بەدەست خوایە .
- بەڵکو هەوێ نەگبەتەکەت ، جادوی لێکردویت .
- کەواتە جادووە ؟ ئای لەو نەگبەتیە !
- تۆ شانست لەمن باشترە و تەنها هەوێیەکت هەیە و من سیانم هەیە ، هەر هێندەش جادویەك بەتاڵ بکەمەوە یەکێکی دیکە دێت .
- بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سکت کرد وایە ؟

لەودیوی دیوارەکەوە گوێی لە دەنگی بوو لە دەنگی پوور دەکرد . لەچکێکی ڕەشی لەسەریەوە دەپێچا و دەچووە دەرەوە . بە گەڕەکەکاندا دەسوڕایەوە و شمەك و هێلکە شەیتانۆکەی دەچنیەوە لەگەڵ ئێسکی مردوانی ناخی زەوی ، هەمووی لە دەسکەوانێکدا لەگەڵ چەند شتێکی دیکەدا دەکوتا ، بەیانیان لەخورێنی و شەوان پێش نووستن دەیخواردەوە ، سەرینی پیاوەکە و نێوانی ڕانەکانی پێ تەڕ دەکرد ، هەر جنۆکەیە و تایبەتمەندی خۆیی هەبوو ، شێخێکی نابینا لە ژوورێکی تاریکدا دەینووسی ، نابیناکە توانای لە بیناکە زیاتر بوو لە دەرکردنی جنۆکەکان ، بێگومان شێخی مردووش توانای زیاتر بوو لە نابینا ، ئافرەتەکەش پارچەیەك زیو یان مریشکێکی سەربڕاوی پێشکەش دەکرد ، ئافرەت نەیدەتوانی سك بکات گەر شتێکی پێشکەش نەکردایە .

لە کۆتایی شەودا ئافرەتەکان بێدەنگ دەبوون ، بەیانی بە تیشکێکی سوور وەك زمانێکی ئاگرین دەهات .

- تکات لێ دەکەم ، دەتوانیت ئەو ئاوەم بدەیتێ ؟

لەوانەیە ئەو خەو بردبیێتیەوە . گوێی لە هیچ وەڵامێك نەبوو ، دشداشەکەی لە سنگیدا دڕابوو ، لە عەرەقێکی ڕەشی بەستوودا نوقم ببوو ، گەردیلەی نەوت بە قژیەوە لکابوو و لێوەکانیشی وەك زەوی ووشك قڵیشابوو .

- ئایا گوێت لێم نەبوو ؟ تکات لێ دەکەم تەنها دڵۆپێك .

دەنگی ووشکە ، جەستەشی تای هەیە . گەرمی ژێری پێستی کەوتووە ، ووردە ووردە توێکڵەکە دەتوێنێتەوە ، لێوەکانی گرانەوە و هەناسە بڕکێی بوو ، بە سەری زمانی شلە تواوەکەی لستەوە .

- شووشەکەت دەدەمێ بەمەرجێك .

- چیە ؟
- بە تەواوی لەو پلانە بکشێیتەوە .
- مەبەستت چیە ؟
- ئایا نازانیت کە بە ووردی چاودێری لەسەر جوولەکانتە .
- چاودێری ؟
- هەموو جوولەیەك ، بەڵکو زۆر وردتریش .
- وورد تر ؟
- بەڵێ پێویستە هەموو شتێك لەبیر بکەیت سەبارەت بە دایکت و پورت و حەتحور و سخمت و هەموو ئافرەتان ، بەڵێ ، هەموو ئافرەتان ، تێدەگەیت ؟

وەك هێمایەك بە قایلبوون سەری ڕاوەشاند ، هیچ تێ نەدەگەیشت ، ئەو تەنها شووشەکەی دەویست ، پیاوەکە هەنگاوێکی ناو گەردیلە نەوتەکانی لێ هەڵدەوەری . شووشەکەی لە لێوەکانی نزیك کردەوە ، بە ددانەکانی قەپی پێداکرد و چەند جارێك ڕایوەشاند ، وەك کرمی زەوی پێچی خوارد ، شووشەکە ووشك بوو تەنها دڵۆپێکی تێدا نەبوو بە دەمونخونی لەسەر دەمی داینابوو ، بنەکەی ئەستوور بوو بە بەرزیەوە و ڕاستەوخۆ تیشکی خۆری لێوە دەهاتە سەر چاوەکانی ، وەك ئەوەی عەمودێکی ئاگرینی درێژکراوە بێت لەو دونیاوە .

شووشەکەی بۆ تیشکەکە هەڵدا . پیاوەکە بەشەرمێکەوە سەری داخست .

- نەتدەزانی بەتاڵە ؟
- دەزانم ، بەلام . . .
- گەر وای دابنێین بۆ تەنها جارێك ئافرەتیش وەك پیاو ڕوحی هەیە . .

- بەڵێ .
- ئەوا بێگومان ئەو ڕوحە لە جەستەیدا دەژی .
- بەڵێ ، بەلام . . .
- بەلام چی ؟
- لەدوای ئاهەنگی جەژن مندالانی وەك ئێمە لەبیر دەکەن و گەورەکان دەست دەگرن بەسەر بەشەکانماندا .

سەیری چاوەکانی دەکرد ، دەیزانی کە بە ووشەکان شتێکی دیکە دادەپۆشێت ، لە ژوورەکەی پشتەوە خۆی شاردبۆوە و بەشەکەی دەبرد ، دواتر شووشەکەی لە جێگەیەکی نادیار دەشاردەوە ، ئایا دەبێت بیەوێت لە ڕێگەی تینوێتیەوە دەستی بەسەردا بگرێت ؟

پیاوەکە وەستابوو سەرنجی بۆ دوور ڕۆیشتبوو ، خۆی لە سەیرکردنی چاوەکانی دەشاردەوە ، لەوانەیە هەموو شتێك بزانێت و لە پلانەکەدا دەستێکی هەیە ، لە کاتی خۆیدا دەچێتە پاڵ خاوەن شکۆ یان لانی کەم سەرۆکی کۆمپانیا .

لەبەردەم دەرگاکەدا وەستاو ملی بۆ ئاسۆ بەرزکردەوە ، هەورەکان لەشێوەی پەڵەی ڕەشدا کەڵەکە دەبوون ، هیچ نیشانەیەکی هێور بونەوەی ڕەشەباکە دیار نیە ، لە هەناسەیەکی قووڵدا سنگی بەرزبۆوە و دابەزیەوە ، وەك ئەوەی لەگەڵ هەر هەناسەیەکدا ڕوحی دەربچێت .

لێوەکانی بە جوتکراوی مانەوە ، بێدەنگی بە فریای هیچ شتێك نەدەگەیشت ، پێویستە شتەکە بۆ دراوسێکان ئاشکرا بکات . لەوانەیە ئافرەتەکان بتوانن شتێك بکەن .

- بەڵێ ، دەتوانێت پەنا بۆ ئافرەتەکان بەرێت .

گوێی لێبوو وەك دەنگدانەوەیەکی بەرمیل قاقا لێدەدات ، لە ترسان لەجێگەی خۆی ڕاما. ئایا ئافرەتەکان لەو زیاتر دەزانن ؟ ئایا دەبێت ئافرەتەکان هاوکاری بکەن گەر پێویستی کرد ؟

لەشوێنی خۆی مایەوە و قۆڵەکانی کۆکردەوە وەك لەسەرمان خۆی کۆ بکاتەوە ، چاوەکانی لەبێ ئاگاییدا پرتەپرتیان بوو ، قاچێك پێش دەخات و ئەویتر دوا دەخات ، وەك مشکێك لەبەردەم کونە دیوارێکدا وەستابێت ، نازانێت ئایا دەرچەی هەڵاتنە یان دەمی تەڵەیە .

بە پێوە وەستابوو بێزار بوو ، چەند دڵۆپە عەرەقێك لەنێوچەوانیەوە هاتە خوارەوە ، بە سەری زمانی تامی کرد هەستی بە تەڕایی کرد ، وەك ئەوەی شتێکی لە متمانە بۆ گەڕابێتەوە ، پێویستە بچێتە پێشەوە و ئەوەی دەبێت با ببێت ، بەڵێ ، بێ مەترسی هیچ جووڵەیەك ڕوونادات .

قاچەکانی جووڵاند بەرەو ڕێگەکە ، خۆر لەودیوی ئاسۆوە خۆی شاردبۆوە ، لەگەڵ گەردیلەی نەوتدا بای باکوور هەڵیکردبوو ، لەسەر ڕۆخی گۆماوەکە بینی دانیشتووە و لەچکە ڕەشەکەی سەر دەموچاوی دەکاتەوە ، لووتی و قلێنچکەی چاوەکانی دەخورێنێت، ئافرەتانی دەوروبەریشی بە هەمان شێوە ، ڕووخساریان ئاشکرا دەکەن ، هەریەکەیان لەچکە ڕەشەکانیان دەگرن بە دەستیانەوە و چەند جارێك لە هەوادا ڕایدەوەشێنێت دەنگێکی وەك تەقەی لێوە هەڵدەسێت ، دەستی بە پێ کێشان بە زەویدا کرد و بازنەیەکی تەواو بە دەوری خۆیدا سوڕایەوە و دەنگەکان وەك دەنگی تەپڵ بەرزدەبونەوە ، ئافرەتەکان لەشێوەی بازنەیەکدا سەمایان دەکرد و لەسەر هەمان ئاواز پێیان بە زەویدا دەدا ، گۆرانی لەگەڵ تەپوتۆزدا بەرز دەبۆوە بۆ ئاسمان .

- ئایا ئەوە قەدەرمانە لەسەر سەرمان هەڵیگرین !
- بۆ هەتایی بەرمیلە نەتەکان !
- نەخێر خوشکم ! نەخێر خوشکم !
- ئەوە قەدەری ئێمە نیە ! قەدەری ئێمە نیە !

خۆشبوو تروسکاییەك ڕووناکیت بەدی بکردایە لە تاریکیدا ، پەیوەندی نێوان قەدەر و نەوت ئاشکرا بکەیت ، جەستەی وەك دیوار وابوو لەڕووی ڕەشەباکەدا ، هیچ شتێك ناتوانێك بیخات .

لەوکاتەدا پیاوەکە دەرکەوت و قۆڵەکانی بەرز کردبۆوە ، خەریکبوو پیاکێشانەکە سەری بشکێنێت ، بەڵام وەستاو مردنی وەلاوە نا ، لەشێوەی شەڕکردندا بەسەریدا نوشتایەوە سەرباری ئەوەی نەخۆش بوو دای بە زەویدا ، تەشوێکەی لە دەستی وەرگرت تا بێ چەکی بکات و بەرمیلەکەی بە گوێچکە هەڵگرت .

- تەنها هێز دەتوانێت هێز بشکێنێت .

پەلاماری یەکتریان دابوو و لەسەر زەوی دەخولانەوە ، لە کاتێکی نادیاردا ئەو کەوتە سەری ، لەخۆی بایی بوو مووی گرژ بوو ، ئەو ڕاستبونەوەیەی لە سەرکەوتنی کەڵشێری دەکرد ، دەکرا شەڕەکە بە شتێکی دیکە هەڵگەڕایەتەوە لە خۆشەویستی بکات ، گەر ئەو تەشوێیەی لە دەستی وەرنەگرتایە .

لەناکاو بیری هاتەوە کە هەلگری نازناوی لێکۆڵەرە و بۆ پشوو چۆتە دەرەوە ، شتێك هەبوو بەدوایدا دەگەڕا ، ئەو تایەی جەستەیی داگرتبوو کەم بۆوە ، وا هاتە بەرچاوی کە ئەو ئافرەتەی بۆ پشوو چۆتە دەرەوە لێکۆڵەر نیە ، ئەو ناتوانێت پیاوی خۆش بوێت بێئەوەی ملکەچی بکات ، هەرچەند ئەو جووڵەی ملکەچ پێکردنە ئاسایی بێت ، بەڵام بە تەواوی ئاسایی نەبوو .

ئەو لەگەڵ پیاوەکەی دیکەیدا خۆی لەو مەترسیە لادەدا ، ئەو بە ڤایرۆسێکی نەناسراو نەخۆشبوو ، دەخرێتە خانەی خۆشەویستیەوە بەتەواوی خۆشەویستی نەبوو ، گەر شتێکیش نەبێت پێچەوانەکەی دیاری بکات ، لەو کاتەی هەست بە خۆشەویستی دەکات لە ڕقان ددان جیڕ دەکاتەوە . جارێکیان قەپێکی گەورەی کرد بە شانیدا ، بە ئازارەوە لەسەر جێگە کەوت ، چەند دەنگێکی وەك وەڕینی سەگی لێ بەرز دەبۆوە ، پزیشك هاتوو دەرزییەکی دژە هاری کرد بە ڕانیدا ، لەسەر کاغەزێك چەند ووشەیەکی نووسی نەدەخوێنرانەوە وەك : دورکەوتنەوەی تەواو لە خۆشەویستی و نەخواردنی سوێرکراوەکان بە نەوت .

- دەتوانیت بێ ئازار لێم بڕوانیت ؟

بەڵێ ، لە ناخیدا لێی ڕازی بوو و دەشیتوانی بێ هیچ ئازارێك لێی بڕوانێت ، هیچ لە برییەك نەبوو ، بە تەواوی هیوا نەمابوو و دەبوایە گرێبەستەکە بنوسرایە .

- ئایا گفت بەس نیە ؟

- دەبێت نوسراوێك بنوسرێت .

- ئایا تۆ متمانەت نیە ؟!

- مەبەستت چیە ؟

لە شێوەی بەدەستەوەدانی ڕوحدا لەسەر گرێبەستەکە ئیمزایەکی کرد ، ڕۆژنامەکان بە تەوسەوە سەبارەت بە ڕووداوەکانی دەستدرێژی سێکسی دەیاننوسی ، دەستدرێژی کردنە سەر جەستە ، کەسێك شتێکی نەدەزانی بەناوی دەستدرێژی کردن بۆ ڕوح .

- ئایا تۆ بە پێوە میز دەکەیت ؟ ئەمە بۆ ئافرەتان قەدەغەیە ؟

لە کەلێنی دەرگاکەوە دەیبینی ، ئافرەت بۆی نەبوو کاتێك میزی بکردایە بەپێوە بوەستایە ، بەڵام ئەو حەزی بەو شێوەیە دەکرد ، چونکە سیفۆنەکە وەك نوقمی گۆماو بوبێت وابوو ، گەر داشبنیشتایە پێدەچوو جەستەی بەر کورسیەکە بکەوێت ، ڕۆژنامەکان سەبارەت بە ڤایرۆس دەیاننوسی کە لە ڕێگەی دانیشتنەوە دەگوازرێتەوە ، هەروەها لە ڕێگەی شەیتانەوە ، هەر هێندەی ئافرەت جلەکانی بەرزکردەوە دەستبەجێ لەشێوەی مرۆڤدا خۆی دەنوێنێت .

- گەر پیاوێك و ئافرەتێك کۆ بونەوە ئەوا سێهەمیان شەیتانە .

بێ ئامادەبوونی شەیتان جوتبوون ڕوینەدەدا ، وەك ڕۆیشتن بەسەر پردێکدا لە تاریکیدا، لەناکاو شەیتان دەردەکەوت ، وەستاو و سمێڵ قیت وەك پشیلەی برسی ، بێ جیاوازی پیاوان و ئافرەتان دیلی کەوتنە بەر کەڵبەکانین . هەریەکەیان گومانی لەویتر هەیە ، کێ دەست پێشخەر بووە ، هیچ کەسێك بە تەواوی نەیدەزانی چی ڕویداوە ، بۆ سەلماندنی بێتاوانیش کاغەزێکیان دەنووسی ، ئەوەی نووسین نازانێت قەڵەمێکی بە کرێ دەگرت ، قەڵەمەکانیش زۆرن ، ئایا دەبێت حەزێکی لە ڕادەبەدەر هەبوبێت بۆ نووسین ؟!

- نەخێر ، خودی خاوەن شکۆش نەیدەنووسی .

- کەواتە کێشە چیە ؟

- تەنها ئامادەباشی .

- مەبەستت چیە ؟

- گەر ڕوح یاخی بوروژێت ئەوا وروژانی سنوری نیە ، گەر کاغەزیش نەبێت ئەوا هیچ ئامادەییەك نابێت ، وایە ؟

دەمی نەکردەوە تا وەڵام بداتەوە ، لە کەلێنی دەرگاکەوە بینیبوی ، نەیدەتوانی خۆی بشارێتەوە ، کاتێك تۆڕەکە پێچ دەخوات هیچ بوارێك نامێنێت ، لە ئاسمانەوە تۆڕەکانی مردن وەك بارانی ڕەش دەبارێت ، لە هاوسەرگیریشدا وەك ئەوەی تۆڕێك هەبێت ، وروژانی ڕوحیش وەك وروژانی ڕەشەبا وایە ، تەنها ڕێگە لەبەردەم جەستەدا ملکەچیە ، یان لەوانەیە بەربەستێکی نادیار بێت ، نوسراوەکە گەرەنتیە .

- هیچ شتێك گەرەنتی نیە .
- دەڵێی چی ؟
- لە چاو تروکانێکدا هەموو شتێك هەڵدەگەڕێتەوە بۆ درك ، من تۆم دەبینی لاوێکی پڕ هیوا بویت ، بەڵام ئەوەتا بەساڵاچوو و پیر ، خۆت نابینیت ؟

ئافرەتەکە لەبەردەمماڵەکەدا لە پانتاییەکدا ڕاکشابوو ، چمکی کراسەکەی شۆڕ بوبۆوە ناو گۆماوەکە ، بە دوو چاوی گەشەوە لێی وورد بۆوە ، چاوی مانگایی ترسناك ، پیاوەکە بە تاکە چاوێکی لێڵەوە لێی ڕوانی ، چاوێکی کوێری ماسیەکی خنکاو ، بەسەری پەنجەی فلێنچکەی چاوەکانی خوراند ، لێی وورد بۆوە ، دەبێت کەسێکی وەك ئەم پیاوە ڕاستەقینە بێت ؟! بەلایەوە ڕاستی نەبوو ، لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام بوو لە وورد بونەوە لێی ، لەگەڵ فیچقەکردنی نەوتەکەدا با هەڵیکرد ، لەژێر کراسەکەیەوە دزەی کرد بۆ جلی ژێرەوەی ، بەسەر ڕانەکانیدا کشا ، بەرەنگاری ئەو کشانە بۆوە بەڵام کات تێپەڕیبوو .

ڕاپەریە سەرپێ و شلە ڕەشەکەی لەخۆی دەتەکاند ، بەڵام هەر بەردەوام بوو لە کشان ، لەسەر دیواری ورگ پێچ دەخوات و لەسەر قوڵ و شانەکان کۆدەبێتەوە ، بە

دەنگێکی نوساوەوە سیغەیەکی کرد ، زیاتر سوور بوو ، کشا بۆسەر مەمکەکان و لەوێوە سەرکەوت بۆ ملی ئایا دەیخنکاند ؟

- بۆ نەگبەتی نەوت پیاو نیە تا بتوانرێت ڕزگار بیت لێی .

گوێی لە دەنگە نەناسراوەکە بوو جەستەی دەبڕێت ، وەك ئەوە وابوو دەنگی ئەو بێت ، یان دەنگی دایکی بێت لەوکاتەی لە ڕەحمدایە ، لەوە دەچوو دایکی نەبێت ، بەڵکو ئافرەتێکی دیکەیە و جەستەیی بە کرێ گرتووە و ماوەی بەکرێدانەکەش کۆتایی پێهاتووە و جەستەکە گەڕاوەتەوە بۆ خاوەنە ڕاستەقینەکەی ، لەوانەیە تەنها بۆ دەرباز بوون فێڵ لەخۆی بکات ، بەڵام ئەو دەنگی دایکی بیر نەدەچووەوە پێش ئەوەی لەدایك بێت ئەوکات لە شلەیەکی لیخندا مەلەی دەکرد و نوقمی چەندین خەون دەبوو ، دواییینیان خەونی بەوەوە بینی لە چۆڵەوانیەکدا میزی دەکردوو دەترسا کەسێك بیبینێت .

- من لێکۆڵەرێکی بەڕێزم .

بەڵێ ، چەندجار ویستی خۆیی پێ بناسێنێت ، چەندجار ویستی ڕاستیەکانی بۆ ڕوون بکاتەوە ، کە لێکۆڵەرێکی زانستی هەڵکەندراوەکانە و مێردێکی هەیە لەوێ چاوەڕوانی دەکات ، سەرۆکی کارەکەشی شاهیدی بە توانایی دەدات ، هاوڕێ ئافرەتەکانی بێگومان لە بیریانە ، دەکرێت ئافرەتانیش بیریان لەدەست بدەن ؟

- ئایا ڕەوا نیە گەر کرێکەمم بدەیتێ ؟ ئایا دەکرێت ئەم هەموو تەمەنە عەرەقی نێوچاوانم وون بکەم ؟ منیش تەنها بلیتی گەڕانەوەم دەوێت .

پیاوەکە بە زمانی لێوی سەرەوەی تەڕکرد و بێئەوەی سەیری بکات خەندەیەکی کرد ، خەندەکەی تەنها بریتی بوو لە چەند چرچ و لۆچیەکی پێستی دەور و

بەری دەمی ، تەنها ئەوەی لەبەردەمدا بوو کە تەشوێکە هەلگرێت و لەوکاتەی نەو دەستی بەرزکردەوە ئەم هاواری لێ هەستا .

- بە نیازیت بمکوژیت ؟!

دەستی هاتە خوارەوە و هیچی نەووت .

- بێگومان وتوێژ کردن پچڕا .

- دەتوانین سەرلەنوێ دەست پێ بکەینەوە .

- ئەمە چۆن ؟

- دەتوانین بگەینە ئاستێکی مام ناوەندی ڕێك کەوتن . ئێمە تەنها یەك ئامانجمان لەبەردەمدایە .

خۆمان لە مردن بپارێزین وایە ؟ خۆشبەختانە هێشتا بەتواناین ، بازوی پتەومان هەیە و دەتوانین کار بکەین ، هەر ئەوەش ئامانجی مانەوەمانە لێرە ، بێگومان نەوتیش لەزۆر بونەوەری دڕندەی دیکە باشترە . نەوت دەتوانێت هێواش بێت لەگەڵمان گەر خۆماندا بەدەستیەوە ، بەلام تۆ لە بەرەنگاربونەوە ناکەویت .

- چاوەکانی گەشایەوە و هیچی نەووت .

- ئێمە تەنها داوای ڕەحمەت ئەکەین ، هەموشمان دەزانین کە تاکە سوودمەند لە نەوت خاوەن کۆمپانیا و بێگومان خاوەن شکۆیە ، ئەمەش شتێکی ئاساییە ، هەڵە لەمەدا چیە ؟ بە فرمانی ئاسمان ئەوە مافی خۆیانە ، ئایا لەم تاماعەت ناکەویت ؟!

نەیدەزانی کە ئەوە دەنگی پیاوەکەیە ، لەوانەیە هەموو شتەکە بگەڕێتەوە بۆ خەیاڵی خۆی ، لە دەریشەوە دەنگی ئافرەتەکان لە گرمە گرمێکی دەکرد و پێکەنینێکی پچڕ پچڕاوی .

- تۆ چیتە ئەچیتە بابەتی واوە هیچ پەیوەندیەکی بە ئێمەوە نیە .
- چۆن ؟ ئایا بەرمیلەکان هەڵناگرین ؟
- بە لەعنەت بێت ، تووشی سەر ئێشەی کردوین و هەموومان لەناو دەبات .
- پێویستە یەك بگرن تا ببینە هێزێك .
- لاحول ولا قوة الا بالله .

پیاوەکە دەستی بەکار کردبۆوە ، دەیبینی بە هێز و توانایەکی نوێوە دەستەکانی دەجولێنێت و ماسولکەکانی هەستاون ، لەناکاو وەستاو عەرەقی نێوچاوانی بە چمکی کراسەکەی سڕی ، ڕویکرد بەلایدا ، لە دوورەوە بینی لەگەڵ ئافرەتەکاندا قسە دەکات ، کەوتە گومانەوە و هەڵۆیەکیش لە ئاسۆوە بە نزمی دەڕۆیشت ، باڵە گەورەکانی بڵاوکردبۆوە و بەری خۆری گرتبوو ، ئافرەتەکە لە هەورەکان ووردبۆوە ، ڕووخساری پەشۆکاو بوو چەند گەردیلەیەکی ڕەشی پێوەبوو وەك خاڵ دەردەکەوتن ، چاوەکانی لێڵ بوو و خوێن هاتە دەمارەکانی ، بەهۆی هێزی باکەوە لەناکاو جانتاکەی کرایەوە ، لووتێکی درێژی بینی وەك لووتی مشك یاری بە شتەکانی ئەکات ، تەشوێکەی دەرهێنا و دەستی پشکنینی ناوئاخنەکەی کرد ، باکە بەهێزتر بوو و خەریکبوو لەشوێنی خۆی هەڵیدەکەند ، تاڤگەکە وەك باران بە دموچاویدا تەقیەوە ، بە چمکێکی دشداشەکەی سڕی و چاوەکانی کردەوە ، مشك نەبوو بەڵکو پیاوەکە بوو ، لەشێوەی کرمدا لەسەر زەویەکە خۆی گرمۆڵە کرد و دەستی بە پشکنینی گیرفانەکانی جانتاکە کرد .

- تۆ مافی ئەوەت نیە !
- ئەم کاغەزە چیە ؟

من کاغەزی تایبەتی خۆمم هەیە .

- مێردێکی دیکەت هەیە ؟

شێوەی پەنجەکانی سەیر بوون ، کاغەزەکەش بە نوشتاوەیی لە بنەوەی ناوئاخنی جانتاکەدا بوو ، هیچ پەنجەیەك نایگاتێ ، تا مەشقێکی دورودرێژ ئەنجام نەدات لە قوتابخانەی پۆلیسی ، دەستی درێژکردوو کاغەزەکەی لێ سەند ، خستیە گەرویەوە و قوتیدا ، لەکاردانەوەیەکی خێرادا پەلاماریدا ، وەك ئەسپ سواری بوو ، پەنجەی کرد بە گەرویدا تا کاغەزەکە دەربکات ، لەژێر ئالوەکان و پێچی گۆشتەکاندا دەیسوڕاند ، وەك چۆن هەڵم لە دەرچەی شەمەندەفەرەوە دێتەدەر ئاوا هەناسەکانی لەگەڵ دەمی کراوەیدا دەهاتنە دەرەوە ، لە کۆتاییدا پەنجەی بە شتێکی بچوکەوە هێنایە دەرەوە ، لە دەنکی پاقلەی دەکرد ، یان پارچە نەوتێکی بەستوو .

- سەرباری هەموو شتێك تۆ شایەنی سوپاس کردنیت .

ئەمەی بە دەنگێکی پڕ ڕاستگۆییەوە ووت ، جەستەی بەهێزتر دەردەکەوت ، هەناسەکانیشی خۆشتر دەچوونە سنگیەوە و دەهاتنە دەرەوە ، توانی لەو قورسیەی گەرووی ڕزگاری بکات .

لەوە دەچوو گوێی لێی نەبوبێت ، سەرنجی جووڵەی کاغەزەکەی دەدا لەناو سکیدا ڕووینەدابوو بەو شێوەیە فێڵی لێ بکرێت ، بەهەرحاڵ چاودێری چوونە تەوالێتەکانی دەکات و ناهێڵێت ئەو کاغەزەی لەدەست دەرچێت .

- با وای دانێین گرێبەستی هاوسەرگیریە پیاوەکە کێیە ؟ گەر گرێبەستی هاوسەرێتیش نەبێت ئەی چیە ؟ نامەی خۆشەویستی ؟

خۆشەویستی لە چاوەکانیدا لە هاوسەرگیری کەمتر دەردەکەوت ، شتێکی بەزۆر لە خۆشەویستیدا نیە ، جگەرەیەکی لە گیرفانی دەرکرد ، پەنجەکانی ڕاپەڕین لەوکاتەی کبریتەکەی داگیرساند ، لەسەر بەرمیلێکی پڕ دانیشتبوو ، دووکەڵ لەدەوروبەری لەشێوەی بازنەدا کۆبۆوە ، پاشان چاوەکانی بۆ ئاسۆ هەڵبڕی ، هەڵۆکە لەسەر کەناری گۆماوەکە نیشتبۆوە و شتێکی بچووکی دەخوارد وەك کرم لەنێوانی ددانەکانیدا لوول دەبوو .

- لە کۆتاییدا گەر شتەکە خۆشەویستیە ، ئەوا چ جۆرە خۆشەویستیەکە ؟ بەم شێوەیە پرسیاری لەخودی خۆی دەکردوو دووکەڵی بەبادا دەکرد ، تەنها جۆرێك خۆشەویستی دەزانی ، ئەویش ئەو جۆرەی هیچ شتێك نەدات لە پێناویدا .

ئافرەتەکە هیلاك بوو بەپێوە و لەسەر کورسیەك دانیشت ، لەدیوی دەرگاکەوە لە کونی کلیلەکەوە چاودێری دەکرد ، لەوانەیە بە تەواوی کاغەزەکە هەرس کرابێت ، یان لەوانەیە ووشەکان لەگەڵ توانەوەی مەرەکەبەکەدا توابێتنەوە ، بینی بە دەستەکانی پەستان دەخاتە سەر سکی ، وەك ئەوەی ووشەکان بلکێنێتەوە بە کاغەزەکەوە ، لە سڕینەوە بیپارێزێت . ئایا خۆشەویستی تا ئەم ئاستەیە ؟!
گوێی لێبوو لەبەر خۆیەوە گۆرانیەکی دەوتەوە ، ئەو گۆرانیەی دەوتەوە کە لە منداڵیدا دەیوت ، دەنگی بەرزدەکردەوە و هەموو دەنگەکانی دیکەی وون دەکرد ، لودیوی دەرگاکەوە گۆرانیەکەی دزەی دەکرد بۆ دەرەوە ، کاغەزەکە و ووشەکانی سەریشی ڕزگارکرد ، لەوکاتەی دانیشتبوو بیرۆکەیەکی نوێی بۆ هات ، شەوی جەژن باشترین کاتە بۆ هەڵاتن چونکە پیاوەکە دەچێت بۆ ئاهەنگ ئاهەنگی خاوەن شکۆیە و ناتوانێت دوابکەوێت ، جلوبەرگی بریقەدار دەپۆشن و پێڵاوی

نوێ لەپێ دەکەن ، کاتژمێر لەدوای کاتژمێر دادەنیشن و دەرگاکان داخراون ، ناتوانێت بچێتە دەرەوە گەر پێچیش بە سکیدا بێت ، کاتژمێر لەدوای کاتژمێر لە سەر کورسیەکەی پێچ دەخوات و لەوانەیە پێش گەیشتنی حاوەن شکۆ میز بکات بەخۆیدا ، هەرکەسە و سەرنجی کورسیەکەی ژێری دەدات ، دواتر بە دزیەوە پەنجەی لە لووتی نزیك دەکاتەوە ، لە سەرسوڕماندا چاوەکانی زەق دەبن ، ئەوە بۆنی میز نیە ، چینێکی ڕەش لەسەر پەنجەی دەبینێت ، شلە نیە و ڕەقیش نیە ، بۆنی نەوتی لێدێت ، بەڵام کەسێك دەنگی لێوە نایەت ، هەریەکەیان بەنجەی بە جلەکانی دەسڕێت و لە جێگەکەی خۆی دەمێنێتەوە و چاوەڕوانی کردنەوەی دەرگاکان دەکات .

- لەوانەیە تا پێش گەڕانەوەی لە سنوور بپەڕێتەوە .

پیاوەکە لەودیوی کەلێنی دەرگاکەوە جێگیر ببوو ، بە تەواوی نەیدەزانی کەی هەلمەت بەرێت ، واهاتە پێشچاوی کە ئافرەتەکە نوستووە کاتێك دانیشتبوو ، سەری شۆڕ کردۆتەوە بۆسەر سنگی و چاوەکانی لێکناوە ، بیری لەوە دەکردەوە کامیان مەترسیدار ترە ، ئایا نامەی خۆشەویستی یان گرێبەستی هاوسەرگیری ، لەوانەیە بیتوانیایە هەردوو مەترسیەکە ئاشکرا بکات ، گەر هەردوو پیاوەکە یەکێك بێت .

لەوکاتەدا ڕەشەبا هەڵیکردوو کەلێنی دەرگاکەی گرت ، ڕێگەکە لەبەردەمیدا گیرا ، تەنها تاریکی دەبینێت ، گوێی لە ئافرەتەکە بوو وەك ئەوەی لەودیوی دەرگاکەوە پێبکەنێت . ئایا پەیوەندی هەیە لە نێوانی نەوت و خۆشەویستیدا ؟ بیرۆکەکە تووشی سەرسوڕمانی کرد ، هەنگاوێك گەڕایەوە دواوە و لەناکاو کەوتە سەر پشت .

کاتێك هەڵگەڕایەوە سەر پشت ئافرەتەکە نەیبینی ، وایزانی هێشتا لەودیوی دەرگاکەوەیە ، وەك ئەوەی ئازار ناوسکی ببڕێت ، هەناسەکانیشی یەك بەدوای یەکدا ، پێکەنین و سیخەیەکی پچڕپچڕ نەبوو ، هەوڵی دەدا هاوار بکات و داوای فریاکەوتن بکات ، گەر بیری نەکەوتایەتەوە لەودیوی دەرگاکەوەیە و گوێی لە دەنگەکە دەبێت .

- چۆن سیفۆنەکە بەبێ دەنگ ڕاکێشێت ؟

بەهەرحاڵ ئاوی لێ نەبوو ، هیچ شتێکی لێ نەبوو شوێنەوارەکەی پێ بسڕێتەوە ، نەیویست دەرگاکە بکاتەوە و بە ڕووخسارێکی بێ تاوانیەوە بچێتە دەرەوە ، ئەوەی زیاتر نیگەرانی دەکرد بۆنەکە بوو ، تێکەڵەیەك لە عەرەق و نەوت و پاشماوەی سەردینی سوێرکراو . ئایا بۆنێکی ناخۆش بوو ؟! بێگومان نەخێر ، زۆر گونجاو بوو هەستی بە خۆشەویستی دەکرد لە ئاستی ، بەڵام پیاوەکە دەستی خستە سەر لووتی و وەك داواکردنی فریاگوزاری هاواریکرد ، هەلەکەی قۆستەوە و چووە دەرەوە .

خۆر بەرەو ئاوابوون شکابۆوە ، لە ڕووناکی ئاوابونەکەیدا هەستی بە شوێنی دانانی پێکانی دەکرد لەسەر زەوی . لەسەر نەخشەکە پەڵە دەستنیشانکراوەکەی دۆزیەوە ، دەستی بەرزکردەوە و بە تەشوێکە دەستی بە پیاکێشان کرد ، لەناکاو هەستیکرد بەر شتێکی ڕەق کەوت . پەیکەرێکی بچکۆلانەی لە برۆنز دروستکراو بوو ، مەمکە بەرزەکان ڕوونن و گومانیان لێ ناکرێت ، لاتەنیشتەکانیشی ئەوە دووپات دەکەنەوە کە ئافرەتە ، خۆری لەسەر سەری ڕاگرتووە و دوو شاخی خواری بۆ پێشەوەیی پێوەیە ، لەوانەیە خواوەند حتحور بێت ، کێیە لەو زیاتر ؟ لە سەرەوەی چاڵەکەدا بوو بەهۆی نەوت و ئاوی زێرابی ناخی زەویەوە داخورابوو ،

بەڵام دەموچاوەکە بازنەیی بوو و خەندە لەسەر لێوەکان بوو ، لووت و ڕوومەتەکانیش ناسك بوون ، قایشێکیش لە کەمەری باریکیدا ، مارێکی پێچراوە و گرێدراویش بە نێوچاوانیەوە ، لەسەر سنگەکە تەنها یەك مەمك هەبوو ، لەوانەیە نەوتەکە مەمکەکەی دیکەی خواردبێت ، بەڵام پیتەمان لەسەر بەردەکە هەڵکۆڵرابوون و ناوەکە لەناو چوارچێوەدا بوو ، خواوەندی تاکە مەمك ، چاوەکانی گەشانەوە و لێی وورد بۆوە ، زانی کە مەمکەکە بەهۆی کەسێکەوە لابراوە و ویستی لابردنی ئەویتریش هەبووە ، بەڵام کات نەماوە بۆ تەواوکردنی لابردنەکە ، هەروەها هەوڵی لابردنی خەندەکەش هەبووە ، یان کێشانی چەند هێڵێك لە دەوروبەری دەم بۆ دروستکردنی ڕوو گرژی ، بەڵام جەستەکە بە پڕی و وەك خۆی ماوەتەوە و ڕوحیش لە دەوری مەمکەکە دێت و دەچێت وەك ئەوەی مەمکی دایك بێت .

- ئەم پەیکەرە زۆرێك لە گەشتیاران ڕادەکێشێت ، کۆمەڵ لەدوای کۆمەڵ دێن و پارە هەڵدەقوڵێت .
- چی دەڵێیت ؟
- لە قسەکانم ناگەیت ؟ چیت بەسەر هاتووە ؟ تۆ نەخۆشیت ؟!
- نەخێر ، بەڵام من داوای پشووم کرد .
- چی دەڵێی ؟
- تەنها داواکارییەك .
- ئایا مێشکت لەدەستداوە ؟

سەرۆکی کارەکەی نەیدەزانی چی دەڵێت . نیشانەکانی ساختەیی ئاشکرا کردبوو ، گۆڕینی خواوەندە مێینەکان بۆ خواوەندی نێرینە ، نەیدەتوانی سەبارەت بە

سەرۆکی کارەکەی هیچ شتێك بۆ مێردەکەی بگێڕێتەوە ، مێردەکە حەزی بە قسەکردن نەبوو ، سەرۆکەکەشی حەزی بە بیستنی ناوی مێردەکەیی نەدەکرد ، ئەویش لە هەردوو پیاوەکە بێزار بوو ، هەموو ئەوەی دەیویست تەنها کاغەز بوو داواکاریەکەی لەسەر بنوسێت ، لەبەرئەوەی پشوو نەبوو بەبێ داواکارییەکی نوسراو کە مێژووی ڕۆیشتنەکەی تیادا دیاری بکرایە ، پیاو بۆی هەبوو حەوت ساڵ وون ببێت ، پاشان بگەڕێتەوە و بە پێی یاسا ژنەکەی وەك خۆی بێت ، بەڵام ئافرەت ئەوا پشووەکەی ڕۆژی مردنەکەی بوو ، جیاوازییەکەش لەسەر ئامێری چاپەکە تەنها یەك پیتە و ئاهەنگ هەڵدەگەڕێتەوە بۆ پرسە .

ڕووناکی سەر ڕاگری نەوتەکە وون بوو . شوێنەواری ڕێگەکە لە تاریکیدا وون بوو . لە هەنگاونان وەستا ، باکە لوورەی دەهات بێئەوەی گوێی لە هیچ بێت ، بە تەواوی گوێی قەپات بووە و پێویستی بە هەستی بیستن هەیە ، ئایا دەکرێت هەڵبێت بێئەوەی پێویستی بە بیستنی دەنگەکان بێت ؟سەیری کاتژمێرەکەی دەستی کرد ، میلی کاتژمێرەکان ئاماژە بۆ حەوت دەکەن ، خولەك ژمێرەکە وەستاوە ، چرکە ژمێرەکەش داخوراوە ، گەر بیتوانیایە لە سنوور بپەڕێتەوە پێش خۆر هەڵاتن ؟ ئەوا خۆی بە نەوتدا هەڵئەدەواسی وەك چۆن خۆی بە خۆشەویستیدا هەڵواسیووە ، ڕێگەکەش لەپێشیەوە خلیسکە و تەواو لێژە ڕاگرەکانیش بەرزن ، هیچ جیاوازییەك نیە لە سەرکەوتن و دابەزیندا ، وەك چۆن لە منداڵیدا جەستەی شل دەکرد جووڵە بکات ئاواش لە ئێستادا جەستەی شل دەکات بۆ جووڵە کردن ، سەری بە تاریکیەوە ناوە و قاچەکانیشی تا ئەژنۆ نوقم بووە .

شەو داهات و نەوت ڕێچکەی بەست شەپۆل بەدوای شەپۆلدا و هیچ شوێنەوارێکی ڕووناکی گوندەکە دیار نیە ، هەروەها خانوو و پردەکەش ، چاوەکانی نوقاند ، وا هات بە مێشکیدا کەخەبەری بێتەوە و مێردەکەی نەیدۆزێتەوە ، ملی بۆلای دەرگای تەوالێتەکەوە دەسوڕێنێت . گەر داخرابێت دەزانێت لەوێیە ، گەر کراوەش بێت ئەوا وا هەست دەکات لە حەمامە ، یان لەوانەیە لە چێشتخانە بێت ، دەیتوانی شوێنی دیاری بکات بێئەوەی چاوەکانی بکاتەوە ، گەر چاوەکانیشی بکاتەوە ئەوا تەنها دەتوانێت لەودیوی دەرگاکەوە بیبینێت .

هەرگیز و لە خەونیشدا بیرۆکەی وون بوونی نەدەهات بە مێشکیدا . چونکە ئافرەت بۆی نەبوو وون ببێت ، شوێنێکی دیکەی نەبوو تا خۆی تیادا وون بکات ، گەر شوێنەکەش هەبێت ئەوا پیاوێکی دیکە نیە ، گەر پیاوەکەش هەبێت نوسراوەکە نیە و ئافرەتیش بەبێ نوسراو بوونی نیە .

- ئەویش هەرگیز گومانی لە بوونی نەبووە ، وایە ؟

کاتێك دەنوست گەر مێردەکەی دەستی درێژ بکردایە دەیتوانی بیگرێت ، شوێنەکە زۆر تەنگ بوو و بە تێپەڕبونی کاتیش زیاتر تەنگ دەبۆوە لەگەڵ زیادکردنی قەبارەی جەستە و کەڵەکە بوونی چەوری و کەمبونەوەی جووڵە ، شەوی جەژنیش دەیخستە سەر پشتی ، وەك ئەوەی مەڕ بێت ، دەیخستە سەر تەرازوو ، بەو پارەیەی دەستی دەکەوت ئەو ئامێرە نوێیەی پێ دەکڕی .

- ئەوە چ ئامێرێکە ؟

- ئەوەی کە پەنجەی پێدا دەنێیت و بێئەوەی نووسین بزانێت بۆی دەنوسێت .

بەڵێ ، بە تەواوی خەون ڕێگە پێدراو بوو . ئامێرەکەش وەك ئافرەت دەمی نەبوو تا بخوات و زمانیشی نەبوو تا قسە بکات . لەسەرو هەموو ئەمانەشەوە بە خەتێکی ڕوون دەینووسی ، گەر نەشنوسێت ئەوا لە جێگەی خۆی ناجوڵێت و جێی ناهێڵێت ، گەر بە تێپەڕبوونی کاتیش داخورا توانای گۆڕینی هەیە و دەتوانێت بە تەواوی لە ئافرەتەکە دوور بکەوێتەوە .

- ئەوە جۆرێکی نوێی ئامێرەکانە و کلیلێکی نووسین و خوێندنەوە و کوژاندنەوە و سڕینەوەی هەیە . . . . .
- ئەی کێ چێشتت بۆ لێدەنێت ؟
- کلیلێکی سپیش هەیە دەستی پیادا دەنێیت و دەتوانیت هەموو جۆرە خواردنێك داوا بکەیت و ژەمێکی گەرمت بۆ دێت ، زەڵاتەکان و سوێرکراوەکان و هەموو شتێکی لەگەڵە .
- ئەی سێکس ؟ مەبەستم خۆشەویستی .
- ئەمەیان کلیلێکی سووری هەیە .

ئافرەتەکە گوێی هەڵخستبوو و دەنگەکانیش لە دوورەوە دەهاتن و ماوەیەکی زۆریان دەویست ، شارەزایی هەبوو لەبەرئەوەی توانیبوی بۆ پشوو بچێتە دەرەوە ، بەڵێ ، چونکە ڕۆژێك دێت مانگایماڵی بۆ پشوو بچێتە دەرەوە ، ئامێریش ڕۆژێك دێت لەکار بکەوێت ، کەسێك ناتوانێت کەس تاوانبار بکات بە خراپی دروستکردنیان ، بەڵام بۆ نەگبەتی ئەو ئافرەت بوو و ناکرێت بێ تاوان بێت .

- گەر ئافرەت تەنها شەوێك جێگەی هاوسەرێتی جێبهێڵێت ڕۆژی زیندوو بوونەوە بەقژ هەڵدەواسرێت و لە ئاگردا دەسوتێت .

ڕۆژانی خۆشەویستی ئەوە وتەی مێردەکەی بوو ، تەنها شەوێك بێ ئەو هەڵی نەدەکرد ، بەڵام ئەوە پێش ئەوەی ئەو ئامێرانە بدۆزرێنەوە و پێش ئەوەی نەوتیش هێزێکی وەك کارەبا پەیدا بکات ، ئەویش ئافرەتێکی لاوی سروشت بێدەنگ بوو ، گوێڕایەڵی تەواوی مێردەکەیی و سەرۆکی کارەکەی ، لێکۆڵەرێکی بەڕێزی پلە یەك ، لە تۆمارەکەدا ناوێك و وێنەیەکی مۆمیا هەیە و هەمووان پێیان جوان بوو ، دوژمنی نەبوو و هاوڕێشی نەبوو، چونکە تەنها هاوڕێ ناوی ئافرەتی دەزڕاند ، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا تەنها پەیوەندی بە گەڕانەوە بوو بۆ هەڵکەندراوەکان .

- ئەی خواوەند ؟ خاوەن شکۆ ؟ ئایا هیچ پەیوەندیەکی پێوەیان نەبوو ؟!
- مەبەستت چیە ؟
- مەبەستم ، ئایا گرنگی دەدا بە سیاسەت ؟
- سیاسەت دەڵێی ؟! ئایا نازانیت قەدەغەیە ئافرەتان سیاسەت وەرگرن ؟!
- ئایا لانی کەم ڕۆژنامەکانی نەدەخوێندەوە ؟
- خوێندنەوە و نووسینی نەبوو .
- کەواتە جوان بووە ؟

وتوێژەکەی بەلاوە سەیر بوو ، گەر ئاساییش بوبێت ، بەڵام شتەکە ئاسان نەبوو . چونکە ئافرەت ناتوانێت جوانبێت گەر ئاوێنەیەکی لەجۆرێکی باش نەبێت . ئاوێنەکان بە تێپەڕبوونی کات خراپ دەبوون ، لەگەڵ هەڵکردنی ڕەشەباکەدا گەردیلە ڕەشەکان دزەیان بۆ دەکرد ، لەوە دەچێت ڕووخساری پڕی پەڵە بێت ، بە تێپەڕبوونی ڕۆژ پەڵەکان زیادیان دەکرد ، لەسەر لووت و ڕوومەتەکان و سەر

نێوچاوان بڵاودەبونەوە و دایدەپۆشی ، هەموو ڕووخسار و چاوەکانیشی دەگرتەوە ، تەنها چاوێك یان نیو چاوی دەمایەوە .

لە جێگەی خۆی ڕاما ، لەسەر ڕووکارەکە پێچەوانەی وێنەکەی خۆیی بینی . ئایا ئەوە دەموچاوێتی ؟ تەنها نیو چاوی دەیبینی و بەرمیلێکیش لەسەر سەرێتی و ملیشی بۆ لایەکی دیکە نوشتاوەتەوە ، دەبێت یەکێك بێت لە دراوسێکان و ئەو نەبێت ؟ کێشای بە ئاوێنەکەدا و شکاندی . بەڵێ ، ئاوێنە چ سوودێکی هەیە بۆ ئافرەتێك کە ڕووخساری خۆی نەبینێت ؟

- دەبێت هۆکارێك هەبێت کە وا بکات ئافرەت دەموچاوی لە جیهان بشارێتەوە .
- بەڵێ ، بێگومان .
- ئەمە بەڵگەی بەدڕەوشتی ئافرەتانە .
- بەڵێ .
- باشە ، کەواتە هیچ هەواڵێکی نوێت لایە ؟
- هەرگیز ، هێشتا هیچ شوێنەوارێکیان نەدۆزیوەتەوە .
- ئەم ئامێرە چیە ؟ لەوە دەچێت ئامێرێکی چاپی نوێت کڕیبێت ؟
- بەڵێ ، دەنوسێت و دەسڕێتەوە و دەکوژێنێتەوە و دەشۆرێت و چێشت لێ دەنێت و هەموو شتێك .
- کەواتە دەتوانیت گەشت بکەیت و پشووەکەت بەسەر بەریت ، منیش حەوانەوەیەکی دوورم هەیە لە چۆڵەوانیدا .
- مەبەستت گارسۆنە ؟
- نازانیت ئێستا ناوێکی نوێی هەیە ؟

- بەڵێ ، حەوانەوە ، ئەمە ناوێکی باشترە ، دەشتوانم هەندێك کرێت بدەمێ ، لانی کەم شتێکی ڕەمزی .
- گەر سوور بیت ، قەیناکە ، نرخەکانیش بە بەرزبونەوەی نرخی بەرمیل بەرزبۆتەوە .
- بەڵێ ، ئەمەش هەر بەهۆی بەدڕەوشتی ئافرەتانەوە بووە ، ئایا ئەم بدعەیەی ئەم دواییانەت نەبیستووە ؟
- بەڵێ ، ئافرەتان دەستیانکرد بە داواکردنی کرێکانیان .
- ئەمە وا دەکات نرخەکان بە شێوەیەکی شێتانە بەرزبێتەوە .
- نیگەران مەبە ، چونکە ئامێری نوێ هەیە بەرمیلەکان لەسەر چوار قاچی لە تایە دروستکراو هەڵدەگرن لە جیاتی ئافرەتان و بە هێزی نەوت کاردەکات .
- ئەمە لە بەخشینەکانی خوایە بۆ ئێمە . نابینیت هەمیشە خوامان لەگەڵە ؟

بەردەوام بوو لە گوێ هەڵخستن لە ماوەیەکی دوورەوە ، وەستاو بە لەپی دەستی عەرەقەکەی دەسڕی ، ئایا باشترە نەگەڕێتەوە ؟ بەملاولای خۆیدا دەیڕوانی و قاچێکی پێش دەخست و ئەویتری دوا دەخست . لەسەر لێواری گۆماوەکە وەستابوو ، چاوەکانی بڕیبووە ئاسمان چاودێری دەرکەوتنی ڕوناکیەکانی دەکرد . لەوانەیە منداڵی هۆکار بوبێت ، توانای لەبیرکردنی منداڵیی نەبوو ، لە کاتەکانی خۆرئاوابووندا سەردەکەوتە سەر پردەکە و دادەنیشت و چاوەڕوانی دەکرد ، کێڵگە سەوزەکان بەدرێژایی ڕووبارەکە درێژکرابونەوە . لە خوار ڕووبارەکەشەوە خانووەکان بەتەنیشت یەکەوە پاڵیان دابۆوە بەیەکترەوە ، لەسەربانەکان دار و

هێلانە کۆترەکان هەبوون ، زەویش خۆڵ بوو تۆزو بۆنی نانی لێ بەرزدەبۆوە و مێش و مەگەزو سیسرکی باڵداری ڕەشی لێ دەئالا ، گۆماوەکە گەورەیە و دەکەوێتە ئەودیوی مزگەوتەکەوە منداڵان یاری تێدا دەکەن و دەنگی قیڕەی بۆقەکان و پێکەنین و گریانەکانی لێ بەرز دەبێتەوە ، لە ڕێگە کشتوکاڵیەکەدا دەنگی ئەو کەسانە دەهات کە لە کێڵگەکان دەگەڕانەوە ، پێی ئەوان و گامێش و مانگاکانیشیان تۆزی لێ نیشتبوو هەناسەکانیان لەگەڵ هەناسەی مرۆڤەکاندا تێکەڵ دەبوون ، ئەویش لەسەر پردەکە دانیشتووە چاوەڕوانە ، بە چاوەکانی چاودێری هەڵ لەرزینی ئەستێرەکان دەکات بەسەر سەریەوە ، لە دامێنی لێژگانیەکەشدا تروسکایی خانووەکان هەڵ دەلەرزن ، دەنگی شمشاڵ و گۆرانی غەمگینی ئافرەتان کاتێك لە دادەنیشتن و پاڵیان دەدایەوە بە دیوارەکانەوە لە تاریکایی شەوەوە دەهاتە گوێ ، پوریشی سەری بە دەستەسرێك دەپێچا ، ئەویش لەسەر پردەکە دانیشتووە و نایەوێت بگەڕێتەوە ، دشداشەیەکی لەبەردایە دامێنەکەی قوڕاویە ، هەموو ڕۆژێك هاتوچۆی پێوە دەکرد لە ماڵەوە بۆ کێڵگە و بەروبومی کێڵگەی لەسەر سەرە ، ئێوارانیش لەگەڵ منداڵاندا یاری نەدەکرد چونکە یاریکردن تەنها بۆ کوڕان بوو ، هیچ شتێکیش لای نرخی دانیشتنی لەسەر پردەکەی نیە ، چاوەکانی بەڕووی ئاسۆدا جێگیرکردووە و دڵی بە هێزەوە لێ دەدات ، ڕوناکیەکانیش لە ئاسمان لەسەر سەری بڵاوبونەتەوە ، چراکانیش لەنێو پەنجەرەکاندا هەڵ دەلەرزن ، گڵۆپێك لە بەرزیدا بەسەر عەمودێکەوەیە و چەندین پەپوولەی سەوزی قاچ گرنج گرنجی لێ کۆبۆتەوە ، سەر سەکۆکەش پڕی پیاوان بووە لە ماڵەوە دەهاتنە دەرەوە هەروەها لە گوندەکانی دراوسێوە، چایان دەخواردوو دووکەڵیان دەکرد و هەواڵی ڕۆژنامەکانیان دەگێڕایەوە ، چاوەکانی

لێکنا خۆیی بینی چۆتە قوتابخانە و فێری خوێندن و نووسین بووە و بۆتە لێکۆڵەری یەکێك لە زانستەکان ، یان یەکێك لەو نوسەرانەی وێنەکانیانی دەبینی لە ڕۆژنامەکاندا ، خوێنبەرەکانی ملی بە توندی لێی دەدا ، وەك ئەوەی چەندین بیرۆکەی بیلیمەتانە فڕێ بداتە مێشکیەوە ، پوری و هەموو دراوسێکانیشی لەپە دەستە قڵیشاوەکانیان بەرز دەکەنەوە بۆ ئاسمان ، لە خاتوونی پیرۆز دەپاڕێنەوە کە حەسوودی و ڕوحە ناپاکەکان لە جەستەیان دوور بخاتەوە ، گوێی لە دەنگیان دەبوو وەك شنەی با چپەیان دەهات و دەیانووت : ئەم کچە مێشکێکی هەیە قورسایی وڵاتێکە .

لە منداڵیدا مێشکی پڕی ئەم بیرۆکانە و چەندین بیرۆکەی دیکە دەبوو کە لە بژاردن نەدەهاتن ، لەو کاتەی چاودێری ئەستێرەکانی دەکرد لە جێگەی خۆی ڕاما ، لە ژێر ڕوناکیەکاندا ژیانی زۆر بە ڕوونی دەبینی وەك کتێبێکی کراوە ، زۆر ئاسان ، مردنیش لە ژیان ئاسانترە و لە ساتی لەدایکبوونەوە دەست پێدەکات و ناوك مردن خێرا دەکات ، هاوسەرگیریش دژی مێشکە پادشا و خواوەندەکان تاوانباری گوناهی گەورەن و کاتێك کۆرپە بووە لە سکی دایکیدا مردنی باوکی بینیووە ، هێندەش بەو ڕووداوە دڵشاد بووە تا ئەو ڕادەیەی لە ڕەحم داخزا .

لەو ساتەدا هەستیکرد جەستەی بەرەو دامێنی پردەکە دەخزێت ، کاتێکیش دەهاتەوەماڵەوە لێدانێکی گەرمی دەخوارد یان بێ شێو سەری دەنایەوە ، بەڵام هەموو ڕۆژێك لە کاتی خۆر ئاوابووندا بەرەو پردەکە دەڕۆیشت و لە شوێنەکەی خۆی دادەنیشت چاوەڕوانی دەرکەوتنی ئەستێرەکانی دەکرد ، هەموو جارێکیش ڕوناکیەکان دەردەکەتن .

بۆ خاتری خاتوونی پیرۆز هەریەك لە ئێمە شایەنی چ شتێکە بەسەری بێت ؟

لەگەڵ ئەوەشدا هیچ کام لە ئافرەتەکان بیریان لە هەڵاتن نەدەکردەوە . لە نهێنیەکە نەدەگەیشت ، بۆچی ئافرەت ناچارە بگەڕێتەوە و چ زیانێك دەکات گەر نەگەڕێتەوە ؟ مەگەر لێدانێکی گەرم نەبێت . بەڵام ئافرەتەکان لە تاریکیەکەدا وون بوو ، تەنها وەك شنەی بایەك لە دوورەوە گوێی لە چپەکانیان دەبوو :

ئەم ئافرەتە بیر لە هەڵاتن دەکاتەوە .

ئافرەتێکی بێ مێشك .

شەیتان چۆتە مێشکیەوە .

بەڵکو ئەوە بەرمیلە کە سەری گەرم دەکات .

بە لەعنەت بێت ، هەمومانی تووشی سەر ئێشە کردووە .

لە ناکاو پیاوەکە گەڕایەوە ، دەستیکرد بە بەرزکردنەوەی بەرمیلەکە لەسەر زەوی و وەك ووشتر چۆکی دادا ، بە جووڵەیەك بەرمیلەکە چووە سەر سەری ، تەنها ئەو پارچە قوماشەی لە نێوچاوانی و خۆیەوەی پێچاوە لە پێستی سەری جیای دەکاتەوە ، ملی خواربۆوە و گەرمی دزەی کرد ، بیری لەوە دەکردەوە کە ئایا دەبێت چ زیانێك بکات ؟ هیچ شتێکی وا نەبوو کە لە دەستی بدات ، جگە لەو بەرکەوتنە نەبێت لەکاتی نوستندا کاتێك لە تاریکیدا دەستی درێژ دەبێت و دەستی دەگرێت ، هەر هێندەش خەوی لێکەوت دەستی بۆ شل دەکات ، گەر خەویشی لێ نەکەوتایە بە ئازاری ویژدانەوە هەر بۆی شل دەکرد ، لەوانەشە دەستی بگێڕێتەوە و هەڵگەڕێتەوە سەر لاکەی دیکەی و ڕوو لە دیوارەکە بکات .

- ئایا پێشتر خۆشەویستی لە نێوانماندا نەبووە ؟!

لەوانەیە ئەمە دەنگی ئەم بێت ، یان دەنگی ئەو بێت ، هەریەکەیان دواتر ئەم گومانەیان ئاشکرا کرد کە لە سەرەتاوە هەبوو و ڕوون و ئاشکرابوو ، بەڵام هەموو شتەکان شاراوە و تێگەیشتنیان زەحمەت بوو ، لەوانەیە نەوت بێت ، یان ئەو گەرمیەی سەر و مێشك ، لەوانەشە شەرم بێت کاتێك کە خۆشەویستی وون دەبێت و هاوڕێیەتی نێوانی پیاو و ئافرەت نەگونجاو دەبێت ، کەواتە ئیدی دەبێت چ شتێك کۆیان بکاتەوە ؟

- چی دەڵێیت ؟
- ناوك .

پیاوەکە لە جێگەی خۆی وەستابوو و شانەکانی شۆڕ کردبۆوە سنگی ڕووت کردبوو و ئاڕاستەی شەوی کردبوو . بینی ماسولکەکانی دەموچاوی گورج دەکاتەوە و دەمی دەکاتەوە . جووڵەیەکی لەشێوەی خەندەیەکی خۆشەویستی . درندانەتر بوو لە ئاشکراکردنی کەڵبەی گورگ ، لەوانەیە ببێت بە خۆشەویستیەوە ، بەڵام ئەوە تەنها بەهۆی بێ هیوایی یان زیادکردنی گەرمی و هەوکردنی پێستەوە دەبێت .

- پیاو لە هەموو شتێکدا لەسەروو ئافرەتەوەیە تەنانەت لە خۆشەویستیشدا .
- مەبەستت خۆشەویستی خودە ؟
- گوێبگرە ! ئەم دەنگانە چین ؟

گوێی لە هیچ شتێك نەبوو ، لەوانە بوو دەنگەکان لە ڕابردووەوە یان لە خەیاڵێکی نەخۆش کەوتوو بەهۆی بەرکەوتنی خۆرەوە بێت ، لەگەڵ ئەوەشدا توانی هەست بە پەیوەندی نێوان خۆشویستنی خود و ئارەزووی سێکسی بکات .

دەستی بۆ سەرەوە بەرزکردەوە و بنی بەرمیلەکەی بەرزکردەوە ، ترسی کەوتنی بەرمیلەکەی هەبوو قاچەکانی خستە بنی بیرەکەوە ، لەوکاتەی نوقم دەبوو بیری کەوتەوە کە منداڵی شتی تری تێدایە و ناتوانێت بیری بچێتەوە کە ئەویش سەیرکردنی چاوەکانی پورێتی پێش ئەوەی عەرەبانەکە لە شەودا وون بێت و سەگەکانیش لەگەڵیدان هاتنی باران لەگەڵ زیادبوونی هێزی باکە زیادی دەکرد و گەردیلە ڕەشەکان خێراتر مەلەیان دەکرد . لە سیسرکە باڵدارەکانی شەویان دەکرد ، سەرباری باران و داخزانی زەوی دەبوایە دوو هێندی بەرمیلەکانی هەڵگرتایە بە هیوای دەستکەوتنی بلیتێك یان نیو بلیتی گەڕانەوە ، دەکرا نرخەکە نزم بکرایەتەوە بۆ نیوە لە حاڵەتی بوونی منداڵ یان بۆ ئەو ئافرەتانەی ناو و ناوبانگیان پیاکە ، یان بۆ ئەو پیاوانەی نەخۆشن و درمیان هەیە .

تا بنەوە بێ هیچ سڵەمینەوەیەك ڕۆیشت ، لێ گەڕا شەپۆلی نەوت بە سنگیدا بدات و دشداشەکەی بدڕێنێت ، جەستەی ڕووت بێتەوە و لەگەڵ جووڵەی نەوتەکەدا بنوشتێتەوە . وەك منداڵێك هەناسە بڕکێی پێدەکەوێت و مەلە دەکات ، ئاو دەچێتە سنگیەوە و هەناسە هەڵدەکێشێت ، دەستی بەرزدەکاتەوە و ڕایدەوەشێنێت وەك مریشکێکی سەربڕاو سەمای دەکرد .

کەمێك ڕەشەباکە هێور بۆوە و لەگەڵیدا جەستەی هێور بۆوە ، مێشکی کەوتەکار ، بەڵێ، تەنها کاری مێشکی بیرکردنەوە بوو لە هەڵاتن . دەیتوانی لەو ساتەدا هەڵبێت گەر جەستەی لە زەویەکەدا نەبوایە و پیاوەکەش وەك هەڵۆ بەسەر سەریەوە وەستاوە ، لە کۆمپانیا لە پرسینەوە نەدەکەوت : چەند بەرمیلت هەڵگرتووە ؟ بۆچی لە وادەی گەیشتنت دواکەوتیت ؟ دەفتەرێك هەبوو سەبارەت

بە ئامادە بوون و ڕۆیشتن ، دەبوایە هەموو ڕۆژێك واژۆی بکردایە ، ئامادەبوونی و ڕۆیشتنی و ژمارەی ئەو بەرملانەی هەڵیگرتوون .

بەڵێ ، گەر جەستەی لەم شوێنەدا بوبێت بەژێرەوە ئەی بۆچی دەستبەجێ دەست ناکات بە هەڵکەندن ؟!

دەستبەجێ سوربوو لەسەر هەلگرتنی تەشوێکە و گەڕانەوە بۆ پشکنین و گەڕان . هیچ ئامانجێکی نەبوو جگە لە گەڕان نەبێت بەشوێن جەستەیدا ، گەر هەموو جەستەشی نەدۆزێتەوە ، لەوانەیە کۆئەندامێك یان شتێك لە تەرمەکان بدۆزێتەوە ، لەوانەشە بەختی باش بێت و یەکێك لە خواوەندە مێینەکان بدۆزێتەوە ، هیوایەك لە جەستەیدا لە شێوەی ڕاپەڕیندا لە ماسولکەکانیدا دروستبوو . دەستی توونددەکرد لە قایشەکە وەك ئەوەی بیەوێت بە هاوشتنێك لە دوو چۆلەکە بدات .

پلەی گەرما بەرزبوو ، جانتاکە و قایشەکەشی لە شانی کردەوە ، قۆپچەکانی کراسەکەی کردەوە و ڕووت بۆوە ، جەستەی زۆر لەوە لاوتر دەردەکەوت وەك بە خەیاڵیدا دەهات ، ئەوەی بە خەیاڵدا هات کە جەستەیەکی دیکە بەزۆر جەستەی داگیرکردووە و شوێنی گرتۆتەوە ، بێ هودە وویستی دەستی بخاتەسەر ، یەکێك هەبوو دەس بخاتە دەستی ، لەوانەیە پیاوەکە بێت ، لەو زیاتر کێیە ؟ سەرزەنشتی دەکرد بەهۆی ئەوەی خواردنی ئێوارەی ئامادە نەدەکرد ، ئەو ئێوارانەی سەرزەنشتی نەدەکرد خەوی لێ دەکەوت بێئەوەی تەنها پیتێك بدرکێنێت یان سەیری بکات .

گەرماکە ناخۆش نەبوو ، لەوانەیە بەهۆی ئەو ڕووت بونەوەیە بێت ، شنەیەکی با یاری بە مەمکەکان دەکرد ، لەوکاتەی لەو جەستە ڕووتە وورد دەبۆوە چاوەکانی

فراوان دەبوو ، سەرسوڕمان زیادی دەکرد کاتێك جەستەی بەرەو لایەکی دیکە دەجوولا و وون دەبوو .

پێویست بوو تا جارێکی دیکە بیبینێتەوە کەمێك سەری بجولێنێت . جەستەیەکی توندی درێژ ، ماسولکەکان بەتایبەت ماسولکەکانی وورگ ، بێگومان بەهۆی سك نەکردن ، ماسولکەکانی ملیش بێگومان هۆکارەکەی بەرمیلەکەیە ، ماسولکەی قۆلی ڕاستیش هۆکارەکەی هەلکەندنە بەهۆی تەشویکەوە ، پەنجە درێژەکانی بێئەوەی بیانجولێنێت پڕ جوولە بوون ، ڕەنگی نینۆکەکانیش ڕەشن .

هەرگیز ڕوینەداوە بەو شێوەیە و لە نزیکەوە لە جەستەی وورد بێتەوە ، سەری لووتی و پێلوەکانی بەهۆی بەرکەوتنی خۆرەوە هەویانکردبوو ، شانەکانی بە توندی دێنە خوارەوە بۆ ڕاست و بۆ چەپ ، ڕەنگی برۆنزیەکی تاریك وەك شانەکانی مومیاکە ، بەلام لە ناوچەی سنگدا ڕەنگی گۆشتی ڕاستەقینە بوو ، دوو مەمکی بەرزی لەخۆبایی ، گەرم، وەك ئەوەی لە ناوەوە ڕوحێکی نادیار گەرمیان بکات ، هەردوو گۆکانیش قیت ترپەیەکی وەك لە نەزانراوەوەی تێدا بێت .

چاوەکانی بە جەستەیدا دابەزینە خوارەوە و لە چڕی موویەکی زۆری خوارەوەی وورگدا جێگیر بوون ، بێهودە وویستی بڕوانێت هەرچەند دەیویست وورد بێتەوە هەستی بە هەوکردنی نێو چاوەکانی دەکرد ، نەیدەتوانی بەو چڕییەدا تێپەڕێت ، کە بەلایەوە و سەرباری چڕیەکەی ناوەوەیی بە بەتاڵ دەهاتە پێشچاو ، ئایا دەبێت بەهۆی بەتالی جیهانەوە بوبێت ؟!

ئەوەی زۆر دەیترساند وورد بونەوە بوو لە چاوەکانی ، دەیبینین بێ تروسکەن لەژێر نێوچەوانێکی وەك زەوی ووشك ، سەیری دەکردن ، وەك ئەوەی دوو خالی

دووری ئاسۆ بن ، لە ئەستێرەکان دورتر ، وەك ئەوەی دوو چاوی ئافرەتێکی دیکە بێت لەودیوی هەورەکانەوە لێی بڕوانێت .

بێگومان دوو چاوی یەکێك لە خواوەندەکان بوون .

بەپێی نەخشەکە شوێنەکەی دەستنیشان کردبوو ، بە درێژایی ئەو ڕۆژە لە خۆر کەوتنەوە تا خۆر ئاوا بەردەوام بوو لە هەڵکەندن ، دوودڵ نەبوو لە شوێنەکە و بۆنی جەستەشی لە ناخی زەویەوە دەهاتەدەر ، تەنها بۆنەکە بەڵگەی جەستە بوو ، بەڵام لە کۆتایی ڕۆژدا هیچی نەدۆزیەوە ، بە دەستی بەتاڵ لەگەڵ تەشوێکە هاتەدەر .

لەوانەیە لە شوێنەکەدا هەڵەی کردبێت ، هیچ شتێك وەك هەڵە هیوای بۆ ناگێڕێتەوە ، جانتاکەی هەڵگرت و گواستیەوە شوێنێکی دیکە بەلایەوە ڕاست بوو ، بۆنی زیاتری لێ بەرز دەبۆوە ، هەرچەند بۆنەکە زیادی بکردایە بڕوای زیاتر دەبوو کە لە نزیکی جەستەکەیە ، هێندی هەڵکەند تا گەیشتە بنەوە ، هیچی دەست نەکەوت ، گواستیەوە شوێنێکی دیکە ، ئامادەی ئەوە نەبوو بە بێ هیوایی قایلبێت ، ڕۆژ تێپەڕی و بێ وەستان هەڵیدەکەند ، لە درێژبونەوەی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هیوای لە ئامێز دەگرت ، لە هەر ڕۆژێکیشدا لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە دەیگواستەوە ، لە کۆتاییدا و دوای ئەوەی تەواوی ڕۆژ کۆتایی تێپەڕی و خۆر ئاوابوو ، جەستەی داکەوت و دەستی بە گریان کرد ؟

- ئایا وا باشترە بگەڕێتەوە بۆ هەڵگرتنی بەرمیلەکان ؟

بەڵام فرمێسك وەك هەڵمی قەتیسماو دەهاتە خوارەوە ، قورسی سەر سەری کەمبۆوە و چاوەکانی کردەوە ، زانی کە پێڵوەکانی هەویانکردووە و فرمێسکەکانیشی تێکەڵی گەردیلە نەوتەکان بووە ، بەڵام مێشکی بە شێوەیەکی

سەیر بێ خەوش بوو ، پاشان لە دوورەوە و وەك ئەستێرەیەکی دوور کە لە تاریکی شەودا بدرەوشێتەوە بیرۆکەیەکی بۆ هات ، نەبوونی خواوەندەکان لەم شوێنەدا ئەوە ناگەیەنێت کە بونیان نیە ، دواتر زەوی دەسورێتەوە و لەوانەیە شوێنەکە بەهۆی سوڕاندی زەویەوە بۆ شوێنێکی دیکە گۆڕابێت.

بیرۆکەیەکە ڕێی تێدەچێت .

بەلگەش هەبوو بۆ ئەم بیرۆکەیە ، چونکە بەڕاستی شوێنی جەستەی گۆڕابوو ، لە شوێنی یەکەمی نەمابوو ، شەپۆلی تاڤگەکە بەرەو شوێنێکی دیکەی دەبرد ، لە ناخی زەویشدا شەپۆلکە تەرمەکانی لە جووڵەیەکی بەردەوامدا دەبرد ، بەم شێوەیە تەرمەکان دەیانتوانی لە سنوور بپەڕنەوە گەر خالّی پشکنین نەبوایە و پاسەوانەکەش لە خەودا نەبوایە .

لەوانەیە خراپی بەختی بێت ، پاسەوانەکە تەنها بەهۆی بەئاگایی مێشولەوە بەئاگا بوو، دەرمانەکانیش هەموو غەشیان تێدابوو و لە چاوتروکانێکدا مێشولەکان دەیانخواردن ، قەبارەی هەریەکەشیان هێندەی بۆقێکی لێهاتبوو ، بەڵێ ، هەندێك لە جەستەکان دەیانتوانی خۆیان لە گوزەرنامە بدزنەوە ، لەوانەیە جەستەی سەرکەوتوو بێت لە هەڵاتن بەبێ بلیت ، هەروەها بێ ڕێگەدانێکی نوسراوی مێردەکەی و کاغەزێکی زەردی مۆرکراو بە داڵەکە و واژۆی سەرۆکی کارەکەی . نیەتی ئەوەی نەبوو لە یاسا بدات ، نمونەی گوێڕایەڵی و ملکەچی بوو ، هیچ نەبێت جەستەی دەیتوانی بێ پشکنین تێپەڕێت ، گەر ئەو تەلارە نەبوایە کە دواتر بە توێکاری ناوی دەرکرد ، شەوانە لە خەونەکانیدا نەیدەوێرا لە جەستەی ڕاکشاوی خۆی بڕوانێت لەسەر مێزە ساردە لە ڕوخام دروستکراوەکە ، لووتیشی پڕی فۆرمالین بوو .

هەستی کرد دەستی بەسۆز هەڕەشەی لێ دەکەن . بەهەرحاڵ دەستی پیاو بوو ، لەو زیاتر کێیە ؟ لە گوێچکەکانیدا دەنگی ناسك وەك هەوا .

- لە کۆتاییدا بۆنی فۆرمالین لە بۆنی نەوت ناخۆشتر نیە .

زۆر ڕاستگۆ بوو ، بۆنی فۆرمالینەکە ناسکتر بوو ، یان لەوانەیە خەون بێت ، کاتێك شتەکە جوانتر دەبێت تەنها لەبەرنەوەی بوونی نیە ، بیرۆکەیەکی بۆهات .

- لەوانەیە ئێستا لە چاوی مێردەکەیدا جوان بێت تەنها لەبەرئەوەی نادیارە .

بەهۆی لەرینەوەیەکی پتەوی زەوی درا بەزەویدا و لە هۆشخۆی چوو ، نەیتوانی پێی لە شوێنەکەدا گیربکات ، شەپۆلەکە بۆ شوێنێك بردبووی نەیدەتوانی دیاری بکات ، پێش ئەوەشی هەستەکانی بۆ بگەڕێتەوە دەنگێکی وەك لوورەی کەشتی هات ، بەرەو کەنارەکە ڕایکرد ، دەنگی شەپۆلەکانیش وەك تەپڵەکان بەرزدەبۆوە .

- فریام کەون !

وەك دەنگی ئاژەڵێکی سەربڕاو دەنگی بەرزبۆوە ، دەیتوانی وەك ئافرەتانی دیکە بژیایە و بمردایە گەر ئەو تەشوێیە نەبوایە ، هەروەها ئەو دانیشتنەی سەر پردەکە لە منداڵیدا کاتی خۆر ئاوابوون ، هەروەها ئەو ڕووناکیە ، بەسە بەسە ئێستا هیچ شتێك سوودی نیە .

- فریام کەون !

لەنێو کوتانی تەپڵەکاندا دەنگی وەك لوورە بەرزبۆوە ، نەیزانی ئایا تەپڵی جەژنە یان فیکەی بێدەنگیە لە گوێچکەدا پێش دوا هەناسە ، هێندە نەبێت لە دوورەوە چاوی لە چارۆکەکان بوو ، خاڵێکی سپی لە ئاسۆدا ، دەرکەوتنی یەکەمی هەر سەرەتایەك لە دەریادا ، چاوەکانی ڕووناکیەکە ئاشکرا دەکەن ، خاڵێکی تەواو ڕوون

، دەستنیشانکراو وەك دڵۆپێك ئاو ، ڕوون و بێ خەوش و خۆش ، وەك دەنگی دایکی لە گوێیدا پێش لەدایبوونی .

- دەستەکانم بگرە .

لە کۆتایی قۆڵێکی درێژدا بینی پێنج پەنجە بەرەو لای درێژکراون ، ئەویش وەك چۆن منداڵ بوو دەستی درێژ دەکرد ، چاوەکانی جێگیر و بۆ بەرز بۆ سەر خاڵێکی ڕووناکی . بە حەزەوە بازێکی بۆ پێشەوەدا . دەنگەکە لە گوێچکەیدا ڕوون و دەستنیشانکراوە وەك ئەستێرە .

- دەستت بێنە ناو دەستم .

خۆی جووڵاند تا قۆڵی درێژ بکات ، دەنگەکە وون بوو وەك ئەوەی جووڵەکە بیرەوێنێتەوە ، یان لە کوتانی تەپڵەکانداخنکاوە ، وەڕینی سەگەکان لە دوورەوە ، تاریکی هات وەك ناوئاخنی ڕەحم . زانی کە دەبێت دایکی لەم ساتوەختەدا ژیابێت ، کاتێك خۆر ئاوا دەبوو و تاریکی کەونی دادەگرت ، لەسەر پردەکە وەك ئەو دادەنیشت . چاوەکانی دەیانڕوانی ، کاتێکیش ڕووناکیەکان دەردەکەوتن وەك ئەو جەستەی ڕادەپەڕی ، دڵیشی بە بەهێزی لێیدەدا . خەریکبوو ئەو شتەی ئاشکرا دەکرد ، ئەوەی کە هەموو جارێك هیچ نەبوو .

لە پێشچاویدا گۆماوەکە بۆ نا کۆتا درێژ بوبۆوە ، پیاوەکە لای دەکردەوە بگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە ، دوای ئەوەی جەستەی کەوتە سەر جێگەکە پشتی چەمابۆوە ، خەوی قورس بوو . کاتێك ڕاکشابوو و چاوەکانی لێکنابوو ، لە خەونەکانیدا لە هەڵاتن نەدەکەوت ، قاچەکانی بەربا دەدا ، لە پشتیشیەوە شتێك هەبوو بەسەر قاچەکانیدا دەڕۆیشت ، هەندێکجار چوار یا شەش نەیدەتوانی جەستەکان یا قاچەکان ببژێرێت . دەنگی هەناسە بڕکێش لە پشتیەوە بەرز و

بیستراوە ، ئاوازێکی ڕێکخراوی وەك پرخەی هەیە ، کاتێك لای دەکردەوە هیچ شتێکی نەدەبینی تەنها سێبەرە ڕەشەکەی نەبێت لەسەر زەوی.

- بە خەبەریت ؟

- نەخێر ، نوستووم .

نەیدەزانی لەوکاتەی نوستووە چۆن وەڵامی بداتەوە . بەڵام ئەو لە خەویدا زیاتر لە هەموو کات قسەی دەکرد ، گەر هەڵبگەڕایەتەوە سەر لاکەی دیکەی گوێی لە دەنگەکە نەدەبوو ، شەو گەرم بوو وەك ئەوەی خۆر ئاوا نەبوبێت ، تاریکایی چڕە خەریکە دەست لە جەستەکان دەدات . سەرباری جێگیری ڕووناکی لەمپاکە دێتە خوارەوە ، هیچ شتێك ناجوڵێت تەنها ئەو بونەوەرە باڵدارانە نەبێت ، زۆر ئاسایی بوو کە تیشکە سپیەکە کە پەپوولە سپیەکان ڕاکێشێت ، بەڵام ئەم بونەوەرانە سپی نەبوون ، وەك پەپوولەش بچووك نەبوون ، بە قەبارەی بۆقێك گەورە بوون ، ڕەش بە ڕەنگی شەو .

- ئایا نەوت سروشتی پەپوولەکانیش دەگۆڕێت ؟!

بۆقەکان بە جووڵەیەکی خێرا بە دەوری گڵۆپەکەدا دەسوڕانەوە ، ماوەیەکی زۆر لە یەکێکیان وورد بۆوە ، سەرێکی ڕەشی هەبوو وەك ئەوەی بە لەچکێك پێچابێتی ، دەمی داخراو و بێ خەندە ، جار جار خۆی دەکێشێت بە شووشەی گڵۆپەکەدا ، لەسەر دیوارەکە سێبەرەکەی لە قەبارەی ڕاستەقینەی خۆی گەورەتر بوو ، لەگەڵ جووڵەیدا سەمای دەکرد ، وەك مریشکێکی سەربڕاو هەڵدەبەزیەوە ، خۆی پێدا دەکێشا و لە چوون بەرەو گڕەکە نەدەوەستا ، خۆی پێوە دەگرت و هەوڵی ئەوەی دەدا خۆی پێدا هەڵواسێ لە ترسی کەوتنە خوارەوە .

سەرباری هەوڵە شێتانەکەی بەلایەوە بۆقێکی ژیر بوو ، ئایا هیچ شتێکی وای لەبەردەمدا نەبوو بیگرێت شتێك نەبێت کە لەناوی بەرێت ؟! هەوڵی ڕزگاربوونی دەدا ، لەگەڵ ئەوەی تەنها مردنە ، گڕەکەش سەری گەرم کردبوو ، وەك ماسیەکی برژاو کەوتە سەر زەوی ، چاوەکانی لێڵ و پڕی پەشیمانی . دەستی درێژکرد تا بدات بەسەر سەریدا ، لەناکاو بۆنی گۆشتی برژاوی لێ هەڵسا ، بە جووڵەیەکی خێرای دەستی خستیە دەمیەوە و لە چاوترووکانێکدا قوتیدا ، کاتی نەبوو بۆ ئازاری ویژدان .

پیاوەکە بینی لەدوای ژەمێکی بەچێژ خۆ دەکێشێتەوە ، بە لەپی دەستی دەمی سڕی وەك ئەوەی گوناهەیەك بشارێتەوە ، ماسولکەکانی پشتی ڕاستکردەوە ، وەك لە منداڵیدا دەیکرد دەڕۆیشت و پێی بە زەویدا دەدا ، هەنگاوەکانی خێرا دەکات ، وەك ئەوەی بیەوێت بگاتە ژوانێکی دیاریکراو لە شوێنێکی دەستنیشانکراو ، وەك منداڵ هەناسە بڕکێیەتی ، خەریکە لە خۆشیان هاوار دەکات کاتێك چەند چرکەیەك پێش کاتەکە دەگات ، ئەو شەوە ڕەشەبا بوو ، تەمێکی ڕەشیش بەری زەوی و ئاسمانی گرتبوو ، لە شوێنی خۆی مایەوە و چاوەڕوانی دەکرد لەوانەیە شەو نیوەیی بوبێت و ئەو هەر چاوەڕوان بێت ، دڵنیابوو لەوەی کە ئافرەتەکان لەودیوی هەورەکانەوەن و وەك شەوانی دیکە دەردەکەون ، دەیبینی هەورەکان دەجوڵێن ، لەو شوێنەوە بۆ شوێنێکی دیکە دەگوازرێتەوە ، بێگومان و بە دڵنیاییەوە ئافرەتەکان دەردەکەون ، پاشان دەستی بە گۆرانی وتن کرد تا خۆی سەرقاڵ بکات ، دەیبیست پووری و ئافرەتانی دیکەش گۆرانییان بۆ خاتوونی پیرۆز دەچڕی ، یان بۆ خۆر کاتێك هەڵدەهات ، بۆ گەنم لە کاتی دورینەوە ، بۆ ئاوی نیل لەکاتی هەڵسان و لافاو ، بۆ مانگ کاتێك دەبێتە بەدر ، چاوەکانی لە چڕایی

تاریکیدا وون دەبن ، فرمێسکەکان لە چاوەکانیدا دەدرەوشێنەوە ، وەك هەموو شەوانی دیکە ئافرەتەکان دەرنەکەوتن .

- ئایا لای خاوەن شکۆ باسیان کردووە ؟

( با ) کە بە گەردیلەی ووردەوە دەیدا بە دەموچاویدا . هەموو شتێك لەدەوری بە تاریکایی داپۆشراوە . نە شلە و نە ووشك ، لەژێر پێستەوە دێت و دەچێتە خانەکانی جەستەوە ، لەژێر ئێسکەکانەوە بەرەو ناوەندەکانی هەست و دەمارە هەستەکان دەکشێت.

- بە دلۆپێك یان دووان زمانت تەڕکە .

پیاوەکە وەستابوو ، دەستی بە شووشەکەوە بۆ درێژ کردبوو ، ئەویش هەوڵی دەدا دەستی درێژ بکات ، بە تەواوی چاوەکانی کرابونەوە ، بێئەوەی گوێی لێ بێت لێوەکانی دەجووڵا ، گوێچکەکانی داخراو ، گەردیلەکان کەڵەکە بوبوون و بە گەرمی وەك مۆمی ڕەش توابونەوە . ئەویش لەبەردەمیدا هێندی دوور دەستی وەستاوە و شووشەکە بە دەستیەوە ، قۆڵی بە جەستەیەوە نوسابوو ، هەوڵ دەدات بیجوڵێنێت و ناجوڵێت ، جەستەی لەشوێنی خۆی جێگیرە ، لەکاتێکدا بۆقەکان بە نەرمی لە جەوری گڵۆپەکە هەڵدەفڕن .

چاوەکانی گەشانەوە و سەرنجی ڕووناکیەکەی دەدا ، پێڵوەکانی هەویانکردووە و توانای داخستنیانی نیە ، گڕەکە لە سپیاییە ڕووتەکە دەدات ، پێڵوەکانی گورج کردەوە و چاوەکانی لێکنا ، بەلایەوە تاریکی لە ڕووناکیەکە باشتربوو ، مێشکی خۆشی لە مێشکی بۆقەکە گەورەتر هاتە پێشچاو ، لەژێر پێڵوەکانەوە چەندین خاڵی ڕووناکی دەبینی لە پانتایی ڕەشدا مەلە دەکەن ، وەك دلۆپە ئاوەکانی لە نێوانی چاوەکانیەوە دەخزان .

ئەوە وەك ئافرەتان دەگریت ؟

نەیدەزانی کە ئەوە دەگری ، دەنگەکە بە شێوەیەکی وا دەهاتە گوێی وەك ئەوەی دەنگی یەکێك لە دراوسێکان بێت ، یان دەنگی پووری یا دایکی کە هێشتا ئەم کۆرپەیە ، یان لەوانەیە خودی خاتوونی پیرۆز بێت ، هەرگیز گوێی لە دەنگی خاتوونی پیرۆز نەبووە ، بەلاّم پووری گوێی لێ دەبوو ، کاتێکیش دەنووست پەنجەرەکەی بە کراوەیی جێدەهێشت شەوان گوێی هەڵدەخست ، پێش خۆر هەلاّتن دەنگەکە وەك تیشکێکی ڕووناکی دەهات ، کاتێك ڕاکشابوو خەریك دەبوو نەیدەبیست ئیدی هەڵدەسا ، ملی بۆ ئاسۆ بەرز دەکاتەوە، لە دوورەوە و پێش دەرکەوتنی دەزووی ڕووناکی دەنگەکەی بۆ دەهات .

- فرمانم کردووە بە چاکبوونی سەر ئێشەکەت ، هەستە !

دەستبەجێ پووری لە ڕاکشان ڕاست دەبێتەوە ، لەچکەکە لەسەری دەکاتەوە ، لە تەشتەکەدا دادەنیشێت و بە جامۆلکەکە ئاو بە جەستەیدا دەکات ، لەگەڵ هەر جامۆلکەیەکدا سێجار ناوی خاتوونی دەهێنا .

- پورێ خاتوونی پیرۆز کێیە ؟

پوری قۆڵی دەکاتەوە وەك هەموو جیهان بێت ، خاتوونی پیرۆز دایکی کەونە ، دایکی زەوی و ئاسمانە ، تەنها ئەو توانای چاککردنەوەی هەیە ، دایکی هەموو خواوەند و سەرجەم پێغەمبەرانە ، ئەوە بەخشەری ژیان و تەندروستی و خواوەندی نەخۆشی و مردنە .

- بەڵێ کچەکەم ، ئەوەی ژیان دەدات ، توانای بردنەوەی هەیە ئەوەشی نەخۆشی دەهێنێت هەر ئەویش چاکبونەوە دەهێنێت .

لە پشتی گردە بەرزەکانەوە ، بە درێژایی ماوەیەکی درێژی شەو ، نوێنەری پۆلیسی بینی دانیشتووە ، هەمان کورسی جوولاو بوو ، تیایدا دەسوڕایەوە ئیدی ڕووی دەکردە مێردەکەی ، وەك ئەوە وابوو لەناکاو لە خەو هەڵیانساندبێت .

- دەتبینم پێڵوەکانت هەویانکردووە و لێوەکانیشت قڵیشاون ، نەخۆشیت ؟
- لە جەژنەوە پاداشتەکەیان بۆ نەناردوین .
- لە زۆر ووتن ناکەویت بەم کۆتایی تەمەنەتەوە ؟ ئایا نازانیت کە خاوەن شکۆ خزمەتکاری ڕاستگۆ و شەونخونکەرە بەردەوام لە پێناو حەوانەوەی ئێمە ؟
- بەڵێ ، ئەمە تەواو ڕوونە بەڵام . .
- ئێستا هیچ بیانویەکت نیە بۆ نەنووسین ، لەکاتێکدا ئەم ئامێری چاپەت هەیە.
- ئایا کۆمپانیاکە بە نیازە کارەبا بگەیەنێت ؟
- بەڵێ ، تەوژم بێت کارەباش ببڕێت دەتوانیت بنووست ، وەك دەشزانیت ئەم ئامێرە نوێیە بیر دەکاتەوە ، دەنوسێت و دەسڕێتەوە و دەکوژێنێتەوە و . . .
- دەشۆرێت و چێشت لێ دەنێت و هەموو شتێك ، لانی کەم کاری چوار ژن دەکات.
- ئایا هێشتا ژنەکەت لە پشوو نەگەڕاوەتەوە ؟
- مەبەستت یەکەمە یا دواهەمین ؟

- بەهەرحاڵ ئێمە ڕاستگۆین لە گەڕانەکانماندا ، دەبێت پێش کۆتایی هاتنی جەژن ڕاپۆرتێك بدەینە خاوەن شکۆ ، وەك دەزانیت ئەویش چاوەڕوانی نووسینێکی

نوێتە بەبۆنەی ڕۆژی لەدایکبونیەوە ، دەزانیت پرسیاری تۆی لێ کردم ، وە ئایا بۆچی ئێستا نانوسیت ؟

لەوەتەی لە نووسین وەستاوە تەنها بەتاڵی جیهان ماوە ، درێژبونەوەی شەو لە ڕۆژدا و کەسێکیش هەواڵی ناپرسێت ، چەندین پانتایی تاریکی کە تەنها نووستن پڕی دەکاتەوە، یان خوێندنەوەی ڕۆژنامە یا جووڵاندنی دەست و قاچەکان لە هەوادا و تەقاندنی پەنجەکانی قاچ ، وەك خاوەن شکۆ وابوو نەیدەزانی بنوسێت و بخوێنیتەوە ، بۆی نەبوو لە پادشا باشتر بێت ، پاشان نووسین و خوێندنەوە چ سوودێکی هەیە ؟ هەموو پێغەمبەران نەخوێندەواربوون و لەگەڵ ئەوەشدا توانیویانە پێشەوایەتی جیهان بکەن ، وایە ؟

بە درێژایی شەو پەنجەی دەتەقاند ، تەقەکان دەیدا بەسەریدا لەوکاتەی نوستووە ، دەنگی باکەش تەقەتەقی بوو ، تاڤگەکەش وەك باران دەپرژا و دەیدا بە دەرگا و پەنجەرەکاندا ، سەری بە لەچکێکی ڕەش دەپێچا ، وەك سەری مار لەسەر نێوچاوانی تۆپەڵی دەکرد ، لە ئاوێنەکەدا خۆی وەك خواوەند سخمت دەبینی ، بە دوو چاوی سووری قلێنچکە هەوکراوەوە سەرنجی دەدات .

- بە خەبەریت ؟

- نەخێر .

بێدەنگ ئەمەی ووت ، چاوەکانی لێکدەناو خۆی دەکرد بە نوستوو ، تەواو پێڵوەکانی دادەخست ، بەڵام دەستی درێژ دەکرد ، بە پەنجەکانی هەوڵی دەدا چاوەکانی بکاتەوە وەك ئەوەی دڵۆپی تێ بکات ، هیچ شتێکیش نەدەکرایە چاوەکانی جگە لە ڕووناکی گلۆپەکە نەبێت ، وەك ئاگر لە سپیایی چاوی دەدا ،

لەوکاتەی لە شوێنی خۆی دانیشتووە نیوەی سەرەوەی لەودیوی ڕۆژنامەکەوە شاردۆتەوە .

- شتێکی سروشتیە هەست بە عەیبە بکەیت کاتێك نووسینەکەت دەخوێنیتەوە ، وایە ؟
- بەو شێوەیە قسەم لەگەڵ مەکە کە هیچ ڕێزێکی تێدا نیە ! نازانیت من مێردتم ؟
- نەخێر ، نەمدەزانی .
- نازانیت خوا فرمانیداوە بە ئافرەت سوجدە بۆ مێردی ببات ؟ دەی سوجدە بەرە ئافرەت !
- ئایا نازانیت کە تۆ سوجدە بۆ خاوەن شکۆ دەبەیت ؟
- ئەمە چ عەیبەیەکی تێدایە ؟ هەمووان سوجدەی بۆ دەبەن .
- ئایا ئەوەی ڕانەگەیاند کە تۆ بەرتیلت لە شەیتان وەرگرتووە تا لەبارەیەوە نەنوسیت .
- ئەوە تەنها گلەییەکی ناسکی خاوەن شکۆ بوو .
- سکاڵام لێکرد لەلای ؟
- ئەمە چ عەیبەیەکی تێدایە ؟ هەمووان سکاڵای لەبارەوە دەکەن لەلای ، دەی ئەو جلە پیسەت دانێ و حەمامێك بکە تا ئاهەنگ بگێڕین بەبۆنەی جەژن و ئێستا لە جیاتی شووشەیەك دووانمان هەیە بڕوانە !

بە هەر دەستێکیەوە شووشەیەکی گرتبوو و بە دەوری خۆیدا دەحولایەوە بە ئاوازی سەماوە پێی بە زەویدا دەدا ، تەپڵەکانی جەژنیش هەمان ئاوازیان هەبوو ، زەوی لەژێر جەستەیدا لەریەوە ، قۆپچەی جلەکانی ترازاند جلەکانی کەوتە

خوارەوە ، بە قاچی ڕاستی تێی هەڵدا ، بە هەوادا فڕی و بە سەقفەکەوە نووسا ، بە هەڵواسراوی مایەوە و بەبەردەم ڕووناکیەکەوە دەهاتوو دەچوو و چەندین پەڵەی چەوریی پێوەبوو ، بۆنی نەوتی لێدەهات ، ئەویش بەردەوامە لە سەما کردن بە ڕووتی ، وەك چۆن لەدایکبووە ، بە بازنەیەکی تەواو بەدەوری خۆیدا دەسوڕێتەوە و دەگەڕێتەوە بۆ هەمان خاڵی دەستپێکردن .

وایدەزانی لە ترۆپکی لاویتیدایە ، بەڵام جەستە ڕووتەکەی دەریخست کە بەساڵاچووە ، شانەکانی بۆ خوارەوە شۆڕبونەتەوە ، سنگی لەژێر تۆپەڵێك مووی چڕدا چەماوەتەوە . ماسولکەکانی وەك گوریسی شل کراوە وابوو ، پێستیشی ووشك وەك چینێك گەچ دەتوانێت لەخۆیی بکاتەوە .

لەگەڵ جەستەیدا چاوەکانی هاتە خوارەوە بۆ ژێر وورگ ، تیشکێکی چەماوە دەکەوتە سەر چڕییەك موو ، لەگەڵ هەر هەناسەیەکدا دەلەرێتەوە و سێبەرەکەی دەکەوێتە سەر دیوارەکە ، خوێنبەرەکانی ملی هەڵسابوون ، تیشکەکە بە هێڵێکی ڕەش ڕەنگی کێشابوون، بەڵێ نەوتێکی ڕاستەقینە لە ملیدا بوو ، لەم خوێنبەرە هەڵاوساوەدا و لەم شلە ڕەشەی بە ڕێڕەوی خوێندا دەڕوات .

بە وەستاوی مایەوە و سەرنجی ناو جلەکانی دەدا ، ئەویش سەیری ئەو دەکات و وای بەخەیاڵدا دێت کە ئەویش جلەکانی دانێت ، بەڵام لەم کارەی بە گومان بوو ، نەیدەزانی کە ئایا پێویستە وەك ئەو ڕووت بێتەوە ، هیچ ئامانجێکی مانەوە نەبوو لەگەڵیدا تەنها خۆ حەشاردان نەبێت لە پاڵ دیوارێکدا گەر دیوارەکەش بەڕووی تاڤگەکەدا ڕووخا ئەوا هیچ شتێکیان لە نێواندا نامێنێت .

– بەڵێ ، دیوارەکە هەرەس دێنێت و لەگەڵیدا هەموو شتێك هەرەس دێنێت

- لەوانەیە کاتێکی زۆری ویستبێت تا ڕووت بوبێتەوە ، هەموو شتێك وەك ئەوەی هیچ نەبوبێت ڕوویدا ، دواتر فیکەیەك لە شێوەی هاواردا درا بە گوێیدا ، هاواری ئازارێکی تەواو ڕەش و بێ هیوا ، هاوارێکی بێ سنوور وەك دەمی شمشێر تاریکی دەبڕی ، هەموو ئازارەکانی لە پانتایی گۆماوەکە و قوڵایی زەوی و ئاسمان هەڵگرتبوو ، وەك پشتی ئاژەڵێك بە هەموو ئازارەکان قورس بوبێت ، بە یادی هەموو ئیهانە و لێدانەکان و ئاهەنگەکانی جەژن و شووشەکان و نووسینەکان ، ڕووناکیە پرشنگدارەکان و هەموو حەز و سۆزە خەفەکراوەکان بۆ مردن یان گەڕانەوە بۆ ڕەحمی دایك .

هەموو شتێك وایلێهات وەك ئەوەی لەژێر تیشکی ئەو هاوارەدا ئاشکرابێت ، ئەو مانگەی بۆ ئاسمان بەرزبۆوە ، ئەو هەوایەی ڕووکاری گۆماوەکە دەجوڵێنێت ، ئەو ڕووتبونەوەیەی تا ترۆپکی بێ هیواییە ، عەرەقی گەرم بە هیوا ، بیرەوەری نادیاری منداڵی ، ژوورێکی نەوانراوی ژیانی ڕابردوو ، تەشوێی لێکۆڵەرێکی بێ لێکۆڵینەوە ، چەندین خواوەند کە لە هیچ شوێنێك بونیان نیە ، چەندین بەشە ئەندامی بچووك بچووکی بڵاوەبوو ، کە تەنها هێزێکی بێ وێنە دەتوانێت کۆیان بکاتەوە ، کۆیان بکاتەوە و ئەو تیشکەیان لێ دروست بکات کە لە چاوەکانیەوە درێژبۆتەوە تا سەر ڕووی مانگ .

- ئایا کۆتایی جیهانە ؟

- بەڵکو ڕوحی خاتوونی پیرۆزە دەفرێت .

بێئەوەی دەمی بکاتەوە ئەمەی ووت ، لە شکست هێنانی لە هەڵاتنەکەوە خەریکە هەموو شتێکی بیردەچێتەوە ، تەواوی ژیانی بێ هودەیە ، بەڵام شتەکە لەگەڵ جووڵەی چاوەکاندا هەڵدەگەڕێتەوە ، ڕووحی دەبینی بەسەر ڕووی مانگەوە دێت و

دەچێت ، دەستبەجێ دەیزانی کە کاتی هاتووە و دەستنیشانکراوە بۆ گەیاندنی پەیامەکە ، ماسولکەکانی گورج دەکردەوە و هەڵدەسا ، لە ڕێگە هەنگاوەکانی خێرا دەکرد ، جانتاکە بە قایشەکە بە شانیەوە هەڵواسراوە ، ڕادەکێشا وەك ئەوەی خودی خۆی لە هیچەوە ڕاکێشێت .

- بەڵێ ، ئەو دەستنیشانکراوە و پێویستە ئافرەتان بەرەو ڕێگەی ڕزگاری ببات .
- تۆ چی دەڵێ خوشکم ؟
- بێگومان ڕێگەیەك هەیە .
- ئایا تا ئێستا سکت نەکردووە ؟
- ئاسان نیە پیاوێك ببێت توانای خۆشەویستی هەبێت .

لە ناخیدا ئاوازی بۆ خۆشەویستی دەچڕی . ئافرەەکانی دیکە مێردوو منداڵیشیان هەبوو، هەریەکەیان ناوی منداڵەکانی بە پەنجەکانی دەژمارد ، لە هەموو شتێکدا چاوەکانیان پڕی نائومێدیە ، هیچ هیوایەکیان لە ژیاندا نەماوە ، ئەی ئەو چی دەستکەوتووە ؟ هیچی دەست نەکەوت . بەلاَم لانی کەم ئەو شەرم لە دەرخستنی ڕووخساری ناکات و بە تەواوی سەیری پرشنگی مانگ دەکات .

- ئایا بەم هۆکارەیە لە ژیانیدا پیاوی نەبینیووە ؟

پیاوەکە لەبەر دەرگا وەستابوو ، دەمی نەکردەوە و شتێك بڵێ ، گەر قسەش بکات لە توانایدا نەبوو لێی تێبگات ، گەر تێش گەیشت ئەوا قەدەر دەخالەت دەکات و لێکیان جیا دەکاتەوە ، ئەوان لەنێو سیستمێکدا دەژیان قەدەر حوکمڕانی دەکرد ، قەدەریش تەنها جۆرێکی خۆشەویستی دەزانێت . ئەو سۆزە بە لێشاوەی بۆ زەوی و خاوەن شکۆیە. لەوانەیە هۆکاری ئەو سنوورە بوبێت کە نەوتەکە دەیسەپاند ،

توانای هەڵکشان و دابەزینی شاراوە لە ئاوە ڕەشەکەدا ، هوروژمی با و جووڵەی شەپۆلەکان لەگەڵ تەوژمی تاڤگەکە ، تەواو لەوە دڵنیابوو کە ئەو پیاوەی لەبەردەمیدا وەستاوە پیاوی خەونەکانی ئەو نیە ، هەریەکەیان لە دوو خاڵی جیاوازەوە هاتوون تا بە ڕێکەوت یەك بگرن ، وەك ئەوەی تەنها قەدەر بتوانێت کۆیان بکاتەوە .

- هەروەها چێشت لێنانیشی نەدەزانی ، ئافرەتێکی بێ بەها دەیەوێت لە بەهای خواوەندەکانەوە بەهای دەستکەوێت .

ئەوە دەنگی مێردەکەیەتی یان سەرۆکی کارەکەی شێوەی بۆ پیاوە پۆلیسەکە ڕوون دەکاتەوە ، لە ڕێگەی چوونی بۆ کار لەوانەیە بە ڕێکەوت بە بەردەم چێشتخانەکەدا بڕوات ، سەری پیازەکانی دەبینی شۆڕبوبونەوە ، دیمەنەکە وای لێدەکات وەك ئەوەی تووشی خنجەر لێدان بوبێتەوە ، حەز دەکات بمرێت پێش ئەوەی دەستی بەر تاڵە موویەکی ئەو سەرانە بکەوێت ، ئەو مووە زەردانەی وەك دەمی پلایس دەهاتە پێشچاو لە خەونەکانیدا کە لە پشتەوە ملی دەگرت و بۆ ئەودیوی مردن فڕێی دەدا .

- لەوانەیە پێویستی بە مۆڵەت هەبوبێت ؟

ئافرەت بۆی نەبوو بۆ پشوو بچێتە دەرەوە ، وەك ئەوەی گەر دەرگا بکرێتەوە و بچێتە دەرەوە ناگەڕێتەوە ، بیرۆکەی خۆشەویستی بۆهات ، خۆشەویستیەکی گەورە ئەوە بهێنێت کە ئافرەتێکی لە پێناودا بمرێت خۆشەویستی نەزانیبێت ، نشینگەیەکی بەردەوامی بەندیخانە ، هەوایەکی دەرنەچوو ، دووکەڵ و گەردیلە ڕەشەکان ، بێدەنگی و تەقەی کاغەزەکانی ڕۆژنامەکە ، نیوەی خوارەوەی پیاوێکی نوستوو و چێشتخانە ، بەڵێ لەوانەیە لە چێشتخانەکەوە بۆنی گۆشتی سورەوکراو

بێت و پیاوەکە خەبەری بێتەوە ، حەز و لەوانەشە خۆشەویستیش خەبەری بێتەوە ، بەڵام هەرگیز شوێنەکە ناگۆڕێت ، تەنها لە پێناو غەریزەی مانەوەدا خراوەتە ناوی ، ژەمە خواردنەکان ناکۆتاییە ، تێرت ناکات ، بەڵێ، تەنها کاغەزەکە و ئامێرەکەی لێبوو ، بە پەنجەکانی داواکارییەکەی لێدا .

- ئایا داوای مۆڵەتی کرد ؟
- بەڵێ .
- ئایا ڕەزامەندی مێردەکەیی وەرگرت ؟
- نەخێر .
- ئایا ڕەزامەندی سەرۆکی کارەکەیی وەرگرت ؟
- نەخێر .
- ئەی کەواتە چۆن بۆ پشوو چۆتە دەرەوە ؟

بێدەنگی باڵ دەکێشێت بەسەر ژووری لێکۆڵینەوەکەدا ، پیاوە پۆلیسەکە بە کورسیەکەوە بە دەوری خۆیدا دەخولێتەوە ، گلۆپە سوورەکە دادەگیرسێنێت ، ڕۆژنامەنووسەکان دەردەکات ، پەنجە دەنێت بە ئامێرەکەدا و دەسوڕێت ، لە ڕووخساری مێردەکەیی و سەرۆکی کارەکەی وورد دەبێتەوە .

- ڕاستیت دەوێت ؟
- بەڵێ .
- ئایا هەواڵەکە دزە ناکات بۆ ڕۆژنامەکان ؟
- نەخێر ، بە دڵنیاییەوە !
- بەڵێ ، چوونە دەرەوە پێویستی بووە .
- چۆن ؟

- بۆ گەڕان بەشوێن بوونی وون بویدا چۆتە دەرەوە ، بوونی ئاژەڵێکی هەبوو لەسەر دوو پێ وەستاوە و توانای کشانی لەسەر چوار پێ نەماوە ، بەڵێ ، ئەو ئافرەتی چێشتخانە و جێگە نەبوو ، ئەو ئاوازنەی لەبەر نەبوو کە ئافرەتان لە حەمامەکاندا دەیچڕن ، هەروەك ئەو خۆشەویستیەی نەدەزانی کە لە دڵی مێردەکەیەوە دەهاتەدەر ، لە هەمووی زیانر برژانگەکانی نەدەلەرینەوە کاتێك سەیری سەرۆکی کارەکەی یان خاوەن شکۆی دەکرد .

پەنجەی پیاوی پۆلیس بەسەر ئامێری چاپەکەوە دەیبەست ، ووشەی خاوەن شکۆی دەکوژاندەوە و بە تەنها دەستێك چاپی دەکرد ، دەستەکەی تری عەرەقی نێوچاوانی دەسڕی .

- ئافرەتێك چاوەکانی بەردین لە بەردی چیایەکی سارد داتاشراون .

تا ئێرەو بە تەواوی پەنجەکانی لە نووسن کەوتن ، چەند جارێك بە کورسیەکەوە سوڕایەوە و دواتر جێگیربوو ، ڕووخساری بەرەو دیوارەکە ، نەیدەزانی کێیە قسە دەکات، سەرۆکی کارەکەی یان مێردەکەی ، هەوڵی سوڕانەوەی نەدەدا بە کورسیەکەوە . بەردەوام بوو لە سەرنجدانی دیوارەکە ، پشتی کردبووە دوو پیاوەکە .

- مەبەستت لەو سەهۆڵە ساردە چیە ؟!
- مەبەستم ئەوەیە دوو چاون .
- بەڵێ .

سەرۆکی کارەکەی و مێردەکەی سەرنجیان گۆڕیەوە ، وەك ئەوەی هەریەکەیان بیەوێت چاوەکانی بێنێتە پێشچاوی خۆی ، سەرۆکی کارەکەی مژێکی قووڵی لە پایپەکە دا ، مێردەکەشی ئەژنۆکانی جوڵاندوو پێڵوەکانی لێکنا .

- مەبەستم ئەوەیە کە دوو چاوی بێ گرنگین ، سەیری تۆ ناکەن ، گەر سەیریشت بکات ئەوا ڕوانینێکە بۆ خاڵێکی سەر سەرت دوور بەرەو ئاسۆ .

- ئایا هەوڵی پیاوێکی دیکەی بووە ؟

پیاوە پۆلیسەکە لایکردەوە بەلای دوو پیاوەکەدا و سەرنجێکی بڕەری وەك شمشێری لێدان ، پێش وەڵامدانەوە یەك سەیری ئەویتری دەکرد .

- نەخێر ، ئەو هەوڵی پیاوی دیکەی نەبوو ، هەوڵی پیاوی دیکەی نەبوو ، لەونەیە چاوەکانی بەم هۆیەوە تووڕەی کردبێتین ، وایان لێ دەکردیت زللەی لێ بدەیت تا سەیرت بکەن ، بەڵێ دەتوانیت بڵێیت ئەوان دوو چاوی خراپ بوون ، دوو چاوی سەرباری ئەوەی بێ گرنگی بوون بەڵام گرنگییان بە هەموو شتێك دەدا گەر هیچیش نەبوبێت ، تەنها خاڵێکی بچووك لە ئاسۆدا .

ماوەیەکی زۆر بێدەنگی باڵی کێشا بەسەر ژووری لێکۆڵینەوەدا . تەنها گوێت لە دەنگی بەرزی و نزمی هەناسەی ئەو سێ پیاوە دەبوو ، لەگەڵ زیکەی ئەو پانکەیەی بەدەوری خۆیدا دەسوڕێتەوە ، مێشێکیش تەپە تەپ خۆی دەکێشێت بە تیشکی گڵۆپەکەدا ، گەردیلەی ڕەشیش وەك پرژەی باران دەیدا بە پەنجەرەکەدا .

لە نێوانی ئەو ماوە دوورەوە دەنگەکانی بۆ هات ، هەموویان لەنێو دەنگێکدا و بە ئاوازێکی ڕێکخراو توانەوە ، بێدەنگی پیاوە پۆلیسەکە ڕوون بوو ، زانی هەموو شتێك دەزانێت ، سەرلەنوێ پەنجەکانی کەوتنەوە پیاکێشانی ئامێرەکە .

- بەڵێ ، ئەی سەبارەت بە ملی ؟!

- بەڵێ ، ملی ، ئەویش شێوەی سەیر بوو لە هەموو ملێك درێژتر بوو ، وەك ئەوەی هێڵی ئاسۆ بێت ، بەرزدەبێتەوە وەك ئەوەی ملی ووشترمل بێت ، بۆ نموونە

ملێك بوو نەدەتوانرا بگیرێت بەمەبەستی خنكاندنی ، ملێك بوو حەزی دەجولاندیت ئەویش بەهۆی ئەوەی نەتدەتوانی بەسەریدا زاڵ بیت ، ملێك بوو خەریكبوو ،

بێدەنگی باڵی كێشا . پەنجەكان لە پیاكێشان وەستان ، كورسیەكە بەدەوری خۆیدا سوڕایەوە و وەستا ، تەنها گوێی لە دەنگی هەناسە بڕكێ بوو .

- خەریكبوو چی ؟
- بگۆڕێت و لە جووڵەیەكی لەناكاودا هەڵگەڕێتەوە بۆ ڕەقییەك و بنوشتێتەوە و خۆی بە دەستەوە بدات وەك ئەوەی شتێكی قورسی هەڵگرتبێت .
- شتێكی ترسناكە .
- بەڵێ ، بێگومان هەڵدەلەرزیت لەبەردەم ئەم ملەدا .
- ئەی سەبارەت بە بەشەكانی دیكەی جەستەی ؟
- بەڵێ ، ئەمەش هەر ترسناكە .
- چۆن ؟
- دەتبینی بێگومان جەستەیت لەپێشچاوە ، ئەم ئامادەبوونە دڵنیایە ، كە لەناكاو وون دەبێت و دیار نامێنێت بۆ هەتایی .

پاشان هەموو دەنگەكان پچڕان ، تەنانەت گوێت لە دەنگی سێ هەناسەكەش نەبوو ، لەوانەشە پانكەكە وەستابێت یان كارەبا كوژابێتەوە ، گڵۆپەكەش كوژایەوە ، مێشەكەش یان فڕیووە یان سوتاوە ، تەنها پرژەی گەردیلەكان ماون كە لە گوێیدا تەپەیان دێت لەگەڵ ترپەی خوێنبەری ملدا ، یان لوورەی با لە دوورەوە كە لە بێدەنگی شەوی دەكرد.

دواتر لە تاریکاییەکەوە پێکەنینەکەی هاتە گوێ ، نەیزانی کام لە پیاوەکانە پێدەکەنێت. پێکەنینێکی سەیر وەك سیخەی سنگ ، تۆنی بەرز لە دەنگی پیاوێکی دەکرد قاقا لێبدات ، جەستەی دەلەرێتەوە لەگەڵ لەرینەوەی سەری کاتێك پێدەکەنێت .

لەودیوی بەرزایی و پانتایی گۆماوەکەوە قاقاکەی بۆ هات ، لە قرچەقرچی بای دەکرد کە وەك پرژەی بارانێکی بەستوو دەیدا بە دیوارەکاندا . لەژێر دەرگاکەوە لەگەڵ ڕێچکەی ڕەشدا دزەی دەکرد ، ڕووی لە دیوارەکە بوو و سەری بە لەچکێك پێچابوو ، بە جووڵەیەکی نیو بازنەیی ملی ڕویکردە دەرگاکە ، پیاوەکە وەستابوو دشداشەکەی هەلکردبوو ، سەری تەڕبوو وەك ئەوەی باران نوقمی کردبێت ، قژی ووشك کردەوە و وەك بۆقێك لە گۆماو دەرپەڕی ، چاوەکانی کەوتە سەر چاوی و بە جووڵەیەك سپیایی چاوەکانی بە جووڵەی با هەلگەڕاندەوە تا ناخی دەربخات .

بە خەبەریت ؟

تۆنی دەنگی ناسك و پڕ متمانە بوو ، سۆزی ئەو پیاوەی هەلگرتبوو کاتێك جلەوگیری ژنەکەی لەدەست دەدات . لە جووڵەیەکی وەك ئەوەی کەسێك بیەوێت ئیهانە دانێت جلەکانی بەری دانا ، درێژ و پێستەکەی تەڕ و گرژ وەك ئەوەی لە چەرمی ڕاستەقینە دروستکرابێت . لە تاریکیەکەدا وەك پێلاوێکی سڕاوە دەدرەوشایەوە ، لە هەنگاوێکی کەسێك کە بیەوێت ئەوە بسەلمێنێت کە شتێکی هەیە ئەو نیەتی هەنگاوی نا .

پیاوان ئامێرێکن بۆ شاردنەوەی ڕاستی ، لە ناخیاندا وا هەست دەکەن کە ڕاستیان لایە .

ئەوە دەنگی ئافرەتێکە قسە بۆ ئافرەتەکان دەکات ، دەنگی لە دەنگی ئەو دەکات کاتێك لاو بوو ، هەر یەکەیان سەری ڕادەوەشێنێت وەك ئاماژەیەك بۆ تێگەیشتن .

- تێگەیشتی خوشکم ؟ بەڵام هێشتا سەرە پیازەکان هەر لە چێشتخانەکەن ، دەستێك بەری دەکەوێت و خەریکە کاتی نانخواردن دێت ، پیاوەکە هاوار دەکات، تێگەیشتیت ؟

- بەڵێ ، تێگەیشتم خوشکم ، بەڵام بۆقەکانیش پێشکەوتوون و لە بنی گۆماوەکە هاتونەتە دەرەوە بۆ ڕووناکی ئێوەی ئافرەتانیش بێ جووڵەن .

کاتێك پیاوەکە گەڕایەوە بێدەنگی باڵی کێشا ، وەك نەریت هاواریکرد داوای خواردنی کرد ، پاشان بە ڕووتی لەسەر جێگەکە ڕاکشا ، لە تاریکیدا لەژێر بەتانیەکەوە دەستی درێژکرد ، وەك ئەوەی لەژێر ئاودا دەستی درێژ بکات . بێهودە هەوڵیدا پەنجەکانی بگاتە دەستی ، دواجار لەو ماوە درێژەدا گەیشت ، ڕووخساری لە دیوارەکە بوو ، هەستیکرد مشتی دەستی بە عەرەقی ڕەش تەڕبوو . تەنگەژەکە بەرەو ناخی زەوی هەڵیگرتبوو ، سنگی وەك سنگی مۆمیا بەستبووی لەناوەوە ووشك ، بەتاڵی جیهانی تێدایە ، دەربازبونیش نیە ، دەبێت سەری بخاتە سەر ئەم سنگە بەردینە ، وەك ئەوەی سنگی خواوەند ئەخناتون بێت دوای ئەوەی مەمکەکانیان لێ لابردووە .

- تۆ چی دەڵێیت خوشکم ؟

- لە پاش تێپەڕبوونی کات زانیم کە هەموو شتێك ڕاستەقینەیە ، مەبەستم هاوسەرگیریە ، لەوانەیە گەڕانیش بەشوێن خواوەندەکاندا ، هەموو شتێکی دیکەش لە ژیاندا ، لەوانە مردنیش .

- ئەی خۆشەویستی ؟

نەخێر ، خۆشم نەدەویست ، گەر ئەوەشم بکردایە ئەوا جیهان دەکەوتە خەیاڵەوە .

جەستەی ڕووت بوو لە بەزکەوتنی جیهانی ڕووت ، بە هەموو ڕاستیەکانیەوە وەك گۆشت . دەیتوانی لە جێگەکە بخزێت و هەڵبێت ، بەڵام چوونە دەرەوە لەو بیرە مەحاڵ بوو ، یان لەوانەیە نەوتی لە هەموو شتێکی دیکە پێ باشتر بوبێت .

لەو شوێنە تەنگەبەرەدا قوڵی نوشتانەوە ، لە دووکەڵ و تەپوتۆزی ڕەشدا خنکابوو ، مردنی وەك جۆرێك لە نەمری دەهاتە پێشچاو ، هەڵاتنیش لە مردن تەنها جۆرێکە لە گێلی ، بەڵێ ، مردن بلیمەتیی بونەوەری زیندووە کاتێك وەك خواوەندەکان نەمر دەبێت .

کاتێك ڕاکشابوو خۆیکرد بە مردوو ، جەستەی کەوتە ناخەوە بێئەوەی قۆڵەکەی تری بنوشتێنێتەوە تاریکایی لە چاوێکی ڕەشی زەبەلاحی دەکرد ، چاوێك خۆت ناگریت لە سەیرکردنی ، چاوێکی پیرۆز کە نانوێت ، لەوانەیە چاوی خواوەندی مردن سخمت بێت، یان لەوانەیە چاوی خاتوونی پیرۆز بێت ، سەیری دەکات و پەیامەکەی بیردێنێتەوە .

لەناکاو چاوەکانی کزدەوە ، پیاوەکە لەودیوی ڕۆژنامەکەوە سەرنجی دەدا ، چاوەکانی کاغەزەکەیان دەبڕی و لێوەی دەردەچوون .

- بەڵێ بەردەوام لەژێر چاودێریدا بوو .

- بە فرمانی خاوەن شکۆ ؟

- لەوانەیە ، یان لەوانەیە سەرۆکی کارەکەی بوبێت ، یان مێردەکەی بە بڕێك پارە پیاوێکی بەکرێ گرتووە تا چاودێری ، یان لەوانەیە ئەو سیانە بوبن هیچ کەس بە تەواوی نازانێت . بەڵام چاودێری بەردەوام بوو ، ڕۆژانە بیست و چوار کاتژمێر ،

بێگومان پیاوی پۆلیسیشیان لەگەڵدا بوو ، بە کورسیەکەیەوە بەدەوری خۆیدا دەخولێتەوە و بە ئامێری چاپەکە دەنوسێت :

- کاتژمێر شەش و نیو لەگەڵ ئافرەتەکان کۆبۆوە بێئەوەی مۆڵەتی کۆبونەوە وەرگرێت، کاتژمێر یەك و پەنجا خولەك گەڕایەوە ماڵەوە ، بێئەوەی پشت بە شۆفێرەکە ببەستێت ئوتومبێلەکەی لێخوڕی ، هەموو ئەمانە مەترسیە بۆسەر سیستمی جیهان و پێویستی بە بەندکردنی هەتاییە بە کاری قورس و هەلگرتنی قەرساییە لەسەر سەر ، ئەم کارە زۆر ئاسایی پێویستی بەوە هەیە لە کارەکەی دەربکرێت و مێردەکەی تەلاقی بدات ، گەر هاوسەریشی نەبێت ئەوا پێویستە خاوەن شکۆ ڕێگە بدات بە دادوەری گشتی بە دەرکردنی سزای لە سیدارەدان .

جێگەکە لە تاریکیەکەدا دەلەریەوە هەرکات پیاوەکە ئەمدیودیوی بکردایە ، وەك نوزەی پشیلە لووتی بۆنی خواردنی کردبێت دەنگێك لە پارچە تەختەکانەوە دەهات ، بەلام لە ژووری چێشتخانەکەوە بۆنی خواردن نەدەهات ، هێشتا سەرە پیازەکان لە حەزەکەدا ڕاکشاون و تەباخەکەش کوژاوەتەوە ، دەفرە ئەلەمنیۆمەکەش بەتاڵە ، بنەکەی تیشکێکی خۆلەمێشی دەداتەوە .

- چێشت لێنانێیت ؟

هەستیکرد لە پشتەوەی ملی ڕادەکێشرێت بۆ دەرەوەی بەئاگایی و چەندین زللە هاتە خوارەوە بۆسەر ڕوومەتەکانیو لووتی و لێوەکانی و ووڕکی بێ جیاوازی ، نەیتوانی چاوەکانی بکاتەوە تا بزانێت چی ڕوودەدات ، بۆ یەکەمجاری بوو لە ژیانیدا پیاوێك لێی بدات .

- هاوار ناکەیت بۆ فریاکەوتنت ؟

لەوانەیە یەکێك بێت لە دراوسێکان ، بەدەم دەنگەکەوە هاتبێت ، هەرگیز ئەو هاواری نەکردووە ، یان لەوانەیە هاواری کردبێت بەڵام دەنگی دەرنەهاتووە ، دەیویست شتەکە لە بێدەنگیدا بشارێتەوە و جەستەی لەسەر زەویەکە ڕاکشان ، قاچێکیانی بە قایشی جانتاکە پێچراوە ، تەواو ڕووت تەنها چەند پارچەیەك لە پانتۆڵە دڕاوەکەی نەبێت ، وەك خرخاڵ لە قاچیەوە پێچراوە لە لاکانیەوە لەناوەوە ناوی خۆیی و مێردەکەیی لەشێوەی دڵێکدا لەسەر دوراوە .

لەژێر ڕووناکیە لێڵەکەدا ڕانەکانی دەبینی زەبەلاح و گەورە وەك ئەوەی لە چاوێکی شووشەیی گەورەکەرەوە سەیری بکات ، گەورە و دوور لێیەوە ، خەریکە لەو ماوە دوورەوە نایانبینێت ، وەك ئەوەی ڕانی ئافرەتێکی دیکە بن .

چاوەکانی بەسەر جەستەیدا سەرکەوت و لەگەڵ جووڵەکەدا فراوانتر دەبوون ، دەوەستان، وەك ئەوەی بەربەستێك هەبێت لەبەردەم سەری شۆڕبۆوەی بەسەر ملیدا ، بە لەچکێگ پێچرابوو ، ڕووخسارە ئەسمەرەکەش زیاتر ئەسمەر دەردەکەوت لەژێر ڕووناکیە تاریکەکەدا ، چەندین خاڵی ووردی ڕەشی وەك نوکتەی پێوەیە لەگەڵ چەندین هێڵی وەك چرچی بە قەڵەم کێشرابوون ، لە قلێنچکەی چاوە هەوکردوەکانەوە وەك فرمێسکی ڕەش دەهاتنە خوارەوە ، برژانگەکانیش هەڵوەریون ، وەك ئەوەی بە جووڵەیەکی لاوەکی چاوەکانی لە لاوێتیەوە گوازراوەتەوە بۆ باسالاچویی ، ڕاپەڕی و ماسولکەکانی دەست و قاچەکانی گورج کردەوە و بەپێوە وەستا ، ناخی مێشکی لە قولایی زەویەوە ڕادەکێشێتەوە ، بیری کەوتەوە کە پێشتر ئەو ڕووخسارەی بینیووە و لە ژیانی پێشوتریدا لە ساتێکی وەك ئێستادا ژیاوە ، دیمەنی ئەو سزایەی اە خەونەکانی و بەئاگاییدا دەبینی .

- شەرمەزاریە ئافرەتێکی بەڕێزی وەك ئەو بەشوێن خواوەندەکاندا بگەڕێت .

گوێی لە دەنگی بوو دەنوزایەوە . دەمەوێت لانی کەم لە شەرمدا بمرم ، لەناکاو لە نوزانەوە وەستا ، پاشان دەنگێك هات لە دەنگی یەکێك لە ئافرەتەکانی دەکرد .

- بەڵێ ، چ کێشەیەك هەیە ئەو بەردەوام لێم دەدات و لەخۆباییە ، خۆر هەڵنەهاتووە دەرگام کردۆتەوە و چوومەتە دەرەوە ، بەڵێ دەزانم ، بەیانی دەڕۆم ، ئیدی ئەم فرمێسکە ڕەشانە بسڕە ، جیهان وێران نابێت لەبەرئەوەی ئافرەتێك لەگەڵ پیاوێکی بێگانەدا ڕاکشاوە لە چاوپێکەوتنێکی سەرپێییدا .

لەگەڵ هەر جووڵەیەکی جەستەیدا دەنگیشی دەگۆڕا ، جەستەشی لەهەر هەڵگەڕانەوەیکدا بۆسەر لاتەنیشتەکان لە ساردیەوە دەگۆڕا بۆ گەرمی ، بۆنێکی لە قوڵاییەوە دەهات خۆی بۆ نەدەگیرا ، بۆنی گۆشتی ڕاکشاو لەناخی زەویدا ، لەوانەیە ویستبێتی لەو کاتەدا بمرێت ، یا بەڕاستی مردبێت ، پاشان دوای ئەوەی لەسەری لاچوو سەری لووتی بەر لووتی کەوت ، تەنها ئەو ساتە زانی کە جەستەی ماوە و هێشتا نەمردووە .

- دەبێت ئەوە خۆشەویستی بووبێت ؟

مێرووەکان لەژێر بەتانیەکەوە لەگەڵ ڕێچکەی نەوتەکەدا بۆی دەکشان ، هێندی بەس بوو کە ئەو مێرووە ڕەشەی دەبینی ئیدی تێدەگەیشت کە چەند بێ بەهایە ، بۆنەکەش لە دوورەوە بەس بوو بۆ پاکبونەوەی لە گوناهەکان ، دەمیشی وەك دوکەڵ کێش وابوو هەورێك لە دووکەڵی فڕێدەدا ، زەویش لەژێر جەستەیدا وەك ئاو نەرم دەبوو ، ئەویش پارچەیەکی ووشەکە بەرەو ناخ نوقم دەبێت و پێکانی لە وورگی زەویدا دەچەقێنێت .

- ئەوە ئافرەتێکی دۆڕاو بوو ؟
- مەبەستت چیە ؟
- نازانیت مەبەستم چیە ؟
- تۆ چاودێریم دەکەیت ؟
- بەڵێ ، گەر ئەوە نەبوایە لەگەڵ پیاوەکەی تردا نەمدەبینیت .
- بیرت چۆتەوە منیش تۆم بینیووە ؟
- بەڵێ ، ئەمە سروشتیە ، نازانیت کە خوا لە جیاتی ئافرەتێك چوارم پێدەدات ؟

وەستابوو بە لەخۆ بایبونێکەوە ملی درێژ کردبۆوە ، هەرکاتێك ژمارەی ئافرەتەکان لە ژیانی پیاودا زیادی بکردایە ملی درێژتر دەبوو ، ملی تا بێ کۆتایی درێژبوو وەك هێڵی ئاسۆ . دیمەنێکە لە مردن زیاتر دەیترسێنێت ، ئەو پیاو دەخاتە جیهانێکی شلۆقەوە ، خانویەکی لەسەر ئاو بنیادنراو ، تەرازویەکە تاکانی بێ یەکسانی دەلەرنەوە .

وەستابوو سەرنجی سەرەوەی دەدا ، چاوەکانی پرتە پرتیان بوو ، هەوڵی ئەوەی دەدا ئاسمان بگرێت بە چاوەکانی ، وەك ئەوەی ئەوە تەنها شتێك بێت بتوانرێت لەو پانتاییەی خەیاڵدا بگیرێت .

هێشتا لە شوێنەکەی خۆیدا ڕاکشابوو ، دەستی لە ڕوومەتەکانیدا کە بەهۆی ئەو لێدانانەوە هەویانکردبوو ، کاتێك بەپێوە وەستابوو بە تیلەی چاو لێی دەڕوانی ، لە نزیکی دەرگاکەوە بوو و تەنها چەند هەنگاوێك نێوانییان بوو ، بەڵام زۆر دوور هاتە پێشچاو وەك ئەوەی نادیار بێت .

- چۆن پیاوێکی ئاوا نزیك تەنها بەهۆی تیلەی چاوێکەوە پاشەکشێ دەکات بۆ ماوەیەکی بێ کۆتایی ؟
- بەڵێ ، ئەمە سروشتیە ، ئافرەتێکی وەك تۆ کە گوناهەکانی سنووریان تێپەڕاندووە دەتوانێت بە چاو داگرتنێك سیستمێك هەڵگێڕێتەوە .
- ئایا ئەو سیستمە تا ئەو ئاستە دارووخاوە ؟

لە وزەیدا نەبوو وەڵام بداتەوە ، بەڵام لە ناخەوە دڵی دەهەژا وەك ئەوەی بەدرێژایی تەمەنی چاوەڕوانی ئەو ساتە بوبێت ، چ شتێك دەتوانێت ئەم هەموو گوناهانە بسڕێتەوە جگە لە چۆك دادان نەبێت لەبەر دەستیدا ، بە فرمێسکەکانی قاچەکانی تەڕ بکات و داوای لێخۆشبوون بکات ، بەڵێ هەرچەند پەشمانبونەوەی زیادی بکردایە لەخۆبایی بوونی زیادی دەکرد ، هیچ شتێك لە خۆبایی بوونی پیاو کەم ناکات هێندی ئافرەتێکی بێ گوناه پڕی پەشیمانی بێت .

وەستابوو چاوەڕوانی چۆك دادان یان فرمێسك ، هەناسەبڕکێ و تەوبە و پەشیمانی لێ دەکرد ، بەڵام وەك مردووانی گۆڕستانەکان بێدەنگ بوو ، هەڕەشەکردنی سزایەکی قورسی هێندی زەوی و ئاسمانەکان سوودی نەبوو لەگەڵیدا ، تەنها چاوەڕوانی بۆ مابۆوە، هەرچەند درێژە بکێشێت چاوەڕوان دەبێت ، چونکە هیچ شتێك هێندەی کرانەوەی لێوەکانی و درکاندنی ووشەی ( لێم ببورە ) فریای لەخۆبایی بوونی ناکەوێت .

- ئایا لە چاوەکانیدا ئەو داوایە هەبوو ؟

بەڵێ ، بێگومان ، بە جووڵەیەکی چاوە هەوکراوەکانی دۆخەکە هەڵگەڕایەوە ، وەك ئەوەی بە پێڵوەکانی وێنەی ناو کتێبێك هەڵداتەوە ، لە وێنەکەدا بە چەماوەیی بۆ خوارەوە دەردەکەوت ، چۆکدادراو لەبەردەستیدا ، بە فرمێسکەکانی قاچەکانی

تەرکردووە ، هەولّی ئەوەی لەگەلّدا دەدا ووشەی ( لێم ببورە ) بدرکێنێت ، ویستی دەمی بکاتەوە و بێهودە لێی ببورێت ، لێوەکانی وەك وەك سڕیش بە نەوتەوە نوسابوو ، هەروەها پێلّوەکانیشی وەك لێوەکانی نوسابوو هەروەها برژانگەکانی تێك ئالأبوون .

لە پێش چاوەکانیدا تەنها تاریکایی بەدی دەکرد ، کەی ئەم هەورە ڕەشانە بەرەو دوور دەجولێن و ڕووناکیەکان دەردەکەون ؟ گەر ڕووناکیەکان لەوێ دەرکەوتوون بۆ لێرەش دەرناکەون ؟ گەر گوناهەکەش لێرە ڕوویداوە بۆچی لەوێ تووشی سزا بووە ؟

بەهۆی پتەوی باوە دەرگاکە کرایەوە ، تاڤگەی نەوتەکە بە دەنگێکی زیکنەوە تەقی . بەرزاییە ڕەشەکان لەنێوانی زەوی ئاسماندا بەرزبونەوە ، پیاوەکە وەك هێمایەك بۆ بێزاری دەستی بەرزکردەوە ، زانی کە هەلەکەی لەدەست چووە و لەوانەیە بۆ جیهان ئاشکرابوبێت و هیچ هیوایەك نیە بۆ شاردنەوەی ڕاستی .

ئایا هۆکارەکەی تەقینی نەوتەکە بووە لە کاتێکی نا کاتدا ؟!

دەستی بەرزکراوەتەوە و لەگەلّ خۆی قسە دەکات ، وەك ئەوەی لەگەلّ لووتکەی بەرزاییەکان بدوێت یان لەگەلّ هێزێکی نادیاری ئاسمان .

- ئەی نەوت گەر تا مردن نوقمی نەکەیت ئەوا هیچ شتێك لە جیهاندا لە خۆبایی بوونی پیاوان نامێنێت .

لەوە دەچێت نەوتەکە وەلأمی نزای پیاوەکەی دابێتەوە ، تاڤگەکە بە هێزێکی زیاترەوە دەردەچوو ، ئافرەتەکەش بە دەست و قاچەکانی لینگە فرتێیەتی بەرەنگاری نوقم بوون دەبێتەوە . بەلّێ ، نەوتەکە بۆی نەبوو لایەنی ئافرەتەکە بگرێت ، بەم شێوەیە پیاوەکە سورتر بوو .

- ئافرەت داوای لێبوردن ناکەیت لە گوناهەکانت ؟!
- هەوڵمدا بەڵام . .
- ئایا پێشتر ڕوویداوە ؟
- بەڵێ ، پێشتر ڕوویداوە . . . .

ئەمەی ووت و چاوەکانی بە فراوانی نێوانی زەوی و ئاسمان فراوان دەبوو ، لەگەڵ پیاوەکەدا بێ هیچ ویستێك سەرنجەکانی دەگۆڕییەوە ، لە ڕووناکیە لیخنەکەدا گۆڕینەوەی ئەو سەرنجانەی بینی کە ئەوەی ماوەتەوە لە هیوا دەیڕوخاند .
ئایا دەبێت پێشتر ژیانی هەبوبێت ؟ بەڵام پرسیارەکە گەورەتر دەردەکەوت لە خەیاڵی . پیاوەکە لەوە تێگەیشت کە لەوەتەی لەدایکبووە بە درێژایی کات تا مردن گوناهبار بووە.

- ئای ، بەڵێ ، من ئەوەم دەزانی ، کەواتە چ شتێکی نوێ هەیە ؟

لە کاتێکدا ئەمەی ووت بە پلیکانەیەکی بەرزدا بۆ سەقفەکە سەردەکەوت ، پانتۆڵە دڕاوەکەی هێشتا بە سەقفەکەوە جوڵانەی دەکرد ، دەستی درێژ دەکرد لە هەوڵی پێگەیشتنی ، لە دواوە پشتی وەك سمی ووشتر چەماوە دەردەکەوێت ، قاچەکانیشی چەماوە کەمێك مووی نەرم دایپۆشیووە و بە عەرەقێکی ڕەش تەڕ بووە و هەندێکیان بەیەکەوە نوساوون .

- پێویستە ئێستا بڕیار بدات گەرنا ئەوا هەرگیز ناتوانێت بڕیار بدات .

شتەکە بەلایەوە بەو شێوەیە بوو ، مانەوە تا هەتایی یان دەستبەجێ گەڕانەوە ، ئەوە یەکەمین بڕیاری یەکلاکەرەوە بوو لە ژیانیدا ، ئایا دەبێت نەوت هۆکاری مانەوەی بێت؟ یان لەوانەیە بیرەوەریەکانی ژیانی پێشووی باشتربووە ، هەرچەند کە زللەکان یادەوەریەکی وەك هێمای ڕەشن ، بەڵام لێدانی ئافرەت شتێکی سروشتی

بوو ، پیاویش لە هانا بردن بۆ ئاسمان ناوەستێت ، ئاسمانیش لە بەرزییەوە بە چرپە پێ دەڵێت : ﴿ واضربوهن ﴾ ، نەیدەتوانی پاشەڕۆژێکی باشتر بێنێتە پێشچاوی خۆی ، جگە لەوەی کە بە لێدان قایلبێت بە لەخۆبایی بونەوە ، سەری وەك سەری خواوەند سخمت کە لە برۆنز دروستکرابوو . بە سەربەرزی دەچووە چیچشتخانە وەك خواوەند نفرتیتی ، لەبەردەم ئاگرەکەدا دەوەستا و دووکەڵی دەکردە وورگیەوە وەك ئەوەی وورگی زەوی بێت ، ئازاری عەمبار دەکرد ، پاشان لە دەرەوە عەتری لەخۆی دەدا تا بۆنەکە بشارێتەوە و بەرەنگاری حەزی دەست بەرزکردنەوە دەبۆوە بۆ لێدانی پیاوەکە و وەك فریشتە بە روویدا پێدەکەنی .

- دەکرێت دوو ڕووت هەبێت ئافرەت ؟

- تۆش دوو هێندەت هەیە ، چوار ڕوو ، وایە ؟

هێشتا تەوژمی نەوتەکە بەهێز بوو ، سەرلەنوێ بەرەو ئەو شوێنە دەیبات کە نایەوێت ، تەواو بێ ئاگا بوو لەوەی کامە خۆشەویستی بەرزە و کامە خۆشەویستی نزمە ، لە منداڵیەوە هەستی بە شتی واکردووە کە کەس هەستی پێ نەکردووە ، بێهودە هەوڵیداوە بەدوای ئەوەدا بگەڕێت کە بۆچی دەگەڕێت ، پیاوەکەش جگە لە بەربەستێکی نەوت نەبێت لە ژیانیدا هیچیتر نەبووە .

- ئەو پیاوێکی نمونەییە لە داواکاریەکانی ئاسمان تەنها وەڵامی لێدانی ئافرەتان دەداتەوە .

بەم شێوەیە دڵی خۆیی دەدایەوە ، لە ناخیدا دەیویست تەوبە بکات ، وایلێبکات ڕۆڵی ئاسمانی بگێڕێت و بەخشینی پێ ببەخشێت . لە کۆبونەوەی ئافرەتەکاندا گوێی لە دەنگی ئافرەتە لاوەکە بوو ، لە دەنگی خۆیی دەکرد کاتێك لەتەمەنی

ئەودا بوو بەلام ئەم وەك ئەو دەستی بە دەمیەوە نەدەگرت ، تەواوی دەمی دەگردەوە و گەردیلە ڕەشەکانی قووت دەدا وەك ئەوەی هیچ نەبێت .

لەکاتی نادیاری سكدا ئافرەت ڕۆڵی دایك دەبینێت و پیاو دەكات بە منداڵ و ڕۆڵێکی دەداتێ تا بیگێڕێت .

نەیدەزانی بۆچی سکی بەرز نەبۆوە ، چوار ئافرەتەکەی تریش گەیشتنە تەمەنی بێزاری بە بێ هیوایی ، دەستیان بەرزدەکردەوە بۆ ئاسمان و داوای سکیان دەکرد ، بە ناو بانگی هەموو پێغەمبەران و پیرۆزەکانیان دەکرد ، هیچکامیان وەلامیان نەدەدانەوە ، بێهودە بانگی خاتوونی پیرۆز و پیرۆزەکانی دیکەیان دەکرد .

دەبێت پیاو هۆکار بێت ؟

نابێت ، پیاو چ پەیوەندیەکی بە سکی ئافرەتەوە هەیە ؟!

لەژێر پەراسوەکانیدا هەستیکرد ماسولکەکانی هەڵدەسن ، لە مێشکیشیدا ماسولکەیەکی دیکە هەیە ئەو بیرۆکەیە وەدەر دەنێت ، ئەو پەڵە ڕەشەی سەر نێوچاوانی لەوانەیە سۆزی دایکایەتی بێت ، یان لەوانەیە سۆزێك بێت بۆ ڕەحمی دایك .

- ئایا دەبێت دایکی بە زیندویی خرابێتە ناخی زەویەوە ؟ هەر ئەمەش وایلێکات بە تەشوێکە زەوی هەڵکەنێت سەرباری مەحاڵی کارەکە ؟

دەیتوانی بە ڕاکشاوی بە دەوری زەویدا بسوڕێتەوە و بگەڕێتەوە هەمان خاڵی دەستپێکردن ، پیاوەکە لەوێ بوو هێند نەبوو لە کارەکەی گەڕابۆوە ، ڕووخساری تاریك و خاڵە وردە ڕەشەکانی دەموچاویشی لە زیادبوندایە .

- ئاشکرات کردم ؟

- مەبەستت چیە ؟

دەزانم دەسوتێیت بۆ تۆڵەکردنەوە لێم ، بەڵام ئاگادارت دەکەمەوە ، ئێمە لە هەموو شتێکدا هاوبەشین ، بەڵکو تۆ بەردەوام هانت دەدام لە دژی خاوەن شکۆ، منیش بە هەموو توانام بەرەنگاریم لە فریودانەکانت دەکرد ، گەر ڕۆژێکیش من خۆمدا بە دەستەوە ئەوا هۆکارەکەی بێ هیوابوونە لە چارەسەرکردنت ، بەڵێ ، تۆ پارچەیەکی چەماوەیت و تەنها بە شکاندنی چارەسەر دەکرێت .

سنگی لە جووڵە کەوت و خەریکبوو دەخنکا ، ئەو پیاوێکی بێ ویژدانە ، لە ژیانی پێشوتریدا پیاوێتی زیاتر بووە ، دەیویست بە چەند ووشەیەکی قەتیسکراو هاوار بکات و ڕزگاری بێت ، چەندین ووشە کە پێویستە پێش کۆتایی هاتنی جیهان بیدرکێنێت ، ووشەی ناشرین ، تامی وەك سەرگێژ خواردنە ، ئافرەتان لە جێگەدا لەبەرخۆیانەوە بە پیاوی دەڵێن ، پلەی گەرماش توانای تواندنەوەی شەرمی هەبوو و بە جووڵەیەکی لێوی پیاو کردە ناشرینەکە دەگۆڕێت بۆ کردەیەکی پیرۆز .

- نامەوێت هیچ کەسێك بزانێت چی ڕوویداوە ، ڕۆژێك دێت و دەتوانین هەموو شتێك لەبیر بکەین و بەیەکەوە ئاهەنگ بگێڕین بۆ جەژنی خاوەن شکۆ ، دەستم بدەرێ .

وە گۆچانێکی درێژ دەستی بۆ درێژ کردبوو ، پێش ئەوەی دەستی بداتێ بە هەر پێنج پەنجەکەی چنگی پێدا کردبوو ، پەنجەی گەورە چەندین پەڵە و گرێ پێستی لە ڕەنگی نەوت .

شەو بێهودە ویستی دەستی لە دەستی بکاتەوە و هەڵگەڕایەوە لاتەنیشتەکەی دیکەیی و ڕویکردە دیوارەکە .

- بەڵێ ، بەیانی کاتێك دەچێتە دەرەوە بۆ کارکردن هەڵدێم .

لەوکاتەی لە دیوارەکە وورد دەبۆوە خەوی لێکەوت ، خۆیی بینی لەسەر پردەکە دانیشتووە چاوەڕوانی ڕووناکیەکانە ، کاتێك تاریکی دادێت بێدەنگی باڵی دەکێشێت ، دواتر خاڵەکانی ڕووناکی لە دوورەوە دەردەکەون ، زیاد دەکەن وەك ئەوەی بە هەزاران و بە ملیۆنان لە دایك ببن بێ ژمارە وەك ئەستێرە ، هەموو لە تیشکێکی سپیدا کۆدەبنەوە و بە ئاسۆوە دەلکێن ، دادەبەزێتە سەر ڕووکارەکە و بە چرپە بە گوێیدا دەڵێت : خاتوونی پیرۆز .

هێی ؟ تا ئێستا چیت کردووە ؟! ئایا بەو شێوەیە وەك مانگایەکی نەخۆش ڕادەکشێیت ؟!

لەژێر بەتانیەکەوە جەستەی گورج کردەوە ، ڕەشەباکە تەپوتۆزی ڕەشی دەهێنا ، ڕێچکەیەکی زۆر لە ئاسمان و ناخی زەویەوە ، پیاوەکان بەرمیلەکان پڕ دەکەن ، لە دوورەوە لەسەر هێڵی ئاسۆ وەك سێبەری بچووکی ڕەش دەبینرێن ، بە قەبارەی منداڵان دەستەکانیان لە هەوادا دەجوڵێنن وەك ئەوەی یاری بکەن ، هەوڵ دەدەن ئاوی ڕووبارەکە بکەنە چەند سەتڵێکی بچووکەوە ، یان بەتاڵکردنی ئاسمان لە هەوا بۆناو تەنەکە .

ملی نوشتایەوە هەوڵ دەدات سەیری ئافرەتەکان بکات ، بەرمیلەکە لەسەر سەری جێگیرە ، چیتر تەنها دڵۆپێکی لێ ناکەوێتە خوارەوە هەرچەند سەری بجوڵێنێت ، گەیشتن بە ئافرەتەکان پێویستی بە خزین هەبوو لە لێژگانیەکەی بوبووە لیتەی نەوت، لە نیوەی ڕێگە وەستا ، لە ئاسۆوە سەیری بەرزاییە ڕەشەکانی کرد ، خانووەکانیش لە سەرەوە زیاتر ڕەش بوون ، سەربانەکانیش نوقمی تاریکی داپۆشراو بە بەرمیلی هەڵگەڕاوە ، چەندین هێلانەی کۆتری پەڕ ڕەش وەك شەمشەمە کوێرە ، لوتکەی مینبەرەکان و سەری گۆڕستانەکان وەك خاچی بەرزکراوە ، ناوی ئەم گوندەی نەدەزانی کە بە ڕێکەوت خۆیی تێدا بینیەوە ، پێیان دەوت جێ نزرگە ، بەڵێ ، ئەمە چ جێ نزرگەیەکە لێی هاتۆتەدەر ؟

ئافرەتەکان دەستیان بەرزکردەوە و بە جوولەیەکی بەهێزی ملیان و خۆ لارکردنەوەیەکی جەستە بەرمیلەکانیان داگرت ، لەسەر لێواری بەردێك دانیشتن کە قەوزەی ڕەش دایپۆشیبوو، زەوی تەڕ بوو . بێدەنگی وەك لوورەی بایە ، سەر ڕووی گۆماوەکە لەژێر ڕووناکیەکی لێڵدا شەپۆل دەدات ، شەپۆلەکان یەك بەدوای یەکدا کۆ دەبنەوە و چەندین قەوزەی ڕەش کەڵەکە دەکەن ، بەرزاییەکانیش وەك دیوار شوێنەکەیان تەنیووە هەموو شتێکی لە جیهاندا لە پشتیەوە داگیرکردووە .

ئەو لە ناوەڕاستدا دادەنیشت ، وەك چۆن پوری لە ناوەڕاستی ئافرەتەکاندا دادەنیشت ، یەکێکیان لە گیرفانی دشداشەکەی کاغەزێکی نوشتاوەی دەرهێنا ، پیتەکان بە ڕەنگی ڕەش بوون بە دەست وخەتی مێردەکەی یان سەرۆکی کارەکەی و بێگومان مۆری خاوەن شکۆش .

ئافرەتەکان ملیان هێنایە پێش هەوڵی خوێندنەوەیان دەدا ، پیتەکان سەیر بوون وەك پێی سیسرکە ڕەشەکانی شەوان .

- ئەمە ترسناکە .
- ئایا ڕێگەیەك هەیە بۆ ڕزگارکردنی ؟
- هاوکاریکردنی بۆ هەڵاتن ؟
- ئای ، بەڵام .

لە ئاست ئەم ووشەیەدا ئافرەتەکان لێوەکانیان لە بێدەنگیدا جوتکرد ، گوێی لە دەنگێك بوو لە هەناسەی خەفەکراوی دەکرد ، هەوایەکی گەرم لە سنگەوە دەهاتەدەر ، یان لەوانەیە دەنگی کشانەوەی ڕوح بێت لە جەستە ، لێوەکانی کرانەوە لە شێوەی هاواردا . بەڵێ ، هەمووومان پێویستمان بە هەڵاتنە ، بەڵام بۆ کوێ و جیهان بەتاڵە ، پێشتریش ، بەڵێ ، پێشتریش چەندینجار ئەم ووشەیەم پێ

وتوون ( یەکگرتن ) . بەڵام درکاندنی ئەم ووشەیە قەدەغەیە ، وەك ئەوەی شەیتان یان خواوەندی مردن سخمت بێت .

سوخمات ؟

پێویستە درکاندنمان ڕاست بکەینەوە ئەمەش لە دەست خۆماندایە لەبەرئەوەی زمانی درکاندنمانە .

شایستە نابین گەر لە دەستانێك وەری بگرین دەستی ئێمە نین .

بەم شێوەیەش ڕێگە بەخۆمان دەدەین شتی وامان بەسەردابێت کە ئاژەڵیش قبوڵی نیە .

ئێمە تەنها ژمارەیەکی دیاریکراومان لەبەردەستدایە سەبارەت بەو شتانەی کە دەتوانین بە دەستمان ئەنجامی بدەین .

بۆ نمونە هەڵاتن ؟

لەسەر پێی خۆمان هەڵدێین ، ئەمە ڕوونە ، لەسەر پێی خۆمان نەك پێی خەڵکانی دیکە .

ئەی بلیتی گەشتکردن ؟

ئای بیلیت !

پێویستە داوای کرێکانمان بکەین .

هەموو بە یەك دەنگ هاواریانکرد ، ووشەکە وەك تۆپێك ڕووناکی لێهات لەم دەم هەڵدەدرا بۆ ئەو دەم ، وەك دیوار دەیدا بە تاریکیەکەدا ، دووبارە دەگەڕایەوە و هەوا هەڵی دەگرتەوە بۆ دەمە کراوەکە ، دەچووەوە ناوی بۆ ئەو شوێنەی پێش دەرچوونی و بێدەنگی باڵی دەکێشا .

ئایا ئێمە پێشتر داوای کرێکانمان نەکردووە ؟

- بۆ نووسین ؟
- بەڵێ .
- ئێستا ئەم ئامێرەت هەیە و چیتر پێویستت بە زانینی خوێندن و نووسین نەماوە .
- بەڵێ ، بەڵام خاوەن شکۆ نووسینێکی پێویستە بۆ جەژنی لەدایکبوونەکەی سبەینێ .
- بەڵێ ، ئامێرە نوێکەت دەتوانێت لە چەند خولەکێکدا نووسینەکەی ساڵی ڕابردووت بۆ کۆپی بکات وایە ؟
- بەڵێ ، دەزانم ، من ئەوە دەزانم .
- کەواتە چ شتێکی نوێ هەیە ؟

بەهۆی غەریزەوە هەستی بە هەموو شتێك دەکرد ، لە ناخیدا شپرزەیی تەشەنەی دەکرد ، کەواتە خۆپیشاندان چ سودێکی هەیە ؟ خۆشاردنەوە هیچ پێویست نیە ، هێشتا شتێك لە نەوین لە نێوانیاندا مابوو ، پاشماوەی خۆشەویستی ژیانی ڕابردووی ، بەڵام با هەڵیکردوو شەپۆلی نەوت هەموو شتێکی ڕامالێ .

گوێی لە دەنگی پیاوە پۆلیسەکە بوو چاپی دەکرد بە ئامێری چاپەکە و بە کورسیەکەوە بە دەوری خۆیدا دەخولایەوە .

- وەك دەبینیت ئافرەتەکە بۆ پشوو چۆتە دەرەوە .
- بەڵێ ئەم جۆرە حاڵەتانە بونەتە شتانێکی ئاسایی ، لەهەر سێ ئافرەت یەکێکیان دەچێتە دەرەوە .
- ئایا ئەمە نەخۆشیەکی نوێیە ؟
- بەڵێ ، ئێمە لە بواری پزیشکی دەروونیدا پێی دەڵێین شیزۆفرینا.

ووتی ( ئێمە لە بواری پزیشکی دەروونی ) ملی بە گۆشەیەکی تیژ بۆ ئاسمان بەرزکردەوە و پایپەکەی دەمی لەراندەوە .

- مەبەستت ئەوە ببێتە دوو کەسێتی ؟
- نەخێر ، لە دوو کەسێتیدا ئافرەتەکە و کەسەکەی دیکە دەبنە دووانەیەکی بەزۆر گونجاو ، بەلآم لە شیزۆفریناداا ئافرەتەکە خۆی دەبێتە ئەو پیاوەی دیکە واتە دەبێتە یەك کەسێتی . تێگەیشتیت ؟
- بەڵێ ، ئەوە دەزانم ، بە هەرحاڵ ئەنجامەکە یەکە .
- بێگومان ، بەلآم حاڵەتی دوو کەسێتی بوون حاڵەتێکی سروشتیە و هەموو ئافرەتانیش دەچنە ئەم خانەیەوە .
- بەڵێ ، ئەوە دەزانم ، بێگومان تەنها ژنەکانمان نەبێت .
- بێگومان ، لەبەرئەوەی ئێمەی پیاوان لەیەکتر جیاوازین ، چونکە ئێمە لە وەچەی مرۆڤێکین دەچێتەوە سەر پێغەمبەران ، ئایا گوێت لە ووتارەکەی خاوەن شکۆ نەبوو بەبۆنەی جەژنی لەدایکبونیەوە ؟!
- بەڵێ ، گوێم لێبوو ، ووتارێکی مێژوویی بوو ، ئەوەم لە نوسینێکمدا لە ڕۆژنامەدا نووسیوە و لەوە دەچێت خاوەن شکۆ بینیبێتی .
- لەوانەیە لانی کەم وێنەکانی بینیبێت ، چونکە وەك دەزانیت خاوەن شکۆ خوێندەواری نیە .
- بەڵێ ، دەزانم ، هیچ عەیبەیەکیش لەوەدا نیە ، هەموو پێغەمبەرانیش خوێندەوارییان نەبووە و لەگەڵ ئەوەشدا جیهانیان بەرەو چاخێکی نوێ بردووە .

- بەڵێ ، ئەوە دەزانم ، بەڵام خاوەن شکۆ حەزی بە وێنەی ڕەنگاو ڕەنگ بەتایبەتیش وێنەکانی خۆی بێزار نابێت لە سەیرکردنیان لە ڕۆژنامەکان و سەر شاشەکان ، وایە ؟
- بەڵێ ، ئەمە سروشتیە بۆ پیاوێکی گەورەی وەك ئەو کە بەرەو چاخی نەوتینی نوێمان دەبات .
- بەڵێ ، نەوت چ عەیبێکی هەیە ؟
- هیچ ! تەنها .
- تەنها چی ؟
- هیچ شتێك .
- وا هەست دەکەم بتەوێت شتێك بڵێیت . دەی مەترسە قسە بکە .
- هەرگیز تەنها شتێکی بێ نرخە ، کاتێك ئەمڕۆ لەکارەکەم گەڕامەوە کاغەزێکی بچووکم بینی ؟
- کاغەزێکی بچووك ؟
- بەڵێ ، لەسەر کورسیەکە لە تەنیشت سیسەمەکە .
- بەڵێ ، لەسەر کورسیەکە لە تەنیشت سیسەمەکەوە ، ئەوە دەزانم .
- چۆن زانیت ؟

وەك مردن بێدەنگی باڵی کێشا ، تەنها گوێی لە زیکە زیکی پانکەکە بوو ، هەروەها پچڕ پچڕی هەناسەکانی . دواتر دەنگی یەکێکیان لە دوورەوە و بە خەفەکراوی هاتە گوێی وەك ئەوەی لەناخی زەویەوە بێت .

- ئەی چی بۆ نووسیت لە کاغەزەکەدا ؟

- بەڵێ ، هیچ شتێك ، تەنها لەبەرئەوەی بۆ پشوو چووە دەرەوە ، ئەمە هەموو شتێکە .
- ئایا ئەمە هەموو شتێکە ؟
- بەڵێ ، ئەمە هەموو شتێکە .
- بەڵێ ، منیش کاغەزێکم دۆزیەوە .

جارێکی دیکە وەك مردن بێدەنگی باڵی کێشا ، هەوا لە جووڵە کەوت ، پانکەکەش لە زیکە زیك کەوت . هەناسەکانی وەك ئەوەی بە تەواوی وەستابێت .

لەسەر سەرینەکە سەری جووڵاند . پیاوەکە ڕاکشابوو و چاوەکانی کراوە بوون ، لەناکاو و لە تاریکی شەودا پێکەنینێك دەنگی دایەوە ، پیاوەکە بوو بە دڵنیاییەوە پێدەکەنی ، لەوانەیە بە پێکەنین شتێکی دیکەی شاردبێتەوە ، ڕووخساری لە دیوارەکە بوو و نەیدەزانی بیر لەچی دەکاتەوە ، بەڵام کاتێك گوێی لە دەنگی پێکەنینەکەی بوو ئەویش پێکەنی و ژیان بەشێوەیەکی باشتر دەهاتە پێشچاو .

- بەڵێ ، لەبەرئەوەی توانای ئەوەی هەیە پێبکەنێت ئەوا لانی کەم هیچ پێویست نیە ئەمشەو هەڵبێت و دەتوانێت لە نووستن بەردەوام بێت . بەیانیش هەوڵێکی نوێ دەست پێدەکات .

کۆتایی

کتێبی داهاتوو

یادەوەرییەکانم لەبەندیخانەی ئافرەتان

# لەزنجیرە بڵاوکراوەکانی
# یەکێتی ژنانی کوردستان

١–خەرمانی یەکەمین فیستیڤاڵ

٢–ژن لەدنیای کاریکاتێردا

٣–ئەنفالی سێ و کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکان... نووسینی هێمن باقر بەرهەم عومەر

٤–روخساری ژن لەجیهاندا ئوستورالیا — و/ شەیدا سەلاح

٥–ژن لەسەردەمی دیموکراسیدا — و/ سۆزان جەمال

٦– روخساری ژن لەجیهاندا – تایلەند — و/ شەیدا سەلاح

٧–حەرەم سەرا — و/ لەیلا عەلی

٨– عەشق و خۆشەویستی لەنێوان وەهم و خەیاڵدا — نووسینی/ سەروەر کەریم

٩– جەلاد ستەم دەکات قوربانی لۆمەدەکرێت — و/ شۆرش محەمەد حسێن

١٠– پێگەی ژن لەکۆمەڵگەی کوردیدا — ئا/ کنێر عەبدوڵلا

١١– گوناهەکانی ژن بوون و ستەمەکانی جەستە — ئا/ لەیلا عەلی

١٢– ژن لەبازنەیەکی داخراودا — نووسینی/ کنێر عەبدوڵلا

١٣– روخساری ژن لەجیهاندا – ژاپۆن — و/ شەیدا سەلاح

١٤– بێ یاری هیچ گەشەکردنێك نابێت — و/ سەمەد مەلا ئەحمەد

١٥– فەرهەنگی ژن لەنێوان کۆیلەبوون و شیعردا — نووسینی/ شیرین تاهیر

١٦– تابەیانی — نووسینی/ لەیلا سیمایی

١٧– ژنانی شاخ — ئا/ روخۆش عەلی

١٨– کارابوونی ژنان لەبواری کاری بەرهەمهێنەردا — و/ کامیل محەمەد قەرەداغی

١٩– ئازارەکانی من — ئا ئاواز عەبدوڵلا– سۆران مەهاباد حەمەرەزا

نرخی (۲۰۰۰)

## ئەم رۆمانە

سەبارەت بە ئافرەتێکە چۆتە دەرەوە بۆ پشوو و نەگەڕاوەتەوە بە پێی یاسا شاردنەوە و داڵدەدانیشی قەدەغەی
لەبەرئەوەی ئافرەتان بۆ پشوو نەدەچوونە دەرەوە . گەر چوبێتیشنە دەرەوە ئەوا بۆ تەوالێت، یان شتێکی
پێویست دەبوو و پێویست بوو پێش چوونە دەرەوەش نوسراوێکی ڕێگەدانی مێردەکەی یان مۆرکراوی سەرۆکی
کارەکەیی هەبێت . ئیدی بۆچی چۆتە دەرەوە . . . ؟!

writing by:

Dr. Nawal Saadawi

Translated by:

Jivara Kamal

لەزنجیرە بڵاوکراوەکانی
یەکێتی ژنانی کوردستان